ئەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکە پێشکەشە

بەو خانمەی لە داهاتوودا دەبێتە هاوژینم

تائێستاش نازانم کێیە ......

# نهێنییەکانی سەری زمانی
# من و گۆی مەمکەکانی تۆ

**بۆ ناتاشا**

**چاوم لێیە تەمەنت دڵۆپ دڵۆپ دەتۆێتەوە.**

**بەناخی زەوییەکی ووشکدا دەچۆڕێ وگوڵێك لە**

**جێگەیان سەوزنابێت**

## پێش ووته

## ژیان چۆن خۆشه

ژیان چی یه ..؟پرسیارێکی گەلێك جوان و گرنگە ... خۆزگە هەموو مرۆڤەکانی گۆی زەوی لە ڕاستی ژیان دەگەیشتن . ژیان هەلێکە  یاخود دیارییەکە و سروشت یان خوا ( ئەگەر هەبێت ) پێشکەشی مرۆڤی کردووە . مرۆڤ ئەگەر زیندەوەرێك  بێت , لە کۆمەڵە زیندەوەرکانی سروشت , ئەوە مرۆڤ زیرەکترین , جوانترین , بڤەترین زیندەوەرە .

ئێمە گشتمان بەرهەمی سروشتین  و با باسی ژیانی مرۆڤ بکەین .

مرۆڤ دوای مردن و دوا هەناسەی ... نە جارێکی تر هەناسەدەدا و نە هیچ خۆشیەك دەبینێتەوە . ( کێ لە دونیایەکی ترەوە هاتۆتەوە ) ؟ ئەو نووسینانەشی لە سەر بوونی بەهەشت هەن , کۆمەڵە دەقێکن و تەنیا بۆ گەوچکردن و حۆلکردنی مرۆڤ نووسراون و بەس . کەواتە مرۆڤ پێویستە تا دەمرێ بە بەختیار بژی . بە ختیارییەك کە بە شێوەیەکی مرۆیی مسۆگەری بکات , نەك بە قۆرخکردن و زەوتکردنی بەختیاری و ژیان و ئازادی و نانی کەسانی تر . ئا لێرەوە کێشە خوێناوییەکانی نێوان مرۆڤەکان دروستدەبێت .

فرۆید ( 1856) لە مۆراڤیا لە دایك بووە . لە بواری دەروونناسیدا بەیەکی لە بەناوبانگترین زاناکان دادەنری . ئەم بەڕێزە بە تۆیژینەوە و پشکنینە زانستێکانی , دەروونی مرۆڤی هەڵتەکاندوە وەك ئەندازیارکی هوشیار ڕێگەی ژیانی ڕۆشن و مرۆڤی بە خود ئاشناکردووە , بەوەی پەردەی شەرم و تابۆی کەنیسە وترادسیونی کۆمەڵگای لە سەر ڕاستی دەروونی مرۆڤ هەڵماڵی . لە سێ وتاردا کە لەساڵی (1905) لەمەڕ سێکس نووسیویەتی .زۆر نهینی ئاشکراکردوە کەلەپێش ئەو سێ وتارەوە . مرۆڤ پێ نائاشنابووە . فروید پێیوایە ئارەزووی سێکسی هەر لە سەردەمی منداڵیەوە واتە سەردەمی شیرخواردنەوە لە لای منداڵ

دروستدەبێ و منداڵیش ئارەزووە سێکسیەکانی بە مژینی گۆی مەمەکەکانی دایکی کپدەکات . کە پێیدەڵی قۆناغی ( دەمی . oral phase ) . ئەولەوسێ وتارەدا ئەو قۆناغانەی تواناو حەز وئارەزووی سێکسی لای مرۆڤ دروستدەکات , بە جوانی دەستنیشان و شیکردۆتەوە .

کاتی خۆی وەرگرتنی ئەم زانستی و تۆێژینەوانە لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا گرفتێکی گەورەی دروست نەکردبوو . ژیانی فرۆید یشی نەخستبووە دۆزێکی بقەوە . وەلێ لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و گلۆبالیزمیشدا , لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی کەلەبەردی دواکەوتوودا , پەیڤین لە مەڕ سێکس و پێداویستیەکانی ڕۆحی مرۆڤ , جوانی سروشتی ئافرەت و ڕێز وبەهای مرۆڤیان, وەك پێداویستەیەکی پیرۆز بۆ ژیان تابۆیە . هەر نووسەرێکیش لەو کۆمەڵگایانەدا ئازا بێت و گەرەکی بێت تۆێژینەوەیەك یان بابەتێکی بەنرخ لە مەڕ سێکس وئافرەت بڕەخسێنێ .دەبێ چاوەڕیی سزای شمشێر بێت . ڕاستە سێکس هەمووشتێك نیە , وەلی پڕۆسێسێکی گەلێك پیرۆزە بۆ ڕازاندنەوەی چرکە و ساتەکانی مرۆڤ . سێکس مرۆڤ لە گرفت و تەزووە شێتیە ڕۆحیی و جەستەییەکان ئارام دەکاتەوە , بەردەوامی بە ژیان دەدا و جوانی دەکات .

جوانترین کاری خوا دروستکردنی دووجەستەی جیا ( نێر و مێی ) یە . نەك لە مرۆڤ ( ئافرەت و پیاو ) دا , بەڵکو گشت جووتە نێرو مێکان پێویستیان بە یەکتری , واتە بۆ جوانی , خۆشی و بەردەوامی و گەشەکردنی ژیان هەیە . یانی هەموو نێر و مێیەك بەیەکەوە جوانن . بە جووتبوونی دووهەلآلەی جیا دوو گۆڵ , گۆلێکی تر دێننە بوون .ئەگەر سروشت وەك باخچەیەك پێناسە بکەین , ئەوە جوانترین گوڵ (گوڵەئافرەتە) . ئافرەتی گوڵ زۆرجوانتردەبێ , بۆنخۆشتردەبێ , بەکەڵکتر دەبێ , بەرێزتردەبێ . ئەگەر جوانی خۆی , بۆنی لەشی خۆی , هەست و حەزی ڕۆحی خۆی , تێکەڵاوی بوونە سروشتێکانی پیاو بکات . ئەگەر بە هەردووکیانیش ( ئافرەت وپیاو ) بوونێکی تر (منداڵ) نەهێنە بوون .ئەوە ساتەکانی پێکەوە بوونیان والآ وڕەنگاڵەی و (بۆندار ) دەکەن . نووسەری کورد مامۆستا ( شێرزاد حەسەن ) لە چیرۆکێکدا ژووری نووستنەکانی شاری سلیمانی , گشتی بە بۆگەن دادەنێ . مامۆستای بەڕێز تەنیا چیرۆکنووس نییە بەڵکو مامۆستایەکی کۆمەڵایەتی و دەروونناسیشە . زۆر جوان لە پەیوەندیە ڕۆحیەکانی خەڵکی ئەوشارە تێگەیشتووە . بۆ ؟ چونکە سێکسەکانی جووتەکانی ئەو شارە بە ڕۆح وڕێزەوە ناکرێ . جەستەکان , ڕۆحەکان بەیەك نامۆن , چونکە

بەیەكگەیشتنەكانیان لەویستی ڕۆحەوە نەییە بەڵكو لە ویستی نێرینەی ماڵ و ویستی كولتورێكی دواكەوتوو وە دەبێ . لە جیاتی بۆنی ڕەسەنی رۆح , لە ژووری نوستنەكاندا بۆنی جەستە درۆزنەكانیانی لێدێ . هۆی ئەو تاوانانەش كۆمەلگای ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی كۆمەلگای مرۆڤە سەقەتەكانن . ئەگەر لە پیرۆزترین هێلانەی مرۆڤایەتیدا ( ماڵ ) ناو خێزان . تۆوی ماچی درۆ چێنرا و سێكسی بێ ڕۆح كرا . ئەگەر دایك و باوكێك یەكتریان خۆش نەویست , چۆن دەتوانن منداڵ بە خۆشەویستی پەروەردە بكەن .؟ خۆشەویستی نەك تەنیا بۆ جەستە , بەڵكو بۆ ژیان و مرۆڤە . كۆمەلگایەك ( خۆشەویستی تیدا تابۆ بێت ) دەبێت ژیان تێیدا چۆن گوزەر بكات و چ مانایەكی هەیە ؟ ئاخر وایە , لەساڵی 2004 دا چەند ئافرەت لە كوردستاندا ڕۆژانە بە زۆر بە شوو دەدرێن ؟ خۆشەویستی چەند ئافرەت لە سەر ویست و كەڵەگایەتی باوك , برا, مام , خاڵ , ئامۆزا نێرینەی خێزان دەبێت بە قوربانی؟ .

شتێكی نۆیم نەنووسیوە ئەگەر بنووسم پەیڤین . نووسین , توێژینەوە , فلیمكردن , وێنەگرتن لە مەڕ سێكس و پەیوەندی بە هۆشیاری كۆمەلگاوە هەیە .من دەزانم بۆ نووسەرێكی كۆمەلگایەكی دواكەوتووی وەك كوردی ئیسلام كە تائیستاش

بابەخولیانە بە دەوری (خرافیات ) پوچەڵایەتی , بە تایبەتیش بە وشێوە ( ستیلە ) نوێیەی من پێیدەنووسم کە ئازادییەکی تەواوم بە خۆم داوە . نووسین ئاسان نییە. چونکە ئەگەر من گەرەکم بیت ئازادی مرۆڤ بەرێز بگرم , ئەوە دەبێ لە کار و نووسینەکانمدا ئازاد بم .

ڤایرۆسی سیستەمی پیاو سالاری لە کۆمەلگادا کە تێیدا مامەڵەی ئاژەڵ لە تەك ئافرەتدا دەکەن , بەری کولتورێکی دواکەوتووە , کە ئیسلام وەك تاعوون بۆ بەشێکی مرۆڤی هانیووە .چونکە پابەندەکانی قورئان لە سەرچەوسانەوە و کوشتنی مرۆڤ ڕاگیراوە .قورئان 174 جار داوای کوشتنی مرۆڤ دەکات . لە سورەتی ئەنفالدا (گوڵ ئافرەتی) لە ئاستی ئاژەڵدا داناوە. بۆیە ( ئافرەت ) وەك هوشتر و وەك ( غنیمە ) دەستکەوت دەژمێرێ. پیاوانی کەلەبەردی ئیسلام , وە نەبێ شێتی سێکس و حەیرانی لەشی نەرم ونیانی ئافرەت نەبن , بوونی ( 9 ) ژن و ( 2 ) ئافرەتی ماڵکار ( 11 ) ئافرەت لە ماڵەکەی محەمەد ( پێغمبەری موسوڵمانەکان ) دا خۆناکری بڵێین گشتی بۆ کاری ماڵ و جلشتن , خۆراکدروستکردن ڕاگرتبێت ؟ ئەو پیاوە ( محەمەد ) نەك لە تەك ( 9 ) ژنەکەیدا سێکسی کردووە بەڵکو لە تەك هەردوو ئافرتە ماڵکارەکەشدا سێکسی کردووە . مەگەر هەر خوا و ئەو

ئافرەتە کۆیلانە بزانن شەوانە ئەو محەمەدە چەند جار دەست وقاچ و ناوگەڵی ژنەکانی لستبێتەوە . کەچی پەیڤین ونووسین و توێژینەوەی لە مەڕ سێکس قەدەغەکردوە. کە دەزانرێت پڕۆسێسی ( سێکس کردن ) پیرۆزترین پڕۆسێسە کە مرۆڤ پێویستە لەسەری بدوێ . کۆمەلگای نێرینە ( پیاو سالاری ) یانی کۆمەلگای نایەکسانی و پێلیژکردنی مافی نیوەی کۆمەڵ ( ئافرەت ) . ڕاستە ئافرەت تەنیا بۆ سێکس دروست نەبووە , کە لە سەر سێکسیش دەدوێین تەنیا ئافرەت ناگرێتەوە . چونکە بەشێك لە سێکس پیاوە . باسکردن لە سێکس یانی باسکردن لە حەز و وێنە جوانەکانی ژیانی (ئافرەت وپیاو ) . وەلی کە نێرینەیەك ( پیاو ) باس لە سێکس دەکات جوان ونیانە ئەگەر بنووسێ , بۆنخۆشترین هەناسەی سێکس لە گەرووی ئافرەتەوە دێتە بوون .بە هەمان شێوەش ئافرەتی هۆشیار ئەگەر وا بڕوانیتە ڕۆڵی پیاو لە ئیستاتیکای سێکسدا ئەوە جوان ونیان بینە .

من دڵنیام لەوەی لە کۆمەلگای نێرینە و دواکەوتووی کوردا , ئەوانەشی پێیان شەرمە , خەوشە , بڤەیە , پەیڤین لە سێکس و جوانی و بەهای بەرزی ئافرەت بکرێت , ژن و کچەکانیان ( پەڕۆڕوو ) ( محجبە ) دەکەن. ئەگەر ئەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکەیان دەستبکەوێ تا دوا وشەی دەخۆیننەوە . لە کاتی

خوێندنەوەشیاندا ناودەمیان تەڕو ناو گەڵیان ئاگر دەگرێت . وەلێ ڕێگە نادەن ژن و کچەکانیان بیخوێننەوە . ئەمەشیان هەر لەماکی ڤایرۆسی کۆمەڵگای ئیسلامی وسەرچاوەی کۆمەڵگای پیاوە سەرچاوەی گرتووە , کە هەمووچێژێکی جەستەی و ڕۆحی بۆ خۆیان قۆرخدەکەن . مەبەست لە نووسینی ئەم کورتە چیرۆکانە بەم شێوەیە (ستیلە) نوێیە, لێدانی زللەیەکە لە بیرکردنەوەی پڕێمتیفی کورد .

نووسینی چیرۆك تەنیا لە پێناوی ئیستاتیکا و گێڕانەوەی ڕووداوە وێڵکراوەکاندا نییە , بەڵکو نووسین بە گشتی لە پێناوی گۆڕینی بارودۆخی نەرێتی بۆ ئەرێتی ( نگیتیفە بۆ پۆزەتیف ). جەنگە بۆ ئاشتی , گرفتە بۆ ئارامی وکەشێکی مرۆڤایەتی .

# ئەمەكی ڕۆحی خانمی تەمارا

ڕەنگی گوڵی سووری کوڵمەکانی , تیشکی شینی چاوەکانی , هێزی بازووی جوومگەکانی . ڕۆژ بە ڕۆژ بە تەمەنێکی چاوەڕوانی دەسپارد . چ چاوەڕوانیەك ؟ چاوەروانی خۆشەویستێکی دوور ؟ یان هێژایەکی لێدابڕاو ؟ نا . ئەمانە هیچی نەبوون ... کردبوویە پیشە و تا دەگەیشتە سەر گۆڕەکەی , وەك بۆ ئیستگەی شەمەندەفەر و فرگا بچی, چاوەڕوانی هاتنی ئازیزێکی ڕۆحی بێت و ساتێ زووتر بۆنی غەریبی و ماوەی لێکدابڕانیان لە جەستەی هەڵمژێ و چەپکە گوڵی پیشکەش بکات . ئاوا چەپکە گوڵە گەشەکەی لەباوەشدەگرت چاوەکانی لە جێگەی هەنگاوەکانی گیر دەکرد و ئاوڕی بەهیچ لایەکی خۆیدا نەدەدایەوە . وبەرە و گۆڕستانەکەی شار بە پەلەپەل هەنگاوی دەنا . .چەند لە ماڵەوە لە ئیش و کار و هەڵسوڕاندن و گفتوگۆدا هێمن بوو , لە سەردانی گۆڕەکەدا خێرا وشپرزە بوو . کە دەگەیشتە سەر گۆڕەکە گفتوگۆی نێوانی ڕۆحیان دەستپێدەکرد هیچ گرفت و شپرزەیی و ویستێکی لە دڵدا نەدەما . لە دونیای خودی دوور دەکەوتەوە و

دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژانی پێکەوە بوون و حەز وخۆشەویستیان . هەر لەبەر خۆشەویستی گۆڕی مێردەکەی و مێژووە نازدارەکەیان , دێیە بچکۆلە ساکارەکەیانی لێ ببووە خۆشترین شار و ناوچەی ژیان . دێیەکی بچکۆلانەی چەند ماڵی , دانیشتوانی خەریکی کشتوکاڵ و مەڕ وماڵات بەخێوکردن بوون . تاقە کەنیسەیەك و قوتابخانەیەکی سەرەتایی وبارێکی زۆر ئاسایی . لە چنگی تەکنەلۆژیا وکەپیتاڵ دوور بوو . سروشتی سادەی لادێ , سروشتی بیرکردنەوەی دانیشتوانی بەسادەیی و پاکی پەروەردەکردبوو . کە مێردەکەی مرد ماوەیەکی گەلێك زۆر بە تەنیا ژیاو ئەڵقەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تەواو تەنگ کردەوە , وەك نارەزاییەك بۆ کاری نا بەجێی خوا سەردانی تاقە کەنیسەی دێیەکەیانشی نەدەکرد . لە تەك هەردوو جگەرگۆشەکانی ( ئەنجیلا وئەنە) ی کچیشیدا بێدەنگ و مات بوو , خەڵکی مەزەنەیان وابوو,دوای مردنی مێردەکەی دەبێ تووشی نەخۆشی دەروونی هاتبی . بۆیە ئەوەندە بێدەنگ وبێ پەیوەندییە . بە مردنی مێردەکەی چووە دنیایەکی نوێ وە , دنیایەك وێنەی لە ژیانی کەسدا نەبوو . دەژیا و دەبینرا , وەلێ بە ڕۆح لە دنیایەکی تردا بوو , دنیایەکی چاوەڕوانی , ئەو

دنیاییەی کەس لێوەی نەهاتۆتەوە , نازانرێ ژیان لەوێدا چۆنە ؟ ژیانی دوای مردن !.

لە یەکەم ساتی بینین و یەکەم ماچ و باوەش وبەڵێن و خۆشەویستی و دواجار زەماوەندکردنیان و خاوەنی خیزانێکی بچوکی ئاسایی . دووکچی جوان , جوانتر لەوەی ئەوان چاوەڕێیان لەسروشت دەکرد. هەمیشە لە تەك چرکە گەوهەرییەکانی سەرەتای ژیانیدا دەژیا . هێندە یەکتریان خۆشدەویست بووبوون بە دوو پارچەی یەك ڕۆح , ڕۆحێك کە خۆشەویستی وڕێز ونیانی ژیانی تێدا پەروەردە ببوو .

هەر لە دەرگای گۆڕستانەکەوە سەری بەرزدەکردەوە , لە دوورەوە چاوی دەبڕیە باڵای کێل و چوار دەوری گۆڕەکە , تا بزانێ چڵە گیایەکی کێوی , دڕکێك بە هەڵە لە سەر گۆڕەکەی و چواردەوری نەڕوابێت و ئازاری جەستەی هاوسەرەکەی بدا , کە دەگەیشتە لای بە دەستەسڕێك ڕووی کێلەکەی دەسڕی و گوڵە سیسەکانی هەفتەی ڕابووردوی لادەبرد و گوڵە گەشە تازەکانی دەخستە ئینجانەکەی ژوور سەریەوە . بەدەم پاککردنەوەی دەوری گۆڕەکەوە , چەشنی ئەوەی میردەکەی لەبەردەمیدا وەستابێت و بۆینباخ ویەخەی کراس وملپێچەکەی بۆ ڕێکبخات. لە بەر خۆیەوە دەپەیڤی , وەك چاوەڕێی وەڵامدانەوەی پرسیار و

گۆڕینەوەی پەیڤەکانیان بێ . گوێ لە مێردەکەی بگرێت , جار جارە دەوەستا و دوای کەمێك دەکەوتەوە پەیڤین . .

کەس گوێی لە سرتە ودەنگی بێدەنگی گۆڕەکە و دەنگی ڕۆحی خانمی تەمارا نەبوو , لە خۆی زیاتر. دڵسۆزی ودڵەکزێێ و خۆشەویستی ئەم خانمە بۆ مێردەکەی , جیێ سەرنجی هەموو میوانەکانی گۆڕستانەکە بوو

– گەر وابڕوا ئەم ئافرەتە دەبێتە سمبۆڵی ئەمەك و خوشەویستی دێکەمان .

– نا ... نەك دێکەمان بەڵکو ناوچە و وولاتەکەشمان .

– هێشتا جوانی تیا ماوە و .... لە چاوەڕوانی چیدایە .؟؟؟

– چاوەڕوانی چی ؟؟؟

– ئەمە نهێنیێەکە , کەس نازانی , خۆی نەبێ !!!

– پێموایە من دەزانم .... ئەم ئافرەتە هێندە بۆ عەشقی مێردەکەی بە ئەمەکە بە مردوویش لە تەکیدا دەژی . ئێستا ئەو چاوەڕێی ژووانی هەمیشەیی میردەکەیەتی , یانی مردنە ... مردنێك بە مێردەکەی شاد بکاتەوە . ژیانی ئەو, بێ مێردەکەی مردنێکی بێ ویستە . مردن بۆ ئەو ژیانێکی بەویستە ,,,, من دڵنیام بۆیە خۆی ناکوژێ و بۆ باوەشی مێردەکەی پاڵ بەتەمەنیەوە نانێ , لەبەر دووکچەکەی , چونکە ئەو دوو کچەی

تاکە یادگارن , هەر خۆی ومێردەکەی و چواردیواری ژووری نووستنەکەیان دەزانن , ئەو دووکچە بەری چەند چەپکە ماچ و مەمك مژین و تەکانە ڕووتە ڕۆمانسییەکانی سەردەمی لاوی و خۆشەویستی مێژووی زێڕینیانە . ئا ئەو دوو کچە بۆ ئەو سمبۆڵە , سمبۆلێ مێژوویەکی پڕ سەروەریە .... ئەمانە گشتی چیرۆکن و لە ناخی ئەو ئافرەتە بە ئەمەك و ڕۆح پاکیزەدا حەشار دراون . ئەمانە سەرنجی دوو ژنی دراوسێی گۆڕی میردەکەی تەماراخان بوون .

کردبووی بە خوویەك هەموو ڕۆژانی یەك شەممە لە سەر گۆڕەکەی بەرچایی بەیانی دەکرد ... دوای پاککردنەوەی دەوری گۆڕەکە لە گیا کێوی و دڕك ودالْ و گەڵای ووشکی دەمی کزە باکان , تەختە بەردێکی بۆدانیشتن لە لای سەری گۆڕەکەیەوە تەختکردبوو , لەسەری دادەنیشت ولەجانتەکەی تەرمۆزەیەك قاوە و دوو پارچە نانی چەورکراوی ناوەخنداری پەنیریی دەدەرهانی . وەك لە تەك مێردەکەیدا بەرچایی بکات , دەستی بە نان خواردن و قاوە خۆاردنەوە دەکرد ... هێمن هێمن لە بەر خۆشیەوە دەپەیڤی . ئەمە دیمەنێك بوو سەرنجی گشت میوانەکانی گۆڕستانەکەی ڕاکێشابوو , وەلێ ئەو وادەچووە ژیانی وونی مێردەکەیەوە لە لۆژیکی ژیاندا وون دەبوو . هەستی

بەچواردەورەکەیەوە نەدەما . کە لە دوا پەیڤە رۆحیەکان ودوا قومی قاوەکەی دەبووەوە . کەلوپەلەکانی کۆدەکردەوە . جارێکی ترسەرنجی دەوری گۆڕەکەی دەدا ولە دوا کاتی ساتەکەیدا , دەستەسڕەکەی دەردەهانی و ڕووی کێلەکەی پێدەسڕی . ئەم دوا کەس دەبوو گۆڕستانەکە بەجێبهێڵێت . وورده وورده لە گۆڕەکە دوور دەکەوتەوە . کە دەگەیشتە دەرگای گۆڕستانەکە وەك نیگاداری لێبکا بە ئاستەم دەستێکی بەرزدەکردەوە ,

ماوەیەك بوو یادگار و بەرهەمی شەوە ڕووت و ڕۆمانسی وحەزەکانی سەردەمی گەنجێتیان . کچەکانی , (ئەنجیلا وئەنە ) ی نەبینیبوو , بیری دەکردن وەلێ لەوە تێگەیشتبوو کچەکانی بەم هەموو جوانی و تەمەنە خونچەییەوە ناتوانن لە دێیەکی لاپەڕ و بچوکدا بژین . قەدەرێك بوو سەری خۆیان بۆ شاری مۆسکۆ بە دوای نان و کار و پاشە ڕۆژدا هەلگرتبوو . ڕۆژێك لە گەڕانەوەیاندا بۆ لای دایکیان . ئەنجیلا و ئەنە گەیشتنە ئەو بڕوایەی پێویستە دایکیان بیر لە پیاویکی تر بکاتەوە و بەتەنیا نەژی .

- ئەم تەنیاییەی دایکم منی نارەحەت کردووە ؟ ئەنە ووتی .

- باشتر وایە لەگەڵیدا بپەیڤین ... تاکەی باوکمانی لە یاد ناچێ ؟ ئەنجێلا ووتی .
- پێموایە ئەمە گرفتێکی گەورەیە ...
- نا نهێنیەکی گەورەیە .... تۆ دەزانی دایکمان کەسێکی هوشیارە . هەرچیەك بیەوێ بیکا بە بڕواوە دەیکات .
- چۆن بڕوایەك ..؟!! بڕوا بەتەنیای و بێکەسی .؟؟.. چاوەڕێی هیوایەکە کە نایەتە دی . باوکمان مرد . تازە بۆ ژیانی دایکمان ناگەڕێتەوە . ئەبێ ئەم ڕاستییەش باش بزانێ .
- وەلێ تۆش ومنیش پەی بە نهێنی ڕۆحی دایکمان نابەین .
- نهێنی چی ؟؟؟
- منیش هەروا , پرسیار لە من مەکە ...

هەرسێکیان لە باخچە ڕوبەر تەسکەکەیماڵەکەیاندا , پێکەوە دانیشتبوون , خۆیان دابووە بەر خۆرە بێ تینەکە . خانمی تەمارا بەدەم پەیڤینەوە دانەوێڵەی بە مریشکەکان دەدا و جارجارەش گیا کێویلەکانی دەوری گوڵی باخچەکەی هەڵدەکەن ..... هەریەکەیان کۆمەڵێ گلەیی و پرسیاریان بۆ یەکتری ئامادەکربوو .

– ماوەیەکی زۆرە من چاوەڕوانم ....! خانمی تەمارا ووتی

– دایە چاوەڕوانی چیت ..؟؟... ئەنە ووتی .

– کچم وەك هەموو دایکێك , چاوەڕوانم ئەگەر هەردووکیشتان نەبن .جارێك یەکێکتان هاوڕێیەکی دڵویست , یان پیاوێکی مژدەبەخشی چارەنووستان لە تەکدا بێت.... پێم بڵێن دایکە ئەم پیاوە هاوسەری داهاتوومانە !!!

( ئەنجیلا و ئەنە بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد و هەستیانکرد دایکیان لەوان هوشیارتر و ڕوونبیرترە , بۆیە سەرەتای ویست و گلەییەکانی پێووتن .)

– کچە شیرنەکەم ... پێم ناڵێن تاکەی وا بەتەنیا وبێ پاشە ڕۆژ دەژین ؟؟؟

– دایکە تۆ پێت وایە پاشە ڕۆژی باشی ئافرەت تەنیا لە باخەڵی پیاودایە ؟؟؟ ئەنە ووتی .

– ئا کچم .... پیاوی باش بۆ ژن هەمووشتێکی باشە ... پێچەوانەکەشی ژنی باش بۆ پیاو هەموو شتێکی باشە ... تۆ سەیری شکستییە ڕۆحیەکانی خۆت مەکە ... ئەو خۆشەویستیانەی تا ئیستا کردوتن خۆشەویستی و پەیوەندی سەردەمی لاوی و هەرزەکاری بووە , پێوەر نیە بۆ ئایندەت .

کچم تۆ کچەکەی دووساڵ لەمەوبەر نیت ...؟ خانمی تەمارا ووتی

– بڕاواناکەم !!! ئەنا ووتی

– تۆ لە مێژووی خۆتەوە دەڕوانیتە ئیمرۆ . وەلێ مرۆڤەکان جیاوازن کچم سەیری ئاسمان بەشینی بکە. خانمی تەمارا ووتی .

ئەنجیلا هەروەك پیشەی هەمیشەی بێدەنگ بوو .... دایکیشی لە نهێنی ئەم بێدەنگییەی تێنەدەگەیشت . ئەنەی خوشکی نەبێ ئەویش ئەو نهێنیەی لای کەس نەدەدرکان . ئەنجیلا لە جیاتی بە ووشە هاوبەشی دایك وخوشکەکەی بکات چاوە جوانە مەستەکانی لە نێوانی دایك و ئەنەی خوشکیدا دەگێڕا .وەك گەرەکی بێت ووشە گەرمەکانی سەری زمانی بە لێوی سارد بکاتەوە , لێوە پڕماچەکانی بە سەری زمانی ناسکی تەڕکرد و هێندەی تر پڕیکرد لە شەهوەتی حەز .

دایکی ڕوویکردە ئەنجیلا ووتی :

– ئەنجیلا ... کچم ئەی تۆ بۆ ؟؟جوانیەکەت تاقانەیە , نەك لەم دێیە بچوکەدا , بڕواش دەکەم لە مۆسکۆدا وێنەت

کەمە !!! کچم بۆ تەنیای !!!؟؟؟ وامدەزانی هەر بگەیتە مۆسکۆ شەیدات زۆر دەبێت و شوودەکەیت !!!!
ئەنجیلا بەرلەوەی وەڵامی بداتەوە , سەیریکی ئەنەی خوشکی کرد ودەویست وێکرا بەهەردووکیان, وەڵامێك بۆ دایکیان ئامادە بکەن .
ووتی :
– دایکە , پیاوانی شاری مۆسکۆ لەو پیاوانە نین کە لە فەرهەنگی تۆدان .... ئەوان گۆڕان ..خۆشەویستی وئەمەك وناز فەوتان .... پیاوانی مۆسکۆ وەك کاڵا بازی وبازرگانی بەلەشی ئافرەتەوە دەکەن , منیش بەو دونیایی بازیکردن وشانۆە درۆیانەی پیاوان هێڵنجم دێ , دەزانم جوانم , زۆر پیاویش ئەمەی پێ گوتووم و پیاوانێکی زۆری ڕوس وبیانی خەو بە لەشی ڕووتو مژینی لێوو وگۆپکەی مەمکەکانمەوە دەبینن , بەڵام دایە من پەروەردەی ساکاری ئەم دێیەم . بۆ کار نەبێ . مۆسکۆ بۆ من شارێکە هەناسەی بۆگەنە . دایە گیان خەونی من لە خەونی پیاوانی مۆسکۆ زۆر جیاوازترە , تۆ گەرەکتە فلیمی سەردەمی کچینێ و دڵداری خۆتمان نیشانبدەی . ڕاستە فلیمی سەردەمی لاوێتی و دڵداری تۆ جوانە, وەلێ ئێستا فلیمەکەی تۆ بۆتە ئەرشیف . دایەگیان

سکالاّم له تەنیایی , بێکەسی , بێ ماچی و بێ باوەشی زۆرن زۆر ,! ژیانم بریتیه له کار و نووستن . ئاخر وانەبێ ناتوانم بژیم .. ئێستا سەردەمی پۆشکین نییه , سەردەمی ئۆرۆ و دۆلاره . من خەو بەوەوە دەبینم ببم به قیبلەی پیاوێکی هەست مرۆی , پیاوێك پێش ئەوەی بیر له ناوگەڵ وچێژی لەشی ڕووتم بکاتەوە . وەك مرۆڤ له باوەشم بگرێ , نەك وەك بووکەشوشەیەکی زیندوو , تەنیا بۆ ساتێکی کەمی ئارامکردنەوەی ئالۆشی ناو گەلێ . دایەگیان ئەمه خەم نییه ؟؟!! دەزانی ئێستا مۆسکۆ چییه ؟؟ شار نییه بازاڕێکه ; هەمووشتێکی تێدا دەفرۆشرێ , هەمووشتێکی تێدا دەکرِدرێ , تەنیاخۆشەویستی تیدا ناکرێ .

ئەنه بۆ ئەوەی خۆی و ئەنجیلای خوشکی له پرسیارەکانی دایکی قوتاربکات ووتی :

– دایه گیان تۆ غەمی ئێمەت نەبێ !!!! ڕۆژێك دەبێ هەردووکمان شووبکەین ,,, بەلاّم ئەی تۆ.. خۆ تەمەنی تۆش هێندە هەڵنەچووە, تا دوا چرکەی ژیانت به تەنیایی بمێنیتەوە!!! بۆ هاوسەرێ , هاورێیەك پەیدا ناکەی . لەم تەنیایی و بێکەسییەدا ڕزگارت بێت . دەزانی ئێمه هەمیشه دڵمان لای تۆیه ؟؟ لەم تەمەنەشدا تیشکی شینی چاوەکانت ,

خەندەی سێکسی و تەڕی لێوەکانت بۆ پیاوە هاوتەمەنەکانت سامانێکە ولای هەمووخانمێکی هاوتەمەنی تۆ جنگ ناکەون !! . ئا بۆ ئیمەش دڵخۆشیە کە هاوڕێ یان هاوسەرێکی ترت هەبێ , یادی بە خێر تازە باوکمان مرد . سەردانی گۆڕەکەی بێجگە لە کولاندنەوەی کۆنە برینەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادگارە شیرین و نیانەکانی سەردەمی پێکەوە بوونتان . چیتر دەهێنی بۆت ؟؟؟ .

کە خانمی تەمارا ئەم ووتانەی لە ئەنەی کچی بیست . وەك ڕەگە وردیلەکانی رۆح ودڵی ڕابکێشن , ئاوا ئازار هەموو جەستەی شەکەتکرد و ڕەنگی ڕووی گۆڕا و دەستەکانی لە کار کەوتن . بەئەسپایی وەك نارەزایی لە پەیڤەکانی ئەنەی کچی , بەر خۆرەکەی بەجێهیشت و چووە ژووری نووستنەکەیان . قەدەریکی کەم بەتەنیا مایەوە .

خانمی تامارا لە ژووری نوستنەکە لە سەر سیستەمەکەیان ڕاکشابوو . چاوی بڕیبووە وێنەکەی خۆی و مێردەکەی کە بە بەرگی سپی و بوك وزاوایەتیەوە گیرابوو. بە ڕۆح لە تەك مێردەکەیدا لە گفتوکۆیەکی پڕ گلەیی دابوو . هەروەك گللەیی کچەکانی لای مێردەکەی بکات ئاوا پشتی دەستەکانی بە سەر سەرینەکەی تەنیشتیەوە دەهانی .

- من نەمدەویست کچەکانمان هێندە بێ ئەمەك بن بەرامبەر بەتۆ ! تەمارا خانم ووتی .
- تەمارا گیان ژیان وایە  ئەوان نەوەی سەردەمێکی نوێن . ڕۆحی مێردەکەی ووتی ,
- چۆن دەبێ وا من و تۆ ببینن .؟؟ تەمارا خانم ووتی .
- لەبەر ئەوەی کچەکانمان نازانن , شەوانی دروست بوونی ئەوان چەند شەوانێکی ڕۆمانسی و پڕماچ و تەکان و حەز و خۆشەویستی شتە جوانەکانی پێکەوە بوونمانن ...ئەوان ئاگایان لە چیرۆکی ئەو شەوە ناسکانە نی یە کە ئەوانی هانیوەتە بوون . ڕۆحی میردەکەی ووتی .

لەم گفتوگۆیەدابوون کەئەنجیلا وئەنە هاتنە ژووری نووستنەکە . لە تەنیشت دایکیانەوە پاڵکەوتن , دەستیان کردە ملی دایکیان تەماراخانیش باڵەکانی بۆ ڕاخستن و سەری هەردووکیانی بە خۆوە نوساند و بە ناسکی ماچکردن .

هەرسێکیان بۆ ماوەیەك خەریکی شیکردنەوەی  ویست و خەیاڵە ئاڵۆزکاوەکانیان بوون .

- کچەکانم دەتانەوەی بژین و بەختیار بن ؟؟؟

هەردووکیان ووتیان بێگومان دایە گیان . بێگومان .

– خۆشەویستیەکی دەروونی وەکی من و باوکتان بۆ ژیانتان هەڵبژێرن ..

- دایە گیان بەداخەوە کە لەم وولاٌتەدا بێکاری و هەژاری .

خۆشەویستی لەتەك خۆیا ڕامالٌی .

ئەنجیلا ووتی ......

ئەڵمانیا 2003/05/22

## بێ ماچی تۆ , چیم بەسەرهات

بەشێوەیەکی وا لەشی لە پیاوەکە هەڵدەسوو , هەموو دانیشتوانی کافێکە چاوەڕێی دەستپێکردنی شانۆگەرییەکی ڕۆمانسی پڕ ماچ بوون. دوو لەشی جیا . دوو ڕەنگی جیا , دوو تەمەنی جیا , دووڕەگەزی جیا . پیاوێکی کامڵی سەروو چل ساڵی و قژێکی بژی ئاڵۆسکاو.چاوێلکەیەکی پزیشکی و ڕوویەکی گەنمڕەنگ و سەرو سیمای خوێندەوارێکی بە ئەزموون و کیژۆڵەیەکی بیست ساڵ تەمەنی باڵابەرز و قژدرێژ و چاوگەش . جووتێ مەمکی تازە هەڵتۆقیووی ناسك, دوو لیوی تەڕی ماچاوی .

دەبێ چ نهێنیەك ئەم هەموو جیاوازیانەی لە تابلۆی حەزێكدا کۆکردبێتەوە ؟؟ پیاوەکە وەك شەرم لە تەمەنی بکات , دەستی

خستبوه سەر دەمی حەزەكانی . كەمتر وەڵامی باوەشەحەزاویەكانی كیژۆڵەكەی دەدایەوە. ئەو كیژۆڵەیەكی كڵپەداری پڕ حەز لە ماچ بوو . بواری بۆ هەڵبكەوتایە زیاتر لیێ نزیك دەكەوتەوە . زۆرتر لەشی هەڵدەگلۆفت و خۆی تێهەڵدەسوو . دەرگای سنگی كراسەكەی والاكردبوو تا هالاوی مەمكۆڵەكانی بە دەمی ڕۆحی ئەو ئاشنا بكات . ئەزموونی سێكسی پیاوەكە دەیزانی كە ڕۆح گەرمایی داهات . چاو كوێر دەبێت , سنوور دەپسێ , یاسا دەڕمێ . سروشت جڵەوی حەز دەگرێت , نەك مرۆڤ . لەش و تەمەن و ڕەنگە جیاوازەكانی نێوان نێر و مێ , ڕۆڵی نامێنێ . بۆیە دەمی ڕۆحی كلۆم دابوو , تا لە نێو كەفێەكەدا نمایشی شانۆیەكی پڕ ماچ نەكەن . وەلێ كیژۆڵە بیست ساڵ تەمەنەكە هەموو لەشی هەلاوی شەهوەت و مژینی لێوە قاوەیەكانی ئەوی لێهەڵدەسا , چاوەگەشەكانی لە بینینی دانیشتوانی كافیەكەدا نابینابوون . دەمێك بوولە دونیای سروشتی دابڕابوو , لەو ساتەوەی بەرێكەوت پێی ئاشنابوو, تامی مژینی لێوەقاوەییەكان و پەنجەكانی تینوی بۆنی بێخی قژە ئالۆسكاوە ڕەشە قەترانیەكەی بووبوون , تا چركەی كاتژمێری دەستی كیژەكە تەسكی كاتەكەی ڕانەگەیاند . ئەم شانۆ ڕۆمانسیە بێ ماچە درێژەی كێشا, كیژەكە هەستایە سەرپێ .

خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد . وەك گلەیی لێبکات و بڵێ بۆ وەڵامی ڕۆحمت نەدایەوە , ماچت نەکردم . چاوەکانی کردە ڕستەیەك گلەیی و ئاراستەی چاوی قەیرە پیاوەکەی کرد . لە تەنیشتیەوە وەستا بە هەناسەهەڵکێشانێکی بێ هیواییەوە ووتی ؟

- ئیتر کاتم بۆت نەماوە ... دەبێ برۆم بۆ کار ,

قژی کەمێك ڕێکخست و بلوزەکەی بۆ خوارەوە داکێشاو . مەمکەکانی قنج بوونەوە . وەك گەرەکی بێت تینوێتی پەنجەکانی بشکێنی بەوەستانەوە دەستێکی خستە نێو قژە ڕەشە ئاڵۆزکاوەکەی پیاوەکەوە و ووتی :

- کەی دەتبینمەوە ؟؟؟؟

- هەر ئیمڕۆ هەناسەی شارەکەت هەڵدەمژم ....

مانگێکی تر دێمەوە .

کیژەکە هەناسەیەکی بۆ هیوای ماچەکانی هەڵکیشایەوە و ماڵئاویی لە پیاوەکە و کافێکە کرد , پیاوەکە تەنیا کەوت .

پیاوەکە بەشەرمەوە دەیڕوانیە چاوە پڕ گلەییەکانی ناو کافێکە و وەك بە دوای هۆی ترسنۆکی خۆی لە نێو کوپی کافیە ساردەکەیدا بگەڕێ . یاری بە کەوچکی ناو کووپەکەی بەردەمی دەکرد.لەرزووتای پەشیمانی

خانەکانی لەشی گرتبوو , بۆئەوەی خۆی لەو لەرزووتایە قوتاربکات و مێژووی پرشەرمی ڕۆژێکی بێ ماچی بنووسێتەوە , پارچە کاغەز و پێنوسێکی لە جانتاکەی دەرهانی و نووسی:

کە تۆ ڕۆیشتی , من و نیو کووپ کافی ساردوسڕ تەنیاکەوتین . ڕۆژەکەم وەك ( CD) سێدیەکی بێ گۆرانی و مۆسیقا بوو, وەك پەرتووکێکی بێ ووشە , دارێکی بێ گەڵا . شەوێکی بێ گلۆپ , ڕووبارێکی بێ ئاو , مرۆڤێکی بێ جوڵە , زستانێکی بێ ڤۆدگا , هاوینێکی بێ هەتاو , بەهارێکی بێ باران , پایزێکی بێ کزە , شارێکی چۆڵ و خاپور , ئاسمانێکی بێ ئەستێرە , منداڵێکی بێ شیر و برسی , بێوەژنێکی تەڕی بێ سێکس . گوڵێکی هەڵوەریوو , ماسیەکی بێ ئاو , شاعیرێکی بێ دیوان, ژووانێکی ووشکی بێ گیان . واتە تۆ ژیان بووی , ئۆکسجین , ڤیتامینات , ووزە و حەز و توانای جوڵە و جوانی گشت بوونەجوانەکانی دنیا بوویت , کە تۆ ڕویشتی و ماچمان نەکرد , هەموو دانیشتوانی کافیەکە , ووڕمان , منیش تاسام . کە تۆ ڕویشتی دەنگی گۆرانیە ڕۆمانسیەکەی کەفێکەش کپ بوو , ئاخر بۆچی ڕۆیشتی

كه سەرتاپای لەشت هالاوی ماچ و حەز و لەپی دەستەكانتی نێو دەستم . بۆنی شەهوەتی ژەمی سێكسی هەردووكمانی لێدەهات ؟؟. بۆ ڕۆیشتی كه تۆ پشكۆیەكی سپی شەهوەتی ئالۆسكاوی قژدریژ و بالا بلندی نێو حەزمان بووی ,؟؟ بەشی چەندەها ملوانكه ووردە گەوهەری ماچت له سەر لێوەكانت ڕستبوو , ئەم تاوانەت بۆ له خۆت و چش له من , سەرجەم دانیشتوانی كافێكه كرد ؟ , دانیشتنەكەمان شانۆگەریەكی بێ ووشه و ڕسته ودیالۆگ و دەرهێنەر بوو. دیكۆرەكەمان كورسی ومێزێك و دوو كووپ كاڤ بوو , مۆسیقا ڕۆمانسیەكەی كافێكەش مۆسیقای وێنەی بزواندنی جەسته و ڕۆحمان بوو. كه تۆ ڕۆیشتی , من و نێو كوپ كاڤ ساردت بەتەنیا جێهێشت , چاوی ڕۆحه تینوەكانی كافێكه ڕوویان له من وەرگێڕا و بەدەستیان بووایه , له كافێكه بۆ دەرەوە تووڕیان دەدام . دەزانم بوونی من به لەش و قژ و مەمك و بالا و بەزمی ڕۆحی تۆوە جوان بوو. ئاخر هەموویان چاوەڕێی دیمەنی بەستنی قردێلەی ماچەكانی ئێمەیان دەكرد . ئەی عەیاری دەم پڕ له ماچ . ماچەكانت له دوای تۆوە

گلەییان لە من و ڕەخنەیان لە ڕۆحم دەگرت. دەزانی بۆ؟؟ چونکە ترسم ئیمڕۆ دەقی نەشکا , ترسم لە حەزم بالآتر بوو , ترس لە کاملّی تەمەنی خۆم و ناسکی لێوکانی تۆ . ترسم هەبوو کە ئەرشیفی لێوە پڕ ماچەکانی من و لێوە ساواماچیەکانی تۆ لەیەك زویر ببن . ڕۆحم زۆر جار پێی ووتم ئەو ساتانەی دەستەکانت لە نیو دەستما ئارەقی شەهوەتیان دەردەدا ....زۆر لە مێژ بوو, گۆمەزە ناسکە گەنەمودارەکەی بەرمووسەڵانت , پێش لەپیی دەستەکانت کانیاوی تەڕی حەزیان تەقیبوو . پێش ڕۆیشتنی تۆ بێوەژنە بێ یارەکانی کافێکە , کوڕ و کچە تەنیاکان , پیرەمێرد و پیرێژنە ئەرشیفیەکان , بە دلّ بە ڕۆح بە چاو ... چاویان بڕیبووە مێز و کورسی و لێوی من تۆ . کەسەرت لە سەر شانم دانا بوو . دەستێکت لە ملما بوو . دەستێکت خستبوە سەرسنگم وەك پزیشکی عەشق ترپەی دلّمت دەپێوا . کە ترپەی دلّمت زانی کەمێك تەنورەکەت هەڵکیشا . بە دەستی خۆت , دەستتگرتم وخزانتە سەر شلکەی ڕانەکانت .

بۆ ؟ بۆئەوەی منیش گەرمایی گوومەزەکەی بەرمووسەڵانت بپێووم. پەنجەکانم تێر بۆنی ئارەقی هەردوو شلکەی ڕانەکانتیانی مژی وشەرمیان شکا , وەلێ ڕۆحم مۆلەق و ترسم هەر لە ماچ هەبوو .

تۆ مستێ .... نا تۆپەڵێ شەهوەتی ئاگر ئاسا بوویت , بە گەرمای لەپی دەست و نەرمایی ڕانەکانتا زانیم پلەی گەرمای ڕۆح و هاڵاوی چاڵاوی بەرمووسەڵانت چەند گەرمە , هەتا پەنجەکانت قومی ماچیان قوڵتر لە بێخی قژە ئاڵۆسکاوەکەم بدایە , هاڵاوی بەرمووسەڵانت گەرمتر دەبوو, ئەو ساتانەی تۆ قوڵپی کانیاوێکی گەرمی لوتکەی بوورکانێکێ حەزی سێکس و ماچ بووی . منیش جۆگەلەیەکی سارد و سڕ و سست . ترسنۆکی زستانی رووسیا و بە ئاستەم بە بەر هاڵاوی گەرمی گوومەزە مووداڕەکەی بەرمووسەڵانی تۆدا تێدەپەڕیم . تۆ هەر چاوەڕێی ماچت دەکرد . من هەر نەمدەکرد .

# بۆن و تەنیایی

## پێشکەش

**بە دڵدارانی شارەکەم ئەوانەی یەکەم ماچیان لەم ساڵدا کرد**

خۆشم دەوێ , خۆشیشم ناوێ . ئەوکاتانەی لە ئامێزیدام وبۆنی هەناسە و دەروون و باوەشی هەڵدەمژم حەزدەکەم بەزووترین کات خۆم لە ئامێز و بۆنی باوەشی دەربازبکەم , لە هەناسەسواری رزگارم ببێ , کەچی هەر ئەوەندەی دووهەنگاو , چەند چرکەیەك لێی دوردەکەومەوە , هەستدەکەم سییەکانم تینوی هەناسەو دڵم زیرەی ئامێزیەتی . ئەمە پەیوەندی ڕۆحی من و خانووە تەنیا کەمە , ئەو خانووەی بۆنی لەش و بنباخەڵ و هەناسە و سەر و قژی ئەوی لێ نابڕێ . ئەو بۆنی تەنیا لێرە ماوە , بۆنی بێ ڕەنگی , بێ دەنگی , بێ نیگا و بێ چرپە و سرپەی تەکان و ئۆقی حەزی .هەموو کوون و کەلەبەر وقوژبن وبالای دیوارەکان, چاوی گڵۆپەکان , ڕوومەتی پەنجەرەکان , بەرگە دۆشەك وسەرین ومەتیلی لێفەکان پانتایی خانووەکە . دەڵی بۆنی لەشی سێکسیاوی و بەرمووسەلانە خرپنەکەی ئەویان هەڵمژیووە. بۆیە لە تەك هەموو بزواندنێکیاندا خانووەکە پڕ دەکەن لە بۆنی ئەو .

ئەو بۆتە مەتەڵێك لە هەموو شۆینێکی ئەم خانووەدایە و لە هیچ شوێنێکی ئەم خانوەشدا نییە ! ئەمە مەراق وسەرئێشەوگرفتی

چرکەکانمە . دەنگ وڕەنگ ولەشی لە وڵاتێکی تر و بۆنی لە هەموو قوژبنێکی ئێرە.

بەسەر و قژێکی ئاڵۆزکاوەوە , بە ڕیشێکی چەند ڕۆژ نەتاشراوەوە , گەدەیەکی برسی و جەستەیەکی کەنەفتی (10) کاتژیری ماندووی کارەوە , لە ناو هۆڵەکەدا پیاسەی بێ حەوسەڵەیی دەکرد و لە بەر خۆیەوە دەدوا .

( من دەزانم تا ئەم بۆنە لێرە نەبڕێ , تا دوا تنۆکی تەڕایی وێنەی نیگا و لەشی ڕووتی لە گلێنەی ئاوێنەکانی ئەم خانووە نەتکێ , ئەمە ژیانمە و لەم خانوەدا ئۆقرە ناگرم .- بۆ کوێ بچم ....؟ سەری خۆم لە تاو ئەم بۆنە بۆ کوێ هەلگرم ؟ خۆ ناکرێ وەك ئەلکحولیکە بێ لانەکان تا ڕۆژ دەبێتەوە لە سەر مێزی مەیخانەکان سەر خەو بشکێنم ؟ نا دەبێ چارەیەك بدۆزمەوە و لەم قۆزاخە تەماوی و نەگبەتیە ڕۆحیە ڕزگارم ببێت) .

لە پەنجەرە گەورەکەی هۆڵەکەوە, ڕوانیە باخچە و ڕووناکی هەتاوە کەی دەرەوە

( هاوینە وهەوا گەرمە , ئیتر بە شەو وبە ڕۆژ هەموو پەنجەرەکان دەخەمە سەرپشت تا ئەم بۆنە شەهوەتاویە شێتکەرە لەم خانووە ببڕێ . دوایی دەچمە وێزەی ئاوێنەکان و نە جارێك بگرە سەدجار زیاتریش. پاکیان دەکەمەوە تا سۆماییان دادێ و

پیستی چاویان تەنك و هیچ وێنە ویادگاری لەشی ڕووتی ئەویان تیا نەمێنێ .

( ئەمە چارەنووسمە , جەنگێکە ویەخەی دەروونمی گرتووە , دەبێ بجەنگم , ئا دەزانم جەنگی دەروونیش زۆر لە جەنگی دەستە ویەخە بە سامترنا... نا, ناترسم من مرۆڤم و دوژمنەکانم مەتریاڵن بەسەریاندا هەر سەردەکەوم .

( دەستێکی بێحەوسەڵەیی و ماندوویێتی بە قژە ماش و برنجی یە تێکەڵاوەکە و ڕیشە زبرە چەند ڕۆژ نەتاشراوەکەیدا هانی , لە بەر خۆیەوە ورتەی لێوە دەهات و بەچواردەوریدا ملی بادەدا )

( ئاخر ناکرێ لە تەك هەموو هەناسەیەکمدا ڕەگەکانی دڵم بگۆشرێت و ژانە دڵم تووش بێ.؟

( کەمێك داما )

( گەر ئەمەشم بۆ نەکرێت , خۆ دەتوانم ئەم خانووە بگۆڕم , بڕۆم بۆ شارێ , سەد فرسەخ لەم خانوو و دەڤەرەوە دوور بێ .

( هەڵوێستەیەکی کرد )

( نا ئەمەیان سەختە , لەم وڵات ودۆزە قەیراناوییەی بێکاریدا . بە ئاسانی و بە پەلە خانوو و کارم لە شارێکی تر بۆ مەیسەر نابێ . ئاخ لەم دەردە رۆحیە , چی بە ساتەکانم دەکات ؟؟ .

( ئەی چی بکەم ؟ هەرچی بەرگە دۆشەك و سەرین و سەرچەڤ جێگەی نوستنەکەم ومەتیلی لێفەکان و تەنانەت بە تانیە ئەستورەکانیشم چەند جارشۆریون , لە بالکۆنەکە هەڵم خستوون , کەڵکی نییە و هەر ئەوەندەی ووشك دەبنەوە . بۆنی هەناسە و قژ وپێست ودەمی ڕۆحی ئەویان هەر لێدێ ! جاران ئەم بۆنە قولپی بە شەهوەتمان دەدا . شەپۆلی ماچ و تەزووی ختوکەی ژێر مەمك و وورده گاز وگۆپکە مژین و سەدەها جار ووشەی بە قوربانی بە دەوری لەشی ڕووتی ئەودا دەگێڕا , ئیستا بێزاری , بێزاری لە تەنیایی , غوربەت ویادی .

( نە جگەرە کێش و و نەئەلکحولیشم ئەوەندە جگەرە بکێشم ومەی بنۆشم , تا هەناسەی خۆم و بۆنی خانووەکەم بە بۆنی جگەرەو مەی قانگ بدەم و لە بۆنی ئەو رزگارم بێ . ... ئەی چار چییە ؟ تا کەی ئەم چەوسانەوە ڕۆحیە باربێ بە سەر چرکەکانمەوە ؟ .

( شانی بە دیواری ژوورەکەوە دا و ڕاما , کاغەزە دیوارییەکان سەرنجی ڕاکێشا و دەستێکی پێدا هانین ).

( ئا.... بیرێکی چاکە بەیانی نا , هەر ئێستا گشت کاغەزەکانی ئەم دیوارانە دادەماڵم و کاغەزی نوێ لێدەدمەوە دوایش چەند قات بۆیاخیان دەکەم , ئیتر دیوارەکان بۆنی ئەویان لێدەبڕێ

وهەرچی مەتیل و سەرچەف وبەرگە دۆشەك و سەرین و بەتانی و خاولی ماڵەکەش هەیە. گشتی توڕدەدەم هی نوێ دەکڕم , نەك جارێك چەند جارێك سەرجەم بەرگەکانی خۆشم بە ئاوێکی زۆرگەرم دەشۆمەوە بەڵکو بۆنی جێ پەنجەکانی ئەویان لێ ببڕێ و ئەوەیشی کۆن و تەسك بوونەتەوە توڕیان دەدەم .ئیتر لەم بۆنە دەبێ ڕزگارم بێ .

دیوارەکانی لە وێنە و گوڵە هەڵواسراوەکان پاککردەوە و ڕەفەی پەرتووکەکانی هەڵوەشان , کەل وپەلی ماڵەکەی وەك مەزادخانە بە سەریەکدا .

( دەبێ زوو تەواوی بکەم , تا هەفتەی داهاتوو لەو نەگبەتیە دلگوشین و ئازارە ڕۆحیەی کە لە تەك هەموو هەناسەیەکمدا دەیچێژم ڕزگارم ببێ.

( بە پرتاو کەوتە لێکردنەوەی کاغەزی دیوارەکان , ئەو شەوە نەنووست تا دواپارچە کاغەزی لێکردەوە . بۆبەیانیەکەی کاغەزی نوێی لێدان , دوای ڕۆژێك ووشك بوونەوە بە چەند قاتی بۆیاخ دایپۆشین . وەك لە گرفت و مۆتەکەیەکی ڕۆحی رزگاری بووبێت لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا وبە چواردەوری خۆیدا سەیری دیوارە سپیە تازە بۆیاخکراوەکانی دەکرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و دەستێکی بە ڕووی وقژە بۆیاخاوییەکەیدا هانی .دەرگای

بەفرچاڵەکەی کردەوە , بیرەیەکی قوتووی ساردی دەرهانی , چووە سەر باڵکۆنەکە , لە سەر کورسیەك دانیشت , سنگی کراسەکەی ترازان وقاچە توکاویە ڕەقەکانی خستە سەر قەراغی باڵکۆنەکە,  خۆی لە بەرتیشکی هەتاوەکەدا هەڵخست , بیرەکەی هەڵبچڕی و بینێکی درێژی پێوەنا . هەر ئەوەندەی گەرووی چۆڕی بیرەی لێبڕا . پڕ بە سیەکانی هەوای باخچەکەی بەربالکۆنەکەی هەڵمژی . لە ناکاو هەر وەك جاری جاران . موچوڕکە و زریکەیەك لە ناخیدا , بۆنەکە ڕایچڵەکاند و دڵی گوشرا , ئاوڕێکی لە هۆڵە بۆیاخکراوەکە دایەوە ووتی.

- ئەوە توانیم بە کاغەز وبۆیاخ بۆنی هەناسە و لەشی ئەوتان لێ ببڕم , ئەی چۆن بتوانم بۆنی هەناسە ولەشی ئەو لە گەڵای درەختی بەر باڵکۆنەکەم ببڕم ؟؟؟!!! .

ئەڵمانی 1999 یادگاری ماڵئاوای خوایەك

# چرکە قوربانییەکان

لە سەر چەند ووشەیەکی زبر لە یەك زویر ببوون . نێوانیان بە قولانجێك دەپێورا . هیچیان دڵیان نەدەهات پشت لەوی تر بکات , هەر چەندە لە ژێر لیفەکەشەوە چاویان نوقاندبوو . بەڵام کە سەیری ئاوینەی ڕۆح وگلینەی ژێر پێڵوە داخراوەکانیان دەکرد , ساتە ناسك وپڕ زەردەخەنەوییەکانی چەند کاتژمێرێك لەمەوبەریان دەبینی . تەنیا هەناسەیان وبێ ویستی خۆیان لە ژێر لێفەکەوە تێکەڵاوی یەکتری دەبوون و لە بۆن و گەرمایی یەکتریدا دەتوانەوە . ئەم دەوەستا تا ئەو هەناسە بدات و ئەم هەڵبمژێ , جارێکیش ئەو دەوستا تائەم هەناسەبدات و ئەم

هەڵیبمـژێ , بـە بـۆنی دەم وهەناسـەی یەکتریـەوە واڕاهـاتبوون , خۆراکێکی ڕۆح و ئارامگیزی دەروونیان بوو . جارجارە هەریەکە لە لای خۆیەوە دزەپێڵویەکی دەکرد وبـە کزی سـەیری یـەکتریان دەکـرد ,. یەکـەم شـەوە , سـەرەتای ناوجێگـەیان بـێ وردە مـاچ پێچابێتەوە. وا چەند مانگە ئـەم دووشـەیدایە حـەیرانی یـەکتری بـوون و تێـر لـە هەڵمـژینی لێـو وباوەشـی لەشـی ڕووت و بـۆنی بنباخەڵی یەکتری ناخۆن . ئەمە یەکەم نەگبەتی ڕۆحە کە چەند ووشـەیەکی زبـری لـێ ببێتـە لەمپـەری نێوانیـان ولـە یـەکیان بترازێنێ . لە دڵی خۆیاندا نەعلـەتیان لـە ساتە تورەکان دەکـرد , چەمۆڵەی پەشیمانیان لەو چەند ووشە زبرانە دەنا کـە بـە ڕووی یەکتریاندا پژان بـوو. ئـەم دەیویسـت ئـەو هـەنگاو بـۆ ڕوخانـدنی لەمپـەری تورەبـوونی نیوانیـان بـنێ , ئـەویش چـاوەڕیی ئـەوی دەکـرد و دەیویسـت هێنـدەی تـر خـۆی نـازدار و جـوانتر بکـات و چۆك بە هەستی نێراتی ئەو بـدات . لـە بەردەمیـدا بپاڕێتـەوە و باوەشـی بـۆ بکاتـەوە . لـە دڵـەوە خـەریك بـوو زیـڕەی بـۆ توکـە زبرەکانی سەرسنگ و لێوە قاوەییـەکانی دەکـرد . ئـەویش زیـڕەی بۆ مژینی گۆپکە و لستنەوەی سنگ و شلکەی دەوری خاڵی نـاوکی دەکرد, ببووە پارچەیەك لە شـەهوەتی گڕگرتـوو. وەلـێ غـروروی نێرینـەیی ڕێـی گلێـەگرتنی لێگرتبـوو .جارجـارە کـە پەنجـەکانی

پێیان لەیەك دەخشا و تەزوویەكی شەهوەتاوی بە تیژی بە جەستەیاندا تێدەپەڕی , ڕۆحیان لەرزوتای چەپكە ماچێكی گەرمی دەگرت . ئەم سەرتاپای ڕووت بوو . دەیزانی لەشی گەنمڕەنگی ڕۆژهەلاتی باوەشی پڕ سۆزی ئەو شێت دەكات . ئەویش عەیارانە دەیزانی شەیداكەی شەیدای كوام بەشی لەشێتی و چ ژێركراسێكی كورتی لوسی تەنكی بێ دەرپێ ومەمكەوانە ڕۆحی ئەو شێت دەكات .پێش هاتنە ناوجێگەكەیانەوە , لە ناو شامپۆكاندا تاقانەترین شامپۆی هەڵبژارد وئەو شەوە نەك جارێك . بەڵكو دووجار لەشی خرپن وبالای شووشەی لە شامپۆهەڵكێشا . ئەو عەیاربوو , دەیزانی هەموو بۆنەكانی خۆشدەوی . تەنیا ئەو بۆنە نەبێ كە لە بنباخەڵەی دەدا , هەركاتێك بیری لە بۆنەكەی بنباخەڵی بكردایتەوە یەكسەر تكاكانی ئەوی دەهاتەوە یا.

( شیرینەكەم , تكایە چەند جارم پێووتی بەم بۆنە دروستكراوە كیمیاوییە بۆ بۆنی ڕەسەنی بنباخەڵتم لێدەكوژیت ؟؟ ئەی تۆ نازانی بۆمن بۆنی بنباخەڵی سروشتیت خۆشترین بۆنی ئەم دنیاییە و شێتكەری ڕۆحمە ؟ ئەی بۆچی لە سەفەری لستنەوەی پێستی لەش ومژینی گۆپكەكانتا چەند جار دوا بێخی تووكە تاشراوەكانی بنباخەڵت دەمژم ؟ و تا دوا هەناسەی بە ئاگا بوونم سەرم لەسەر قۆڵ و هەناسەم بەرامبەر بۆنی بنباخەڵتە !!؟؟ .

بۆنی لە بنباخەڵی نەدا و بەمەبەستی تیکەڵاوکردنی هەر دوو ڕەنگی پێست ورەنگی ژێر کراسەکەی . ژێرکراسێکی کورتی مۆری کاڵی لەبەرکرد . گۆپکەکانی مەمکی ببوونە دووخاڵی پارسەنگهانینەوەی تابلۆی لەشی ڕووتی . ئەمە یەکەم شەونییە بەم ژێرکراسە تەنکە مۆرەوە بنوێ . هێندە بە تامەزرۆ و نیان و سێکسیەوە لە شەوانی ڕابووردودا بۆی داکەنبوو, یەکە یەکە تاڵەکانی جەستەی ژێرکراسەکە گەرمی دڵی پەنجە تووکاوییەکانی ئەوی دەناسیەوە . ئیمشەو هەموو بینازن و چاوەڕێی ئازایەتی لایەك دەکەن .هەردوولایان هەناسەکانیان دەژمارد و یەك لەدوای یەك چاوەڕێی ئەوی تری دەکرد کە لە دوای ژمارەیەکی تایبەتی هەناسەوە باوەش بەیەکدا بکەن.

( ئافرەت جیهانێکی هێندە پیرۆز و بەنرخە , شایەنی هەموو ستایشێکە . شەرم نیە پاش چەپکە هەناسەیەکی تر ئەگەر ئەو هەنگاوی بۆ ڕمانی ئەم دیوارە تورە تەنکە نەعلەتیەی نێوانمان نەنا. ئەوە من دەیرمێنم و دەچم , سەرتاپا دۆرگەی لەشی نێو دەریای پڕ شەهوەتی دەلێسمەوە .

( پیاو هێندە پیویستە بۆ ژیانی ئافرەت شایستەی هەموو لێبوردن ورێزێکە , ئاخر کوا و چ سەرچاوەیەك هێندەی لەشی پیاو ئەو هەموو نیانیە بە ڕۆحی ئافرەت پێشکەش دەکات؟)

نـابێ چـاوەڕێی ژمـارەی هەناسـەکانی بکـەم . شـەرم نییـە مـن هەنگاو بۆ مژینی گۆپکەکانی دەنێم .

نابێ چاوەڕێی ژمارەی هەناسەکانی بکەم . شەرم نیە من هەنگاو بۆلستنەوە و بۆنی تووکەکانی سەرسنگی دەنێم .

چۆن ولە کوێوە دەست پێبکەم ؟ دڵنیـام کـە ئـەویش پێێخۆشـە ئەوەنییە پشتی تێنـەکردوم و نێوانمـان تـەنیا قولانجێکە ؟ ئاگام لێیـە بـە کـزی وشـەرمەوە پێڵوەکـانی دەتـرازێنێ و چـاوەڕێمە؟. دڵنیـام لـەوەی ئـەویش وەك مـن هـەر بـۆ خۆشـاردنەوە لـە سـاتی ووشـە زبرەکـان پێڵوەکـانی نوقانـدووە . دەزانم ئـۆقرەی نـەماوە , دەزانم ئیسـتا بـەدوای دیمەنـە ڕووتـەکانی شـەوانی ڕابـووووردودا دەگـەریت و ڕۆحـی پـێ ئـارام دەکاتـەوە . ئـا , هـەر ئـەو وا نییـە منـیش وام .چـەند نیانـە ووردە نـازی تەکانـەکانی , ئـەری بـۆ ئەوەندە شەیدای سەر سنگمە . لێومی هێنـدە بـە تونـدی دەمـژی هەستم بە کزانەوەی دەکرد ؟ دەیویست ڕەنگی قاوەیی لێبـبڕێ ؟ ئا لە بیرمە تازە یەکتریمان ناسی بوو دەیـوت ( گەرەکمـە هـەردوو لێوت بەگاز بخۆم , ئاخر ئەم ڕەنگە قاوەییە سروشتیەت لە کوێڕا هـانیوە ؟ ئـا ئەمـە هـەمووی حـەزی چـەند سـاڵ چـاوەڕوانی و برسێتی ڕۆحی ئافرەتێکی تەنیایە .

( نـازانم بـۆ ئەونـدە پیـاوێکی دلگەرمـە ؟ گوناهـە نـەك شـەوێك چـەند چرکەیەك بکـەم بـەقوربانی تورەبـوونێکی تـەنك وچـەند ووشـەیەکی زبـر . مـن دەچـم باوەشـی پێدادەکـەم و ئـەم دیـوارە شەفافەی نێوانمان دەرمێنم . منی ئافرەت با خاوەنی لەشی ناسك و مەمکی خڕ و نیانی ڕۆح بم خاوەنی هێز وکەسایەتی خۆشمم . هیچ سوکی نییە هەنگاو بۆ لێو و باوەشی زبری شەیداکەم بنێم . هەردووکمان یـەك مافمـان هەیـە . خـۆ ئـەو ئەوەنـدە ڕۆشـنبیرە , بـەم یاسـا سروشـتییە نـامۆ نییـە , ڕاسـتە وایـە مـنی ئـافرەت حەزدەکـەم هەمیشـە گـوڵ بم و ئـەویش هـەنگ بـە دەورمـا بخولێتەوە , ئاخر ئەو شیلەی منی دەوێ و منیش باڵەفڕی تەکانە حەزاویەکانی ئەوی پیاو . بەم شـێوەیە ژیـان ڕەنگاڵـەیی دەبێت , بە هەردووکمان چرکەکان عەشقاوی دەکەین .

هـەردوو لایـان متـووی بیرکردنـەوە و نەخشەکێشـانی هـەنگاوی یەکـەم و ڕوخانـدنی دیـواری نێوانیـان ببـوون . لەبـەر دیـدی ڕۆحیانـدا لـەم لا وئـەو لای دیـوارە تورەکـەوە هـەزارەها چـرکە , چـرکە بـە چـرکە سـات لـە دوای سـات خـەڵتانی خـۆین دەبـوون . دەبوون بە قوربانی , تا ساتی بێدەنگیان درێژ تری بخایاندایا پـتر ژمارەی چرکە قوربانیەکانی ژێر لێفەکەیان زیادی دەکرد .

( ئـەم هـەموو تاوانـەی ئێمـە لـەو چـرکانەی دەکـەین یەخـەی ویژدانمان دەگرێ ) .

( ئێمە , هەتا وابین, بەرامبەر بە کوشـتنی چـرکەکانی تەمـەنمان تاوانبارین . تەمەنی چەند ساتێکی زبری ڕووتی ناو جێگـە . مـن حەزناکـەم بـەرە و ڕووی پرسـیاری ویـژدانم ببمـەوە ئـاخر چۆن وەڵامی بدەمەوە

( ویژدان ووتی ) :

( تـۆی ئـافرەتی نـازدار , تاوانبـاری بەرامبـەر بـە کوشـتنی ئـەو هەموو چرکانە ).

( قوربان ویژدان ڕاست دەفەرموویت تاوانبارم )

( تۆش پیاوی غرور تاوانباری بەرامبەر بـە کوشـتنی ئـەو هـەموو چرکانە)

( قوربان ویژدان ڕاست دەفەرموویت تاوانبارم )

( نـا , بـا ژمـارەی چـرکە قوربانیـەکان زۆر نـەبیت , هـەر ئێسـتا باوەشی پێدادەکەم و پێش هەموو شتێ تێر بۆنی بێخی سـەر و لا مل و بنباخـەڵی هەڵدەمـژم و دواجـار گۆپکـەی مەمکـەکانی , تـا فێی ڕۆحم ئارام نەبێت زمان ولێوم لە پێستی لەشی ناترازێنم )

( هـەر ئەوەنـدە , تـەنیا پەنجەیـەکی بجـوڵێنێ , هـەر ئەوەنـدە , تۆزێ زیاتر پێڵوی چاوە قاوەییەکانی بکاتەوە , مـن باوەشـی پێـدا

دەکـەم , بـا ئـافرەتیش بم , بـا زۆر شـۆخ وسێکسـیش بم , ئـاخر خۆشم دەوێت . ئەگەر شەوێك بێتـەکان و بـۆنی هەناسـە وماچی لێوە قاوەییەکانی ئەو بنـووم , تووشـی هـەزارەها خـەوی ئالۆزکـاو دەبم . ڕۆحم ئۆقرە ناگرێت . هـەر کـەمێك بجولێ پـێش ئـەوەی ئەو هەنگاو بۆ لەشی ڕووتم بنێ مـن بێخـی توکـەکانی سەرسـنگی بـەزمان دەلێسـمەوە . دواجـار پالێدەخـەم . نـا ... نایـەلم وەك دوێنی شەو بە لستنەوە شێتم بکات . من ئیمشـەو دەسپێشـخەری دەکەم . من ئەو شـێت دەکـەم , دەبـێ حـەقی ئـەو هـەموو چـرکە قوربانیانە بکەمەوە و مەرج بێت لە سەریشەوە تەواو ببم . مـن چاوەڕێی تەنیا بزواندنی پەنجە توتەی دەستیم و فراوانی پێلوی چـاوە قاوەییـە پڕشـەهوەتەکانی . دە هـەنگاو بـنێ . کـوڕی خـوا زیرەم کرد )

هەردوولایان بە تووڕەبوونێکی تەنك و نازی ئافرەتانە و غووری نێرینەییەوە , دەمی ڕۆحیان جەڕاندبوو. هەر دوولایان دلنیابوون لەوەی ناتوانن بێ یەك بژین و بێ یەك بنوون .

ئـەم ڕۆمانـە سـکالاوییە بێـدەنگ و ووشـانەی نێوانیـان , زیـاتر ژمارەی چرکەکانیانی بە قوربانیی دەکرد.

( نا کەلکی نییە چاوەڕوانیەکەم درێژەی کێشا . ئەی چی بکـەم , خۆ ئیمشەو بۆنی سەرسنگی نەکەم و گەرمی ناودەمی هەلنەمـژم

ناتوانم بنووم . چار ؟؟؟ خۆم دەكەم بە خەوتوو بە ناز و فیڵەوە قۆڵێكم دەخەمـە سار شان و ملی ڕووتـی و ووردە ووردە بـە دەم خـــەوەوە لێنزیـــك دەبمـــەوە گۆپكـــەی مەمكـــەكانی ژێـــر ژێركراسـەمۆرەكەم لـە تووكـەكانی سەرسـنگی هەڵدەسـووم , ئـیتر غروروی نێری دەپسێنم و وەك شێت پـەلامارم دەدا . ئـاخر ئـەو شـێتی گۆپكـە و نەرمۆڵـەی مەمكەكانمـە . لـە سـەرەتادا كـەمێك نازدەكەم , خۆمی بۆ شل ناكەم , ئا , خـۆم بـە خـەواڵو دادەنـێم . با وەك دوێنی شەو لە پەنجـەكانی پێمـەوە تـا دوا تـاڵی مووەكـانی سەرم بلێسێتەوە و سەد جار بە قوربانم ببێت , وەك چۆن مریەم غـــروروی خـــوای پســـاندو كێشـــیكرد بـــۆ ســـەر زەوی ٭ منـــیش غروورووی دەپسێنم . دوێنیٚ شـەو خـۆش بـوو , ئـاخ بزوانـدنێك . وەك شەوانی تر تا خەو ماندوومان نەكات یەكتری دەمژین . ئیتر تۆبە و جارێكی تر نایەڵم تەنیا ووشەیەكی زبـر بـە زارمـا گـوزەر بكات و لێم زویر ببێت . تاقە نیو چركە لە ژیانم ناكوژم . چەند سەختە لەتەك شەیداكەتەوە بە ڕووتی و لە ژێر لێفەیەكەوە بـن و نێوانتان قولانجێك بێت و نەتوانی سێكسی لە تەكدا بكەیت ؟؟ ئەمەیە كارەسات وڕۆح جەڕانـدن !!!چۆن ؟؟؟ وایـە , تاوانـە ئـەم هەمووچركانە بۆ ببنە قوربانی چەند ووشـەیەكی زبـر ؟؟ تۆببـە شیرینەكەم سەد جار تۆببە.

( نا کەڵکی نییە چاوەڕوانیەکەم درێژەی کێشا , ئەی چی بکەم ؟ خۆ ئیمشەو بۆنی قژ و بنباخەلی ژێر مەمکەکانی نەکەم وگۆپکەکانی نەمژم ناتوانم بنووم . چار؟؟؟ خۆم دەکەم بە خەوتوو, بە ناز و فیڵەوە قۆڵێکم دەخەمە سەر شان و ملی ڕووتی وووردە ووردە بە دەم خەوەوە لێنزیك دەبمەوە . توکەکانی سەرسنگم لە گۆپکە پەمەییەکانی مەمکی هەڵدەسووم , ئیتر نازی جوانی وعەیاریەکەی دەپسێنم و وەك شێت پەلامارمدەدا . ئاخر ئەو شێتی تووکە زبرە ڕەشەکانی سەرسنگمە . لە سەرەتادا کەمێك خۆم قورس دەگرم و خۆمی بۆ شل ناکەم , ئا خۆم بە خەواڵوو دادەنێم . با وەك دوێنی شەو لە پەنجەکانی پێمەوە تا دوا تاڵی مووەکانی سەرم بلێسیتەوە . سەد جار بە قوربانم ببێت . وەك هاجەری ژنی برایم بەبیابانی ووشکدا کێشی دەکەم ** منیش نازی جوانییەکەی دەپسێنم . کە دوێنی شەو خۆش بوو, ئاخ بزواندنێك , تا خەو ماندوومان نەکات یەکتری دەمژین . ئیتر تۆببە جارێکی تر نایەڵم تەنیا ووشەیەکی زبر بە زارما گوزەر بکات و لێم زویر ببێت , تاقە نیو چرکە لە ژیانم ناکوژم . چەند سەختە لە تەك شەیداکەتەوە بەڕووتی و لە ژێر لێفەیەکەوە , تەنیا نێوانتان قولانجێك بێت ونەتوانی سێکسی لە تەکدا بکەیت !! ئەمەیە کارەسات و ڕۆح جەڕاندن !!!

چۆن ؟؟؟چۆن وایە تاوانە ئەم هەمووو چرکانە , بۆ ببنە قوربانی چەند ووشەیەکی زبر؟؟؟ تۆبە شیرینەکەم سەد جار تۆبە .
وەك دوو میلی دوو کاتژێری میقاتکراو , لە ناکاو قۆڵیان لەیەك ساتدا بەرزبوونەوە باوەشیان بەیەکداکرد . لە ساتە چرکەی هەناسەیەکدا بە عەزرەتەوە دەمیان خستە دەمی یەکتری وبە خێرایی وەك تینویەکی چاوەڕوان , تەڕایی سەری زمانی یەکتریان دەنۆشی . لەیەك ئالآن. ئالآندنێك کە لە خۆشیاندا چرکە قوربانیەکانی ساتە سڕەکانیان , ووزەیان بەگیاندا بڕا .
وەك بەڵێنی بە ڕۆحی دابوو, تا دوا چرکەی تەکانەکان نەیهێشت لەژێریا جوڵە بکات ولە سەرەوە بە سەر لەشی تووکن وتوندو تۆڵیدا توایەوە و تەواو بوو .لە باوەشی خەوێکی نەرمی سێکسیاویدا . ووردە ووردە بە ناز و نیانیەوە دەستیان لە ملی چرکەکانی شەوەکە کرد و خەوتن . بەیانی کە خەبەریان بۆوە , خۆری بەرە بەیانی پەنجەرەکەی بەر لەشی ڕوتیانی کردبووە ئاوێنەیەکی ڕوون . یەکتریان بە ڕووتی تێدا بینی . بەڵێنیان دا جارێکی تر تۆبە و تاوان بەرامبەر بە سات و چرکە ڕۆحیەکانیان نەکەن و دیمەنی لەشی ڕووتیان لە ئاوێنەی میژووویاندا بە تەنیا نەکێشن .

- لە هۆنراوەیەکی خوشکی بەڕیزم مهاباد قەرەداغیەوە وەرگیراوە .
- لە ڕۆمانی ( چۆن گەیشتمە لای خوا ) ی خۆمەوە .
- مۆسکۆ : 2002/11/22

## دوو بۆڵە ترێی سووری دەمی خوا

غەمم لەوەدا بوو . من دەمویست بیمژم , ئەو نەیدەهێشت , دوایی زانیم ئەو ڕاستە و من هەڵەم . دووبۆڵ لە هێشووە ترێیەکی سووری دەستی خوا , ترازانە سەر زەوی و بەڕووی ئەودا لکان . بوون بە دوولێوی تەڕ و سووری ناسکی ڕوویەکی جوان . کە منداڵ بوو , بە جوانی ڕووی خۆی نا ئاشنا بوو , منداڵێکی بزیۆی باڵابەرز , دووچاوی شینی گەش , قژیکی شەپۆلاوی درێژ .

ڕۆژێکیان بەڕێکەوت لەبەردەم ئاوێنەی ژووری گەرماوەکەیاندا سەیری خۆی دەکرد . لە ناو ئەندامەکانی ڕوویا لێوەکانی لە هەموویان زێتر لاجوان و بەدڵ بوو , بزەیەك گرتی و لێوەکانی فراوان بوونەوە ; زانی نهێنی جوانی ڕووی بە دەم و ولێویەوەیەتی , لەتەك وێنەکەی خۆیدا کەوتە گفتوگۆیەکی بێ دەنگ . بە ئەسپایی سەری زمانی باریك کردەوە لێوەکانی پێ ختوکەدا . نەرم ونیانی و تەڕی وپاراوی لێوەکانی بە ڕۆح ئاشناکرد . وەك زیاتر دڵنیای بە خۆی بدا وڕاستگۆی زمان و

ناسکی لێوی بۆ دەرکەوێت . دڵی پەنجەیەکی بە لێوەکانیدا خشاند . جارێکی تر زمانی لە ناو دەمیدا تەڕکرد و بەسەر پانتایی لێوەکانیدا هانی و لێوەکانی بە تەڕایی زمانی ڕەنگیان سوور هەڵگەڕان . هێشتا منداڵ بوو بیری لە بەکارهێنانی ڕەنگی لێو نەکردبۆوە , کەچی ڕەنگی لێوەکانی وەك سوراوکرابێتن ئاوا ئاڵ بوون . دەستێکی بە برۆکانیدا هانی و چاوەکانیشی خستە ژێر سەرنجی بینینەوە, ئەم بەشەشیان جوانە و بێ هەڵگرتن برۆکانی هاو سەنگی وێنەیەکی جوانی چاوەکانی کێشابوو . پەنجەیەکی دەستی کرد بەشانە و لە ژێرەوە شەپۆلی قژەکانی پێداهانی , هەمووپارچەکانی ڕووی ( چاو , لوت , لێو , ڕوومەت و قژی) تێکەڵاوکرد و وێنەی ڕووی کیژۆڵەیەکی تەمەن خونچەیی کێشا . کەمێك لە خۆی ڕاما , قریوەیەکی کرد و ئاوێنەکەی بەجێهیشت . لە ناو دەرگای گەرماوەکەدا وەك پێی بڵێ جارێکی تر بۆ ژووانت دێمەوە ئاوڕێکی لە ئاوێنەکەدایەوە . لەسەرقەنەفەی ژووری میوانەکە لەسەرپشت پاڵکەوت , دەستێکی خستە ژێر سەریەوە , دەستێکی تری خستە سەر نەرمایی سکی , بەدڵی پەنجەیەکی ختووکەی پێستی سك ونەرمۆڵەکانی دەوری ناوکی دەدا , لە تەك نەرمە خەیاڵیدا گەمەی بە لاقەکانی دەکرد , بیری لە قۆناغی نوێی ژیانی دەکردەوە , پرسیارێك هەستی

ڕاچڵەکان و قاچەکانی لە جوڵە خست , هەر بە پاڵکەوتنەوە کەمێك سەری بەرزکردەوە , بە دەستێکی یەخەی بلوزەکەی فراوانکردو دووگۆپکە پەمەیی یە تازە هەڵتۆقیوەکەی سەرسنگی . حەزێکی ئاگراوی بۆ بینینی جەستەی لا دروستکرد , لەسەر قەنەفەکە ڕاپەری و بە پرتاو بەرەو ژووری گەرماوەکە ڕایکرد . دەرگاکەی لەسەرخۆی داخست , چووەوە بەر ئاوێنەکە , بە پەلە بلووزەکەی داکەن , جووتی گۆمەزی هەڵتۆقیوی گۆپکەداری پەمەیی سەرسنگی بە قنجی بینی , لێیان ڕاما و بەئاستەم بە پەنجەیەکی دەستی ڕاستی ختوکەی گۆپکەی مەمکی چەپی دا , وەك قەبارەی بپێوێ مستی پێداکرد , خۆی بە خاوەنی سامانێکی مەزن دانا , بیری لە ناوك وخوارتری جەستەی کردەوە , تائێستا بە هەستەوە دیقەتی گەندەمووە ئاڵوزکاوە نەتاشراوەکانی بەر موسەڵانی نەدابوو .. زنجیری پانتۆڵە کابۆکەی ترازان , تا سەر ئەژنۆکانی ڕووتیکرد و بەئەسپایی دەرپێ کورتە تەنکەکەی داکەن , هەناسەیەکی بە تووکە ئالوزکاوە پلیشاوەکانی ژێر دەرپێکەی دا و گومەزە گۆشتنە خرپنەکەی بەرموسەڵانی کەمێك گوومەزتر بوو , مستی پێداکرد و کەمێك بێخی تووکەکانی ختوکەدا . چونکە یەکەمجاربوو لەویستی رۆحیەوە دەست بۆ بەرموسەڵانی بەرێ شەرمداگیرت و لە ناو ژوورە

تەنیاکەی گەرماوەکەدا ئاوڕی شەرمی بەلای چەپ وڕاستی خۆی دایەوە , پشتی لە ئاوێنەکە کرد و لە دواوە ڕووانیە گوومەزە قنجەکانی سمتی .چەند جارێك بە لەپی هەردوو دەستەکانی هەڵیگلۆفتن . هەموودیمەنە شاراوە جوانەکانی لەشی خۆی بینی . بڕیاریدا کوڕێکی قۆز وجوان نەبێ ڕێگە نەدا هیچ پیاوێکی دەم و لێو زبر وبلح پەی بە جوانی ئەندامەکانی لەش و لێوە ناسکەکانی بەرێ , هێندە شەیدا بوو , دوای چەند ساڵێ ئەم بەڵێنەی خۆی لەبیرچووە وە . گەلێك لێوی زبر, لێوەکانی هەڵمژی , گەلێك دەست وپەنجەی تووکاوی شلکەی مەمك و گۆپکەکانی تۆران , گەلێك زمانی پیاوی بلح گۆپکەکانی سمت و ناوشان وسنگی لستنەوە.خەرمانەیە درۆی پیاوی لەمیژوویدا کەڵەکەکرد . چەندەها ژوانی بە کۆرپەی سەڕبری , بەشێ لە تەمەنی بەبێ هەناسەی عەشق بەڕێکرد .

( نازانم , دەکرێ لێو و لەشی من تایبەت بێ و پیاوان لە نهێنیەکانی نەگەن , بۆیە تائیستا پیاویك نەیتوانیەوە وەك من گەرەکمە کۆرپەی رۆحم بلاوێنێ ) .

لە بەر ئاوێنەکەدا وەستابوو تووکەکانی سەری پرژ دەکرد و بە دوای ژمارەی مووە سپیەکانی سەریدا دەگەڕا . هەر کاتێك

تووکێکی سپی زیاتری ببینیایە , دڵخۆشی خۆی بە جوانی لێوەکانی دەدایەوە .
( با پیریش بوبێتم , لێوەکانم هێندەی لێوی کیژۆڵەیەکی تەمەن خونچەیی ناسکترە )
ژووانی یەکەم : لەژیانیا یەکتریان نەبینی بوو, تەنیا لە دوورەوە لە یەکێ لە هاوڕێکانی ناوی بیستبوو , هاوڕێکەی هێندە باسی ڕۆحی ڕۆمانسیانەی و ناسکی ئەوی بۆکردبوو بە پەنجەکانی دەستی ڕۆژی هاتنەکەی دەژمارد . پێش بینین لە دەروونی خۆیدا وێنەی پیاوێکی کێشابوو کە جیاواز بوو لە گشت ئەو پیاوانەی تائیستا رۆح ولەشیان توراندبوو . ژووانێك دروست بوو . لە قاوەخانەیەکدا دانیشتبوون . تا دەمی ژوانەکە لە کورتی دەدا , میلی کاتژمێرەکەش خێراتر دەبوو . لە ناکاو هاوڕێ میوانەکە ڕاچڵەکی و بەرە ولای خانمێکی شۆخی قژ سوور و چاوشین چوو باوەشێکی هاوڕێیانەیان بەیەکدیدا کرد و لە دوورەوە ئاماژەی بۆ میوانەکە کرد , بەیەك ئاشنا بوون . لێك نزیك بوونەوە و دەستی ڕێزی ماچکرد . هەرسێکیان لە دەوری مێزێك خڕبوونەوە .چاوی شینی ئەم و قاوەیی میوانەکە لە ووشەکانی سەرزاریان زووتر و ئازاتر ویستی هەردووکیانی ئاشکراکرد و لە یەکەم سرتەی هەناسەیاندا تەزوو و وزە شەهوەتاویەکانی رۆحیان تێکەڵاو

بوون. نیگا و بزە و حەز و ڕۆحیان وا بەچڕی تێکەڵاو بوون هاوڕێکەیان کەوتە کەنارەوە . کورسێکەی وەرچەرخان و چاوی بەناو قاوەخانەکەدا دەگێڕا . بۆ ئەم , باسکردنی ناسکی لێوی و جوانی چاوی ڕستەیەکی نامۆ و نوێ نەبوو , چونکە لە سەرەتای هەموو ژوانێکی نوێدا پیاوان باسی لێویان دەکرد. بەڵام ئەم وانەبوو, پێش درکاندنی تاقە ووشەیەك پردی تەزووە ڕۆحیەکانیان زۆر توونـد دەروونی هەردووکیانی پێکەوە گرێدا.چاوەکانیان تێریان لە یەکتری نەدەخوارد و بێدەنگیش چرکەکانیانی جەڕاند بوو .

- بۆ بێدەنگی ؟ میوانەکە ووتی

بزەیەك گرتی و وەڵامی نەدایەوە , وەك گەڕەکی بێت ئەو سەرەتای چیرۆکەکەیان بنووسێتەوە .

بە دەنگێکی نێرینەیی ئارامەوە ووتی :

- تۆ دەزانی ئەگەر لێوەکانیشت نەجولێنی , ووشەیەك نەدرکێنی , لێوەکانت بە بێ دەنگیەوە سرتەی شیعرێکی ڕۆمانسی بە ڕۆحدا دەچرپێنن .؟

( چاوەکانی گەشتر کردو زەردەخەنەیەکەی سوپاساوی و بزەیەکی نازداری بۆ ئەو سەرنجە جوانەی لێوی پێشکەش کرد , دەستی خستە سەر دەستی و بە دڵی پەنجە ونینۆکە

سوورکراوەکانی ختووکەی بێخی تووکەکانی دەست و مەچەکی دەدا )

- زۆر پیاو باسی ناسکی و جوانی لێویان کردووم , بەڵام کەسیان هێندەی ئەم ڕستانەی تۆ ڕۆمانسی و شاعیرانە به وشە لێوەکانمیان نە مژیوە .

دەیزانی لە ناو چاوەکانی قاوەخانەکەدا ملوانکەی ماچەکان ناهۆنرێتەوە .

( ئیوارەیە و کۆترە عاشقەکانی ئەم شارە پڕ شۆخە , سەمای باوەش بەدەوری چرکە داهاتووەکانی ڕۆحی دوای زەردەی ڕۆژ دەکەن ) .

لە داخوازی دڵی گەیشت .

داوای لێبوردنیان لە هاوڕێکەیان کرد و قاوەخانەکەیان بەجێهێشت , بێ هێچ ئامانجی بەتەنیشت یەکەوە شەقامە سەرەکێکەی شاریان دەبڕی .

- ئەمە یەکەم جارە بێیت بۆ ئەم شارە .؟
- نا دووهەم جارە , وەلێ یەکەم جارە لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەم شارەم خۆش بوێ .
- تەنیا شارەکە .
- نا .. هەناسەی کۆترە عاشقەکانی .

- کوا کۆتری عاشق ؟
- بڕوانە ئەم شارە هەموو عاشقن , ئەو هەموو جەستە باوەشپیاکراوەنە گشتی عەشقن .
- ئەی تۆ ؟
- منیش .
- عاشقی کی ؟
- هی ئەم ژووانە ڕۆمانسی یەی تۆ .

پرسیار و وەڵامەکان بواری ناسینی نێوانیانی کورت کردەوە و کردنی بە ئاشنا شەیدایەکی تەمەن درێژ . پەنجەکانیان شەرمیان شکاو و تیکەڵاوی یەکتری بوون شەرمە ڕۆحیەکان , ترسە زبرەکانی پیاوە بڵحە درۆزنەکانی مێژوویی , لە کۆڵ دڵەخورپەی حەزی ماچ وباوەش کردەوە . باوەشیان بەیەکداکردبوو, سەریان هێندە لەیەکەوە نزیك بوون تووکە ڕەش و سوورەکەی سەریان , پێش جەستەیان تیکەڵاو بووبوون ؟

- بۆ کوێ بڕۆین ؟
- بۆ ئەوشوێنەی هەستە ڕۆمانسیەکان تێیدا گەشە دەکەن , دەبێ ئیمشەو تۆ ڕێببینم بی , بچین بۆ ئەو شوێنەی بڤە نەکەنە بەری ماچەکانمان ؟

کە ووشەی ماچی دەبیست موچوڕکە بەڕۆحیدا دەهات . مووچوڕکەی حەز و مووچوڕکەی ترس . لەبەر ئەوەی زۆر لێوی زبر , لێوەکانی ترساند بوو , لە مێژەوە مەلۆی حەزی ماچی ڕۆمانسی لە رۆحیا خەرمانەی خست بوو و چاوەڕێی شنە بای دەروونی نێرینەیەکی بەهەست بوو . ئاخر وایە , هەموو پیاوێك نازانێ ماچ بکات , چونکە ماچ هونەرە . تەنیا مژینی گۆپکە و شوێنە ناسکەکانی لەش نییە . ماچ هەلمژینی ڕۆحە , ڕۆحیش زۆر ناسکە . بۆیە تەنیا هەستە ناسکەکان دەتوانن پەروەردەی بکەن. یانی عاشق هونەرمەندی ماچە . ئەمانە و هەزارەها ڕستە ویستی دلی چاوەڕوانی بەستبووەوە بە ڕۆحی میوانێکی کەم تەمەنی شارەکەیەوە . بیری لە قسەکانی هاوڕێکەی دەکردەوە.

( ئەگەر ئەو میوانە دوور وولاتە هات ئاگات لێبێ , ئەو قەدەرێکە تەنیایە , وەلێ لەبەر گڕی حەزە دەرونیەکاندا دەواری حەزی هەلداوە , ئاگات لێبێ . ئەو میوانە دوور وولاتە نووسەرێکە ڕستەکانی دەکات بە چاوەزار و لە گەردنی عاشقانی ئەم دنیایەی دەدا , خەمخۆری زەردەخەنە تۆراوەکانی مرۆڤە . زۆر عاشقە عاشقی گۆپکە . لێو , بنباخەل , بەرمووسەلان , تال تالی بۆنی قژی ئافرەتە . زۆر

ناسکە ناسکترە لەو هەستەی تەمەنێکە تۆ وێڵی بە دوایدا )

.

بەبێ دەنگی گەیشتنە قەراخ ڕوباری ( نێڤا NEVA )
ئاوڕێکی لێدایەوە پێش ئەوەی لێوەکانی ووشەکان پەرش بکات بە شنەیەکی شینی چاوەکانی با ئەم ئیوارە ناسکەمان لە نێو ڕووبار و بەلەمدا بنەخشێنین .
ئێوارەیە و کزەبایەکی بەئاستەم گەرووی شار و باڵای ڕووبارەکەی گرتبوو . لە ناو بەلەمەکەدا پێکەوە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون. نێوانیان تەنیا بە ڕەنگی بەرگەکانیاندا جیادەکرایەوە, دەستێکی لە دەستیدا بوو دەستێکی تریشی لەسەر شانی وەك دووعاشقی ئاشنای چەند ساڵەی لێك دابڕاو جووت بوون . ئەم زیرەی بۆ لێوەکانی ئەو کردبوو , ئەویش سوتاوی هەڵمژینی هەناسەی ئەم میوانە تازەیەی بوو . ملی لارکردەوە و ڕوومەتی ماچکرد , ئەویش سەری کەمێك جوڵاند تا لێوە قاوەییەکانی فراوانترین پانتای ڕوومەتی بگرێتەوە . لێوەکانی بەرەو سەرەوە خشاندو چەپکی هەناسەی گەرمی بەگەردنیا پژان وشلکەی گوێکانی دەمژی . تاماچەکان کاتیان زۆر بوایە ئەو ئەوەندە بە گوشینی پەنجەکانی ڕەزامەندی ماچەکانی ئاشکرا دەکرد زۆر

شارەزا بوو لە هەڵبژاردنی شوێنی ماچەکان , هەموو ڕەگە ووردیلەکانی ڕۆحی لێوی دەزانی وماچی دەکرد . کە گەیشتە سنور لێوەکانی موچڕکەیەکی ناسك گرتی و پەنجەکانی خستە سەر لێوە قاوەییەکانی و بەچاو پیێ ووت ( هێشتا زووە بۆ ماچی ناو دەم . دەزانم مامۆستای ماچی , ئارام بگرە تا ترسی ماچە زبرەکانی پیاوە بلًحەکانم لەیاد بچێ .

سەریان نابوو بەسەری یەکترییەوە پێکەوە دەیان ڕوانیە شەپۆلی ڕووبارەکە , هەریەکەیان بەجیا بیریان لەچەند کاتژمێری داهاتووی دوای سەفەری سنگی رووبارەکە و شەو دەکردەوە .

( نا ئیمشەو ماچی ناو دەمی نادەمێ .... تا ژووانی بەیانی حەزی بکوڵی , هەناسەی دەروونی بمسوتێنێ , تا ژووانی بەیانی ماچی ناو دەمی نادەمێ . تا حەزی سووێی دەبێتەوە . ئای کە خۆش دەبێ بەو هەموو گڕەوە ناو دەمم بمژێ ... نائیمشەو ماچی ناو دەمی نادەمێ .)

( نا با ئارام بگرم , با لێوەکانی بۆنی شەرابی خواشی لێبێ , دیارە زۆر ترساون و زۆر بە لێوی نەشارەزای پیاو ڕوشاون .ئا وایە شەرابی لێوەکانی تا کۆن ببن تامی خۆشتر و کاری مەستی زۆرتر دەبێ .)

ژووانی دووەم : وەك حەز بە ئازاری چاوەڕوانی بكات , پێش کاتی هاتنەکەی بە ماوەیەك چووە شوێنی ژووانەکە .... هەر کە لە دوورەوە دەرکەوت , دیمەنی جوان و ڕێکخستنی قژ و سپۆرتی جل و بەرگەکانی , زانی ئیمشەو پلانێکی عەشقانەی بۆ سەمای چرکەکانیان داڕشتوە . وەك گەرەکی بێ چاوە بێگانەکان دیمەنی ماچەکان نەبینن . وەك گەرەکی بێ چاوی زەقی پیاوە چلێس و سەرخۆشەکان مۆسیقای ماچەکان نەشڵەقێنن . بردیە سوچی باڕێکی تاریکەوە . هەردووکیان لە دەوری ئەو پرسیار کۆبووبەنەوە ئیمشە و ملوانکەی ماچەکان دەهۆنینەوە .؟ ئیشمەو لێوەکانمان تەزوویی ئاشنایی و حەزی یەکتری دەمژن ؟ هەناسەمان , تەڕایی سەری زمان و دەممان تیکەڵاو دەبن . ئیمشەو پەنجە تووکاویەکانی بە گۆپکەکانم تێر شەهوەت دەبن ؟ , ئیمشە وچی ڕوودەدات , چۆن هەنگاو بنێم ؟ چۆن هەنگاو دەنێت ؟ , لەچیەوە دەست پێبکەین .؟ پەرداخە کۆنیاکەکەیان بەرزکردەوە وبە خۆشی شەوێکی باوەشاوی ڕووت بینیان پێوەنا . تا ژمارەی قومەکانیان زیادی بکردایە ئۆقرەیان باڵاتر دەبوون . لە تەنیشتیەوە هەستاو هەردوو ڕانەکانی جووتکرد و چووە باوەشیەوە . پیش ئەوەی لێوەکانی بمژێ

, وەك ئامادەی چەپکە ماچێکی گەرم بکات بە دڵی پەنجەکانی کەمێك ختووکەی لێوەکانی داو دواجار سەری زمانی ترازاندە نێوان لێوە قاوەییەکانیەوە و قردێلەی ماچێکی نیو دەمێان بەست . چەشنی ئەوەی لە تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسیدا سەرکەوتوو بووبێت , ترسی ماچی لا نەما , پەنجەکانی خستە نێو قژە ڕەشەکەیەوە , سەری خستە نێوان مەمکەکانیەوە , ئۆخەی بە ڕۆحیدا تێگەیشت ئەم میوانە ڕۆمانسیە وەستای چنینی گوڵی ماچە . ئەو شەوە چەند ژمارەی پێکی کۆنیاکە بەتاڵەکان زیاد ببوایە , ملوانکەی ماچەکان درێژ دەهۆنرانەوە . تا مۆسیقا و تیشکی گڵۆپەکانی بارەکە کۆتایی شەوەکەی نەچرپان , ئەوان لە چنینی گوڵەماچ نەبوونەوە .

لەنیوان ئاسمانی مۆسکۆ و فرانکفورت دا 2003/05/05

## ژوانی سیهەم

## له دووبۆڵه ترێی سووری دەمی خوا

ئەم كورته چیرۆكه پێشكەشه به برای پێشمەرگەی میدیای كوردستان نیت , كاك عومەر فارس .

که تۆ ڕۆیشتی بۆ دواجار نیگای چاوەکانمان لە یەك پچڕان ,....
شەو و ڕۆژێکی تەمەنم بەبێ خەو بەیەکەوە گرێدا , .... چواری بەیانی بوو , مێزەکەمان جێهێشت , هێشتا تەڕایی لێوەکانمان بە لێوی پەرداخە کۆنیاکەکانەوە , ووشك نەبووبوونەوە . مۆمی سەرمێزەکە , تەنیا کەوت و هێندە بە خوڕ بۆ کۆتایی تەڵخی ژووانەکەمان گریا ... تەمەنی لە تەمەنی دوا نیگای چاوەکانمان کورتتربوو .

که بارەکەمان چۆڵکرد, زۆر بە ساردیەوە دەستی یەکتریمان گرتبوو ... لاقەکانمان توانای هەنگاوی بە خاڵی جیابوونەوەمانی نەبوو . بێ پرۆشەی ئاوڕشێنی ڕۆح ماچ , بێ باوەش و سۆز ... دەست و ناوچەوان ماچکردن , قژ

بۆنكردن و ئاوڕدانەوە . لەبەر قاپی باڕەكەدا هەر یەكەمان دژە ڕێچكەی ڕێگەیەكمان گرت . چەند هەنگاوێكمان بڕی , لە ناكاو زریكەی ماچە سەربڕاوەكانی ڕابردوورمان , ڕۆحمانی ڕاچڵەكان و لاقەكانمانی لە جووڵە خست . لە جێگای خۆمان هێشك بووین و ئاوڕمان لە یەكتری دایەوە , ئەو لە سەر لا وەستابوو , دەستەكانی خستبووە گیرفانی پاڵتۆ چەرمە سوورەكەیەوە . چاوەشینە خەواڵو و ماندووەكانی نوقمی كۆمەڵە پرسیارێكی ئاڵۆسكاوی ئایندەی بووبوون .

پڕ بە دڵ دڵم دەیویست بۆ دواجار . دوو بۆڵە تریێی لێوەكانی , گەر بە لێوەكانیشم نەبێ , كەمێك پەنجەكانم شیلەی بمژن , وەلێ چاوی زەردی دڕكەزییەكانی سەر لێوی , چاوی حەز و دڵی پەنجە و نەرمی لێوەكانمی تۆقاندبوو .

وەك دوو مۆمیا بەرامبەر یەك وەستابووین , نێوانمان بە قولانجێك دەپێورا و شەیدای باوەشی یەكتر بووین .

- بۆچی وەستای ؟ !! بۆچی هاتی ؟!! چیت لای من جێماوە ؟ دەزانم تاوانبارم گەر لێوەكانم بە یاسای ڕۆحی پیرۆز و ڕۆمانسیتی تۆ حەرام بوون ؟ , تكایە بە خێریش بێت .. توو خوا تا زمانم ووشك دەكات , بۆ دوا

جار بیمژە و قردێلەی یادگارێکی ڕۆمانسی لە ئاگریجەی میژووە کورتەکەمان بدە . ئاخر دلڕەقی لە تۆ و ڕۆحی ڕۆمانسیێتیت نایە . بۆ بە درێژای شەوەکە تاقە قردێلەیەکی ووردی ماچت لە ئەگریجەی ڕۆحم نەدا ؟ ئایا ئەمە تاوان نییە لە ڕۆح دەکرێ؟ خۆ مەلۆتکەی نووسینەکانت بە ڕۆح قووماتکراوە ؟......ئەی بۆ هاتووی ؟ دەتەوێ قەدی بالآی خەمەکانم بە بالآی خۆت بپێوی .؟؟

( لە گەلّ ووشەی پرسیارەکاندا هەزارەها ووردە دڕکەزی لێوەکانی بە ڕۆحمدا دەچزان )

_ نا , بۆچی نالّێیت هەردووکمان وەك میقات و لەم کۆتاییە پڕ داخەدا لە یەك ساتا وەستاین ؟ من وەستام تا لەجیاتی هەلّمژینی بۆنی گولّی لێوەکانت , چەپکە دڕکەزییەك بچنم و بیکەم بەیادگاری تەلّخی کارەکانت و بە کۆتایی ئەو مێژووەی . تۆ پالّەوان . نووسەر, ڕۆح , هێز , ناو , هونەری و تەلّخکەر و خاشکەری دوا دەنکە گەوهەری ملوانکەی ماچەکانمان بووی ,

_ من نووسەرنیم ... تۆ لە ناو نووسینەکانتا دەژیت , چەپکە دڕکەزی بۆ یادگاری نووسەرێکی ڕۆمانسی هەلّنجی

خوێنی لێدی ... توو رۆحی ماچەکانی سەرەتاییمان ... وێڵم بکە , لە فەرهەنگی حەز و ڕۆمانسێتی خۆتدا توورِم بدە ,,, توو خوا وەرە قردیلەی یەك ماچ لە زمانم بدە .
( وەك دوو تنۆك فرمێسکی قەتیس ماوی چاوی شەوەکە بە یەکەوە وەستابووین )
_ INNA بۆ وات لێهات ؟؟. بۆ ڕێگەت دا وات لێ بکەن ,؟؟ کردیانی بە بازرگانی ماچ وهەڕاچکەری گۆپکە ومەمك ولەش . لێم ببورە , ناتوانم وەك ژووانی یەکەم ودووهەم بۆنت بکەم , ماچت بکەم , پەنجەکانم لەپەنجەکانت ترساون . لێوەکانم لە لێوەکانت تۆراون !!! لەوساتەوە کرای بە کاڵا .. گوڵی ماچی لێوەکانتیان بە تۆوی دڕکەزی ڕووان ... ناتوانم ماچت بکەم , لە ژووانەکانی ڕابردوودا بۆنی دەمت بۆنی بەهەشت و لێوەکانت تامی بۆڵە تریی دەستی خوا و قژەکانت بۆنی پەنجەی شانەی کەنیزەکانی دەوری خوایان لێدەهات . تامی گۆپکەکانی مەمکت , تامی خونچە تازە پشکوتووەکانی باخچەکەمی گرتبوو , ئەمە چی بوو کردت ؟ چیت لە خۆت و من و میژوویەکی پڕ واڵا وچەپکە ماچ کرد ؟ ساتانێکی خۆش . بوکێکی ڕووتی چاوشینی ژێر خێوەتی شەو و ئاسمانی ڕۆمانسی حەزەکانم بووی , ئەرێ دوای من

کێ دەزانێ تەڵەی چ دۆلار و ئەورۆیە گوومەزی سمت و وگۆی مەمك و سەرتاپای لەشی ڕووتت  دەجنێ .؟؟؟؟

_  لەم پرسیارانە گەڕێ قوتابخانەی من سەرسەری وهی تۆ جوانی و ڕۆمانسی . من دەزانم نە کەڵکم بۆ تۆ , نە بۆ هیچ پیاوێکی تر و خۆشم نییە , دەزانم ئەو ڤایرۆسانەی منیان تەپان . تۆوی دڕکەزیان لە سەر لێوم ڕووان , گشتی ماکی هەناسەی دەمی پیاوانی بڵح و خاوەن دۆلار و ئەورویە . ئاخر بۆیە بە هەناسەی لێوی ڕۆمانسی تۆ نامۆن و دەبینی لە جیاتی گوڵ دڕکەزیی دەردەدەن , لێم گەڕی لە توونی ئەو تاریکیەدا بژیم کە بە کاڵڤامی هەڵمبژارد .

( ڕەنگی چاوە شینەکانی وەك ڕەنگی گلۆپێکی کزی شینباوی سەر ڕووی چەند دلۆپ شەونمی سەرلە بەیانی ... لە ناو فرمێسکە قەتیسماوەکانی چاویدا ئاوڕینگی شینی دەپژاند .)

لیێ نزیك کەوتمەوە ... قولانجەکەی نێوانمان تەسك بووە وە . بە نیازی مژینی سەری زمانی , لێوەکانی  بە ئاستەم لەیەك ترازان و سەری زمانی بۆ مژین ئامادەکرد . نە پەنجەکانم , نە لێوەکانم زاتیان نەبوو لە دەم ولێوی نزیك ببنەوە .

_ ئەی گوڵە هەڵوەریوەکەی سەر پێخەفی دۆلار و ئەورۆ , کە دەزانی من ناتوانم چەپکە دڕکەزی لێوەکانت بچنم و تەڕایی سەری زمانت بمژم . ڕێم بدە با چەند تاڵ لە قژی سوورت بکەم بە پرچێکی سوری باریك و لە ناوچەوانی ماچەکانی ئەرشیفمانی بدەم ..

( بەهەنگاوی پاشی ... پاشەوپاش و ووردە ووردە لێم دورکەوتەوە ) چاوەکانم لێنەتروکاند , تا وەك پەڵەیەکی ڕەش ...ڕەشایی شەوەکە قوتیدا

06,2003 لە شەمەندەفەری نیوان مۆسکۆ و سانپیتربۆرگ

## ژوانی چوارەم :

# لە
# دووبۆڵە ترێی سووری دەمی خوا

بۆ هەمیشە نەمبینیەوە

# هەوری ئاسمانی ژووری نوستنەکەم

له ناوەختی دەروونێکی گینگڵ خواردووی شەوێکی تەنیاییدا , پەڵە هەورێکی سپی وبێگەردی وێڵی ئاسمانی مۆسکۆ ڕژایە ژووری نووستنەکەمەوە . ڕایچڵەکانم , زۆر بە ئەسپایی لە دەورم ئاڵا , تێئاڵاندێك دەیویست لەشی گەرم وگوڕی گەرمیانیم ★ لە ئامێزی سارد و سڕ و تەزیویدا بتوێنێتەوە و هەڵمبمژێ . چوارپەلی لێپەیدا بوو و باڵایەکی قەدبڵندی کەمێك خرپنی شوشەیی . جووتێ مەمکی نەمژراوی سروشتی . لە تەك خۆیدا دووئەستێرەی تازە لە دایك بووی ئاسمانی مۆسکۆی هانیبوو کردبوویە چاوی . ئا , دووچاوی گەش و نەرم و نیانی ڕۆمانسی شەرمن و نائاشنا. پریشکی مێژوویەکی چاوەڕوانی پڕ حەزی ماچی لێدەپرژا , شەپۆلی قژێکی خورمایی کاڵ , وەك ڕەنگی قاوەیی تەریوی پەلکە زێڕینەی دوای بارانێکی کەم , بە لامل وپشت و گەردنی ڕووت وگوومەزی نەرمۆڵەکانی سەرسنگیا

ڕژابوو . گۆپكە پەمەییەكانی مەممكی وەك تینووی هەڵاوی دەمێكی دەروون گەرم بن , ئاوا ئاگام لێبوو فوویان لە تاڵە مووە ڕژاوەكانی سەر زمانیان و سەرەتاتكێیان لە تەك تەڕی لێوەكانما دەكرد . لەسەر تەختی نووستنەكەم وەك پەیكەری خانمێكی هەوری بە ڕووتی وەستا . بە زمانیكی زۆر نیان , هاتە دووان . ووشەكانی تامی شیعرەكانی پۆشكین و دەنگی , دەنگی نۆتەكانی چایكۆفسكی و هەناسەی بۆنی (كڤاز )*ی لێدەهات . باوەشی پێداكردم و بە عەزرەت بوو منی گەرمیانی لە ئامێزی تەزیویدا بتوێنێتەوە . بە سۆزەوە سەری خستمە نێوان هەردوو نەرمۆڵەكانیەوە و توند بەخۆیەوەی نوساندمی , گۆپكەكانی مەمكی یەك لە دوای یەك خۆیان ترازانە نێوان لێوەكانمەوە و لەتەك سەریزمانما بازی ختوكەیان بەیەكتری دەكرد , بەلەشی هەورییدا شۆڕبوومەوە , چاڵی ناوكیم مژی , بۆنی بە هەشت وسروشتێكی ڕەسەنی ڕووسی لێدەهات , زۆر هەوڵیدا بمكا بە چەند نمەیەك و بمتكێنێتە ناخیەوە . كەمێك خۆم ترازان پێم ووت .

ئاخر ئەی کچی هەور چۆن گەرم لە ساردا دەتوێتەوە ؟
( بە هەردوو دەستە هەوریەکانی سەری گرتم وچاوە ئەستیرەییەکانی برِیە قولایی چاوە قاوەیەکانم و ناسکە ماچێکی لێوەکانمی کرد و بە ئەسپایی ) ووتی :
ئەدی تۆنازانی گەر دەروونی تەزیوی منی هەور گەرم ڕابێ , چ هەورە بروسکەیەك لە دایك دەبێ؟ دەمەوێت پێش گەرمڕاهاتنی دەروونم , گەرمی دەرونت هەڵمژم , من دەمێکە لە ئاسمانی تەزیووی مۆسکۆوە لە چاوەڕوانی هەورە بروسکەی حەزێکدام , ڕووم تێناکات . بۆیە وا وێڵی وڵاتێکی نامۆو ژوور و باوەشی تۆم . وا من هاتووم . تینویتی چەند ساڵ چاوەڕوانی و گلەیی سەختی ڕۆحم بۆ تۆ هانی دە ئازابە ئەی گەرمیانیە تەنیاکە . با وەك تەریوی دوو دونیای جیا , لە ناو یەکدا بتوێینەوە. دە ئازابا لە ناخی دەروونی سروشتی من دا . لە جیاتی ڤۆدگا نەك قومێ تا خوا حەزدەکا (کڤاز )ی حەزم بنۆشە . منیش لە باخەڵتا ڕۆح دەچنم .
من چەند ساڵە وێڵی ئاسمانێکی بێ باوەشم . ئەدی دەخیلتم پێم ناڵێیت تۆ چەند ساڵە لە کوێیت ؟
من هاتووم چرکە مروارییە پڕ تەکان و سرتە و حەزەکانی ئەم سەردانە کورتەم , بکەم بە ملوانکەی مێژوویەکی پر سەروەری و

له گەردنی تەمەنمی بئالێنم . بەڵین بێ کە گەڕامەوە , ڕۆمانی ماچەکانت و شیعری هەناسەکانت , نۆڤڵی تەکانەکانت , بۆ هاورێ هەورە تەنیاکانی ئاسمانی مۆسکۆ بخوێنمەوە . دە مەترسە و وەرە مژ لەم ڕۆحی چاوەڕوانییەم بدە , وەرە تەکان لەم لەشە شووشەییە پڕحەزەم بدە . وەلێ تۆبیوو توو ڕۆحی ڕۆمانەکانت , لە عەزرەتا پێستی سپی و کاڵم مەڕوشینە و ڕەنگی پەمەیی گۆپکەکانم مەژاکێنە , ئا ووریابە , لێوەکانم بەرگەی ماچی شێتانە و مژینی توند ناگرن و بە گاز مەیانترسێنە . ئاخرتۆ نازانی لە ناو هەورەکانی مۆسکۆدا من ( شۆخە نازناوم ) ؟ کە گەڕامەوە با لە جیاتی شەرم شانازی بە ماچەکانتەوە بکەم , ئا بەڵێن بێ مۆری لێوە ڤاوەییە گەرمەکانی سەر لێو و گۆپکە وسنگ و گەردن و ناوك و کیشوەری لەشم نەسڕمەوە , ئەزانی بۆ ؟ با هەورەکانی هاوڕێم بڕوابکەن کە منی سەر هەڵگرتووچەند بوخچە ماچم بە ڕۆح پێچاوەتەوە . هەر ماچێکی مۆری ڤیزەی سەفەری ژووریکی پڕ عەشقە . وەرە , وەرە پاڵەوانی خەوە ئەرخەوانیەکانم , تا گەرمی ڕۆحت مۆڵەت دەدا تەکان بدە , تەکانەکانت چەند گەرم بن زیاتر تینوێتیم دەشکێنن . ئاخر سروشتی دەروونی هەور وایە کە گەرم دابێ, لێزمە بارانی عەشق بە سەر زەویدا دەبارێنێ .

پاڵی خستم , به ئەسپایی ڕووتیکردم . زمانی به سەر تووکەکانی پوزو شلکەی ڕانەکانما هانی . تاقه تووکێکی سەرسنگم نەمابوو له ڕەگەوه بۆنی سروشتی کوردستانی لێهەڵنەمژێ . لەشی بووبه چەتره هەورێکی سپی وسۆڵی خرپنی پڕعەشق و هەموو جەستەمی له باوەشگرت . هەناسەی دەروونی گەرمڕاهات و چەند پەڵەیەك له لەشی هەوری چڕبوونەوه وبوون به نمه و دوای هەوره بروسکەیەکی ئۆف ئۆف . لێزمه بارانێکی بەسەر ڕۆحما ڕژاند . دوا تنۆکی تەڕایی لەشمی مژی و به ئارامی بەره و ئاسمانی ژوورەکەم فڕی .( پەلیم گرت و هاوارم لێکرد)

ئەی کچی هەور بێ ناونیشان بەجێهیشتنێ بۆ کۆی دەڕوێت ؟ به بێ ژمارەی تەلەفونێ , ئەدرێسی ئیمائیلی , بەڵێنی ژووانیکی ترێ جێم دەهێڵی ؟

دەڕۆم بۆ ئاسمانەکەی خۆم , ئاسمانی عاشقه تەنیاکانی مۆسکۆ . ئێستا دەسته خوشکەکانم چاوەڕێمن , چاویان بڕیوەته ڕێگەی ئاسمانێکی بێ من , چاویان ناچێته خەو تا چیرۆکی ئەم سەفەره پڕ ماچ وتەکان و هەڵمژینەیان بۆ نەگێڕمەوه . ئۆقره ناگرن .

- دەپێم بڵێ .... کەی دێیتەوه ؟

- نازانم !!!! وەلێ هەردێمەوه . ئاخر تەمەنێکه من ئەودالی باوەشێکی گەرمم . وا ئیمشەو چەشتم دڵنیابه چۆلەکەی ئەم

ڕۆحەی من ئیتر بێ سرتەی گەرمی هەناسە وتەکانەکانی تۆ ئۆقرە ناگرێت , هەردێمەوە .

- تکایە تا دێیتەوە و ڤیزەی هەمیشەیی ژووری نووستنەکەم وەردەگریت , قوربانت بم چەند چڵ لە پەنجەکانتم بۆ بەجیبهێڵە و با لەجیاتی تۆ , بێخی مووەکانی سەرسنگ و بەرمووسەڵانم ختوکە بدەن و بمخەنە خەو.

- نا نا هەورەکانی هاوڕێم بێ پەنجە منیان ناوێ . دەڵێن تۆ لە سەفەری عەشق و ڕووتیدا بوویت یان جەنگێکی جەرگ بڕ . وا بێ پەنجە گەڕاویتەوە . نا چڵە پەنجەت نادەمێ . ئاخر نازانی ڕۆژی چەند جار پەنجەکانم دەکەمە شانە و لە بەر ئاوێنەی دەریای ڕەش و شەختە سەهۆڵی سیبریادا پرچی پەلکەزێڕینەی پێ چەپك دەکەم . زویر مەبە تا جاریکی تر دیمەوە . دەبێ لەگەڵ یادگاری سرتەی ماچەکان , ئۆڤ تەکانەکان , مۆسیقای هەناسەکان بتلێتەوە . وەلێ بەڵێنت پێدەدەم هەموو شەوێك پێش نووستنەکەت و زۆر بە ئارامی و لە سەر ئاوازی ماچەکانمان بەشیعر لای لایەی ڕۆحی گڕ گرتووت بۆ بکەم . ئارامبگرە ئەی گەرمیانیە شەیداکە , سەفەری خۆشەویستی زۆر ناسك و دژوارە پەلەمەکە

هەردێمەوە لە تەك مەڵۆی حەزی جێماوی تەمەنێکی درێژدا دێمەوە , پەلەمەکە , لەم سەفەرە پڕ عەشق و تەکانەدا هەزارەها چرکە و ووشە دەبێ بە قوربانی . سەردەمێکە ڕێچکەی تەمەنی وێڵم سات لە دوای سات بە بەرچاوما گوزەر دەکات و نەچەپکە گوڵێکی ماچی گرتووە و نە باوەشێکی شەهوەتاوی . من ئیستا تۆم هەی . ئیتر چرکەکانم بۆ تۆ مەڵۆدەکەم . ئیتر هەناسەکانم بە بۆنی هەناسەت بۆندار دەکەم, ئیتر لە وێوە . لە ئاسمانی مۆسکۆوە , سەردەخەمە سەرسنگی نەرمی هەورەکانی هاوڕێم و بیرت دەکەم, خەفەت مەخۆ هەردێمەوە .من لەوێ زۆر تەنیام وکەس شك نابەم لە ڕۆحی تۆ زیاتر گەرمی لێبچنم , تۆش لە ژوورەکەتدا وەك من . ئەو ساتانەی شنەی هەناسەی شەپۆلەکان هەڵدەکەن و بەرەو قوڵی ئاسمانێکی بێ سنورم دەبەن هەست بە تاوانێ لە سیەکانم دەکەم . چونکە بۆنی ژووری نووستنەکەتم لێدوور دەخەن . ئارامبگرە پاڵەوانی چرکە ڕۆمانسیە ڕووتەکانم , سەردەمێکە من وا دەژیم و لە چاوەڕوانی لەشی گرمیانییەکدام . هەردێمەوە . ئەمجارەیان کە هاتمەوە , بەدیاری

شانۆنامەیەکی نەبینراوی ئێرۆتیکی ستانسلافسکیت بۆ دێنم و پێکەوە دەبین بە دووئەکتەر لە سەر تەختی شانۆی ژووری نوستنەکەت نمایشی دوو عاشقی ڕووت دەکەین , کە هاتمەوە ملوانکەیەك لە دەنکە مرواری هۆنراوە وونبوەکانی دەریای ڕۆمانسی پۆشکینت بەدیاری بۆدەهێنم و لە پشووی ژەمە سێکسیەکاندا سەردەخەمە سەر سنگە تووکاویەکەت و هێدی هێدی بۆت دەخوێنمەوە . پەلەمەکە , هەردێمەوە ترپەی دڵم.

وورده و وورده تەنك بوو و لە قوڵایی ئاسماندا توایەوە بە

تەنیا ڕووتی لە ژووری نوستنەکەمدا بەجێیهێشتم .

٭ گەرمیانی ( مەبەست باشوری کوردستانە کە لە چاو بەشەکانی تری کوردستان بە گەرمیانی کوردستان ناسراوە ) .

٭ کڤاز جۆرە خۆاردنەوەیەکی ڕۆسیە و زیاتر لە هاوین وکاتی گەرمدا دەخورێتەوە . 2002-9-

# قەیرەخانم

زۆر دەمێکە من ئەودالّی شەوێکی جووت و خەونی باوەشی پیاوێکی سنگ زبرم و نایەتە دی !. زۆر دەمێکە ڕۆحم دەگوشم و لە زۆر نیگای پیاو , ئاخ خۆشم نازانم بۆ هەلّدێم ؟ , ئەودالّی پیاوێکم بتوانێ کەللەی ڕەقم ڕا بکا و لێم تێبگات . تۆش یەکەم پیاو نیت . بروسکەی نیگای حەزم تێدەگریت , دنیای من دنیایەکی سەیر وسەمەرەیە , دنیای ئافرەتێکی ئاسایی و ئاسانڕام نیە . بەس تیشکی نیگاتم تێ بگرە .ئاگات لێیە پێش ئەوەی بگەنە سنوری مێزەکەم گشتیان سووتان .؟ نازانم ئەم پیاوەش وەکی ئەوانی تر بێ ؟' ئارام نەبێت و نەتوانێ ڕامم بکات ... ئەمانەی لەبەر خۆیەوە دەوت و, نیگای پیاوە قژ ڕەشە بژە چاویلەکە لە چاوە تەنیاکەی سەر مێزەکەی بەرامبەری خستبووە ژێر چاودێریەکی نهێنیەوە .

دوای ناردنی چەپکە بروسکەیەکی سەرنج . پیاوە قژنەکە خۆی بۆ نەگیرا و بە پەرداخە شەرابەکەیەوە , چووە سەر مێزی ئافرەتە تەنیاکە .

- شەوباش باش ,,, هەردووکمان تەنیاین .... هاتووم دەلاقەیەك لە سەر ڕەشی ئەمشەوەمان بکەمەوە ....دێیت لە تەکما؟؟؟
- بێ تەوقەی نیگاکان ,,, چۆن زاتت کرد و هاتیتە سەر مێزی ئەم شەوەم ؟؟ . لە کاتیکدا چەندەها تیشکی نیگاتم هەر بە ساوایی و پێش ئەوەی بگەنە سنوری مێزەکەم کوژانمنەوە ؟؟ پێت نەزانی ؟؟؟ ئەی بۆ هاتی ؟ لەوە دەچێ تۆ ڕاوکەرێکی زۆر کارامەی ڕۆحی ئافرەت و پیاوێکی چلێس بیت؟
- تاوان مەکە من ڕاوکەرنیم , ڕاوکەر نێچیری ویستەکانی دەکوژێ یا یەخسیریان دەکات ... من نەهاتووم ویستی خۆم و نیچیری ڕۆح و باڵندەی حەزم بکوژم و یەخسیرت بکەم . من چلێس نیم و پارچەیەك کلپەی حەزم ,
- ئەی بۆ هاتووی ؟؟

- هاتووم بتكەم بە پاڵەوانی چیرۆكێك كە هێشتا ووشەیەكی لێنەنوسراوە , سەرتاپای وویستمە. هاتووم بتكەم بە پەیكەری ئەو ژوورەی زۆر لە مێژە بێ ئافرەتە , بێ گلۆپ و بێ بۆن و بێ جوانیە !!! بێ سرتەی ئاه و ووردە زیرەی كۆتایی یە .
- یانی من مەترِیاڵ ؟؟ بابەتی دیكۆرم ؟؟؟
- تۆ بوونی ... بوون و سەرچاوەی بۆنی , بۆنێك رِۆح گەشەی پێدەكات . بوونیك رِووناكی بینایی رِووناك دەكات . بۆنیك دنیا بۆن خۆش , دەروون ئارام , قوڵپ بە شەهوەت دەدا .
- ئا كەواتە من مەترِیاڵم ؟؟
- نا تۆ بوونی .
- بوون یانی مەترِیاڵ ؟؟؟
- وایە مادەم تۆ بوونی , تۆ هەمووشتێكی بۆ من .
- من بوونی خۆمم , خاوەنی خۆمم , نەك هی تۆ .
- تۆ بوونێكی تاكی , ناتەواوی , بێ بوونی منی پیاو.. تاكی .... تەنیای ... منیش بێ تۆ ناتەواو و تەنیا و ئیفلیجی كات و رِۆح داماو .
- كەواتە من مەتریاڵم ؟؟؟

- من وتۆ مەتریاڵی ڕۆح و ووزە وجوڵە و بوونی پارچەیەكی سروشتین .

- كەواتە من مەتڕیاڵم .
- بوون بە بێ مەتریاڵ بوونی نیە , وەلێ من و تۆ . دوو مەتریاڵین كە ژیان و بوون ویكرا تەواو دەكەین !!!!!
- تۆ نازانی بەردەوام دەبێ ؟؟؟؟
- چاك دەزانم .
- وەرە هەر ئیمشە و نا ,,,, هەر ئێستا لە سەر ئەم مێزە , لەشمان ڕووت كەین . دەرپێكانمان تووڕدەین . حەزمان جووت كەین .با پێكەوە سەرچۆپی شەپۆلی چەند تەكانی سێكس بگرین ....ئینجا دوای نۆ مانگ و چەند ڕۆژێك , بوونێكی نۆی دێتە بوون .
- ئی وای !!!
- كەواتە ئێمە مەتریاڵی زیندووین , سەر چاوەی بوونین .
- تۆ نووسەری و سەرت لە دەوری دنیایەكی فەنتازیا خولدەخوات ... منیش نامۆ بە ودنیایە .

- تۆ نامۆنیت بە ودنیاییە . تۆ وێڵی بەو دنیایە . تۆ خودی ئەو دنیایەی ... تۆ فەنتازیای سروشت و بوون و نوسینی منی .
- من بە تەنیا ؟
- نەخێر سەرجەم ئافرەتان , فەنتازیای سروشت و سەرچاوەی ئیلهامی شیعر و ڕەگی چیرۆك و کۆڵەکەی ڕۆمان و کرۆکی نۆڤل , پەنجەی نۆتە , ڕۆحی ڕەنگی تابلۆ , کلیلی دەروازەی تەڕی گەرووی حەقیقەت ....و...و....وووو هەموو ...هەموو.
- وانیە , منی ئافرەت قێز لە شەراب و بۆنی دەمی ئەلکحولی پیاو دەکەمەوە , تۆش ناتوانی ووشەیەك بە بێ هێزی شەراب بنووسی . لێمگەڕێ سەر مێزەکەم چۆڵبکە و بچۆ بۆ لای ئەو ئافرەتەی بە بۆنی شەراب و دنیایی فەنتازیایی تۆ دڵشاد دەبێ ؟
- تۆ زۆر وێڵی ؟؟
- بۆچی ؟؟ بەچی وێڵم ؟
- بە خۆت وێڵی , بە من وێڵی .. بە شەراب , بە سێکس و بەجوانیەکەت و بە سروشت بە ڕاستی بە خوا بە کەنیسە بە یوسف بە مریەم , بە ڕۆڵی گۆپکەکانی

مەممكت , بە تام و  بۆنی خۆشی لینجاوی ناوگەڵت ,بە هونەری مژینی لێو , بە سەرچاوەی کڵپەکانی ناو لەشت , بە ڕەگە ووردیلەیکانی ڕۆحی دەوری گەردنت . بە هەڵاوی گەرمی درزی نێوان مەمکەکانت . ئا بەو شارەی تێدا دەژیت , بەو زەمەنەی تێیدا خولدەخۆیت . وێڵی ... نامۆی . بەو شەقامەی  ڕۆژی چەند جار پیاسەی پیادا دەکەیت . بەو بۆنەی دەیکڕیت و لە بن باخەڵ و سەر سنگ وژێر مەمك و لا گەردن و خوارتری دەدەی !

- تۆ چۆن زانیت بۆنی بن باخەڵ و لا مل و سەر سنگ و ژێر مەمکم  . بۆنیکی  وێڵە ؟؟. کەی ڕێگەم داوی بۆنم بکەیت  .من ناتناسم . لەشی ڕووتی منت لە کوێ دیوە ؟؟ قەدەرێکی کەمە سەر مێزکەم و تەنیاییەکەمت ئاڵۆسکاندوە .
- ئاخر قەیرەخانم من بۆنی هەموو لەشت لە ڕۆحەوە دەکەم , پێش ئەوەی بگەمە سەر مێزەکەت بۆنم کردی , کە بۆنی ڕۆحم  بۆنی لەشتی مژی , تۆ لە بەر دیدەی مندا و لە سەر ئەم مێزە و لە ناو ئەم حەشاماتەدا , ئافرەتێکی ڕووت و قوت بووی , ئەزانی چۆن ڕووتیەك ؟؟؟ وەك لە دوای دووشکردنتەوە وکە دەچیتە بەر

ئاوێنەکە , سەیری بوونە جوانەکانی لەشی خۆت دەکەیت , ئاوا ڕووت بووی ,,,, ئا تۆش وەك هەموو ئافرەتانی تری ئەم شارە , نا ئەم دنیایە لەو ڕاستییە ناگەن, بۆنی بن باخەڵ و سەرسنگ و قژ و تووکە گرمۆڵەبووەکانی بەر موسەڵانتان , چەند خۆشە .... تاواندەکەن , دەیانخنکێنن ,,, بە چی ؟؟ بە بۆنی دەستکرد و کیمیاوی .

- لێت تێناگەم ..... دەتەوێ بڵێیت من بۆ گەنم ؟؟
- لێم ببورە قەیرەخانمی تەنیای سەر مێزێکی تەنیای ڕۆح , تەنیایی ئەمشەوە تەنیا سامناکە .ئا وایە تۆ بۆگەنت لێدێ , بۆگەنی عەترێك کە بە لەشی تۆی ئافرەت نامۆیە , تاوانە لە خۆت و لە من و لە سروشت و بوون دەیکەیت . بۆنی خۆت بۆنی عەتری سروشتە !
- بۆ لە تۆ ؟ پێتوایە کەسێك هەبێ عاشقی بۆنی ئارەق وچەوری لەشی ئافرەت بێت ؟
- بەڵی من هەم ,
- یانی تۆ سۆپەری ؟؟ یان شاعیری ؟؟؟ بۆیە هەمیشە لە خەیاڵدا دەژیت !!!

- من نه سۆپەرم نه شاعیرم ... وەلیٚ شیعرم خۆشدەویٚ ... شاعیر له ڕۆحەوه نزیکه و شیعریش لایلایەی ڕۆحه .
- پیٚم نالیٚیت بۆ ئەوەنده باسی ڕۆح دەکەیت ؟
- ئاخر قەیرەخانم ..من وتۆی مرۆڤ بیٚ ڕۆح چین ؟ مەترپیالیٚکی بیٚ ووزه , بیٚ بەرهەم , بیٚ خۆشی بیٚ جوانی ,بیٚ هەست , بیٚ بەر هەم ,
  تۆ نووسەریٚکی خۆپەرستی ... عاشق نیت !
- ڕاستدەکەیت من زۆر خۆپەرستم ,,, خۆم زۆر خۆشدەویٚ ,,, ئەگەر من خۆم خۆش نەوی نه ئافرەت نه کەسم خۆش ناویٚ , چونکه ئافرەت وویستی ڕۆح و ووزەی چرکەی بوونی منه . من ئافرەتم خۆش دەویٚ چونکه خۆم خۆش دەویٚ . ئەگەر کەسیٚك خۆی خۆش نەوی ناتوانیٚ کەسیٚکی تری خۆش بویٚ . ئا , وایه تۆ خۆت خۆش ناویٚ , بۆیه تائیٚستا تەنیا وتاکی. نووزەی عەشقت لیٚوه نایه , ئا ...وایه تۆ ڕاست دەکەی من خۆ پەرستم چونکه مرۆڤم یانی مرۆڤپەرستم . ئەی بۆچی هاتوومەته سەر ئەم میٚزەت ؟؟؟؟؟
- نازانم ....حەزت گلاراوی گرتووه .

- وایە گلاراوی حەز , یانی ڕۆحێکی پڕ ووزە , من کە حەزم لە مژینی لێوتە , چونکە ویستی رۆحم جێبەجێدەکەم یانی کە من تۆماچدەکەم .... ڕۆحی خۆم ماچدەکەم . کەواتە تۆی ئافرەت ڕۆحی , ئەی بۆ تۆ وابیر ناکەیتەوە ؟ ئەزانی بۆ ؟ چونکە عاشق نیت خۆت خۆش ناوێ ... من عاشقم چونکە خۆم و گشت مرۆڤێکی ترم خۆش دەوێ .
- ڕاستە من عاشق نیم .
- کەواتە ئیستا زانیت تۆ بە هەمووشتێ وێڵی ؟ بە لەشت و بە بوونت بە بۆنت . بە ڕۆحت . بە سروشتت .... تەنانەت بەم تەنیاییەی ئەم شەوت ..... بە من ....چونکە عاشق نیت .
- پیتوایە ئەوەی خۆشەویستی نەکات ...قاوغێکی بەتاڵە ؟
- قاوغێکی بە تاڵ , لە شێکی بێ ووزە , ڕۆحێکی بێ شنە , زمانێکی بێ مژە , پەڕاوێکی بێ ووشە , ڕووبارێکی بێ ئاو , جیهانێکی بێ خۆر , پەرداخێکی بێ شەراب , گۆرانیەکی بێ مۆسیقا , شەوێکی بێ ئەستێرە .

تابلۆیەکی بێ ڕەنگ , ئاینێکی بێ پەڕاوی پیرۆز , ئا بە کورتی ڕۆبۆتەیەکی زیندووە,

- وایە بە تۆ نامۆم ... ئێستا چیت دەوێ ؟ چی بکەم ؟
- نا بڵێ ... چۆن دەتوانم عاشق ببم ؟ دەرگای ڕۆحت ئاوەڵا بکە و سەرچاوەی هەستیش فراوان , نیگاکانت نەرم . بە دوای بۆنی ویستی ڕۆحتا بگەڕێ , ئەی بۆ ناپرسی ژمارەی تاڵە سپییەکانی سەرت ژمارەی ساڵ ومانگ و ڕۆژە تەنیاییەکانت نییە؟ هەموو شەوێکی تەنیا . تاڵێکی مووی ڕەشی سەرت سپی دەکات , بۆ لە شوورەی گوماندا خۆت یەخسیرکردەوە ؟
- ئێستا چی بکەم ؟؟؟
- دەمەوێ پێت بڵێم , وەرە بە دنیای ڕۆمانسیتێ نووسەرێك ئاشنات بکەم .
- چۆن و کەی ؟؟
- هەر ئیمشەو .

تۆزیك بێدەنگ بوو .... ماتەمینی دایگرت و کەوتە دنیای پرسیارە جەنجاڵەکانی دەروونیەوە , لە نێوان چرکە سوتاوەکانی ڕابردوویدا تاسابوو , بە ئەسپایی و بە پەنجەی ڕۆحی سەری چرکەکانی شەوەکەمانی دادەهێنا و وەك بە

دوای سەرەتای ویستە ڕۆحیەکانیدا بگەڕێ , بە پەنجە نینۆکە سوورکراوەکانی .پەرداخی ئاوەکەی خولدەدا . جار جارەش لەژێر پێڵوەکانیەوە لە منی دەڕوانی ... وەك ئەوەی لە ئەنجامی پرسیارەکان بترسێ و حەزیشی لێبکات . دامابوو. پەرداخە شەرابەکەم بەرزکردەوە و لە پەرداخە ئاوەکەیمدا و گۆمەکەیم شڵقاند . زەردەخەنەیەکی ساردی پێشکەشکردم , دڵخۆش بوو گەیاندومەتە قەراغ ڕووباری هیوای . ڕووباری هیوای بە هروژم بەبەردیدەیدا دەڕوا , هیواکانی لە بەرچاوی دەفرێنێ . زوو زوو نیگاکانی ناسکتر دەبوون و دەیویست بە هەر دووکمان پەلی ڕووباری هیوای ڕابکێشین و پێکەوە سەرچۆپی شەوێکی پڕ حەز بگرین . دەستم خستە سەر دەستی وپەنجەکانی دەستی ڕانەچڵەکان , لەژێر پەنجە تووکاویە ڕەگاویەکانی مندا خپ بوون . خەوێکی ئارامیان گرت و زانیم ڕۆحی ووشکی ئاوی تێزا . سەرم لە سەری نزیك خستەوە و پێم ووت :

- دەزانم ڕۆحت تەڕ بووە و پرسیارەکانت گۆڕان ... نیگاکانت نەرم ونیان .

چاوەکانی ئاراستەی چاوەکانم کرد و بە بێدەنگی کەوتینە گفتۆگۆی چاوان . پاش کەمێك وەك گەرەکی بێت گرێی

پەنجەکانم توند تر گریٚ بدا . دەستەکەی تری خستە سەر دەستە توکاویەکەنم  ووتی :

- پێت وایە ئیمشە و تاقیکردنەوەی ژیانە ؟؟
- بەڵێ  وایە ... لە هەموو ساتێکدا دەبێ مرۆڤ چاوەڕێی  ڕێکەوتی گوڵ بێ , ئیمشەو ناتخۆم , ئیمشەو دەدبەمە کیشوەرێکی وونەوە , ئەو کیشوەرەش پێویستی بە کلیلی ڕۆحی تۆ و من هەیە.   ئەو بە هەشتەی لای تۆ وونە و بە ترس وشەرمەوە بە دوایدا وێڵی نیشانتی دەدەم .
- ئا وایە تا ئیستا من لە دونیایەکی زۆر بیرۆکراتیدا گرمۆڵە بووم  ؟
- وەرە ناسکە قەیرە تەنیاکە , بۆ هەمیشە بیرۆکراتیەت تووڕدە و بفەرموو بۆ دنیای ڕۆمانتسێتی منی نووسەر و عاشقی بوون .
- عاشقی بوون  ؟ یان من ؟ یان ئافرەت ؟
- بوون و ئافرەت یەکن  . بوون بێ ئافرەت و ئافرەت بێ بوون , بوونیان نییە .
- ئەمانە فەلسەفەن و بە من نامۆن  .
- ئا فەلسەفەن و بە تۆ ئاشنان ,,,وەلێ .

- وەلێ چی ؟
- وەرە ئیمشە و بوونی خۆت ببینە !
- چۆن ؟
- چاو بنووقێنە و دەستتم بەرێ ...تا ئەوساتەی دەگەینە بە هەشت , گلینەکانت بنووێنە ...
- چۆن ؟؟؟

دوو پەرداخ شەرابی سوورم بانگکرد و فەرمووم لێکرد . سەرێکی بادا و ووتی :

- من لە ژیانمدا شەرابم نەخواردۆتەوە ....ئیمشە و دەرخواردم دەدەیت ؟؟؟ .
- ئا ئیمشەو شەراب بخۆرەوە وبیکە بە شەوی لە دایك بوونێکی نوێت .
- کە زۆر زانی .... ئەوە بۆ ؟ نووسەران وەڵامیان بۆ هەموو پرسیارێك پێیە ؟ .
- بۆ ؟ چونکە چاوی نووسەر , ئەو دیوو ڕاستی لۆژیك دەبینێ .
- لە مەشیاندا تۆ بردتەوە !
- نا ... قەیرەخانم من زۆرانت لەتەك ناگرم ... بلێ لەم هەنگاوەشدا بەیەك گەیشتیین , گەر گەرەکتە زۆر

بەخێرایی وبە ئاسانی کلیلی بەهەشتت چنگکەوێ ؟ وەرە با پێکەوە ئیمشە و ئەم سەر مێزە بکەین بە مەنزڵی زکری هەستەکانمان و بە شەراب و تەڕایی ناو دەممان ئاوڕشێنی بکەین .

- ئەمانە قسەی سەر مێزن ؟ یان بەشێکن لە چیرۆکێکت و لەم شەوەدا بۆم دەخوێنیتەوە .
- هەموو چرکەیەك لە ژیان چیرۆکە .... چیرۆك مێژووە ... سبەینێ ئەم دانیشتن وگفتوگۆیەی من و تۆ دەبێت بە چیرۆك و دواجار بە مێژوو !!!
- لەتەك هەموو ئافرەتێکدا وا دەپەیڤی ؟ یان ئەم ڕستە ڕۆمانسی و ویژەییانە تەنیا بۆمن دادەڕێژی ؟
- نەخێر .... دەمی ووشەم بگاتە ڕۆحی هەر ئافرەتێك ....وای بۆ دەڵێم .... ئەزانی بۆ ؟ چونکە ئافرەت بوونێکی جوانە و بوونی جوانیش ووشەی جوانی گەرەکە .
- کەواتە من یەکەم ئافرەت نیم بە ووشە مەستم دەکەیت ؟؟ دوای من و شەوێکی ڕووت . ڕوودەکەیتە قیبلەیەکی تر , لەشێکی تر , ئافرەتێکی تر , تا کەی ئەم گەرم وگوڕیەت لە دەورم دەگەڕێت ؟

- تا ئەو ساتەی ڕۆحم تەرەناکەیت , , تا ئەوساتەی ماچەکانت بۆ گەن ناکەیت , تا ئەوساتەی پێخەفەکەمان زبرناکەیت , ژیرانە دەمکەیت بە قاشی خۆت , بە پارچەیەك لە بوونت , , تا ئەوکاتەی لە دوریمدا ڕۆحت بگریی , لە دووریتدا ڕۆحم شەیدا تا ئەوساتەی نێو مەمکەکانت کەللەی سەری ماندووم ئارامدەکات . تا ئەوساتەی سنگی تووکاوی ولەشی ماسولکەداری من, جەستەی نەرم و نیانی تۆ مەساجدەکات . تا ئەوکاتەی پێکەوە , ڕەنگە هەر ئەمشەو بێت , گەرای بوونێ ,,, بۆ دوای خۆمان دابڕێژین , تا ئەو ساتەی تەنیا من قاشت بم , من ناوت بم , من هاودەم وهاوژین و هاوڕێ و خەمخۆرت بم ,,, من پاڵپشت و من تۆ , تۆ من بیت ,
- یانی ئیمشەو تەنیا داوای شەوێکی ڕووتی بەهەشتاویم لێناکەیت , بەڵکو خوازبێنیشە ؟ تا ئێستاچەند خوازبێنی وا کورت تەمەنت کردووە ؟
- گەلێك زۆر ,, وەلێ خوازبێنیەکان سەریان نەگرت , ویستەکان سەوز نەبوون , گەراکان نەبوون بەیەك , ئەزانی بۆ ؟چونکە ڕۆحەکان , دوای کاروانە تەکانەکان , شەوە شەهوەتاویەکان , یەکیان نەگرت .

- چ پێوەرێکت هەیە بۆ جوانی ئافرەت ؟

- تکایە لە ڕۆحم بپرسە .

لە نێوانی حەز و ویستە کپکراوەکانی دەروونی جەما بوو ... ئاگام لێ بوو چاوەڕێی چەند ڕستەیەکی تری دەکرد ... پێم ووت :

- ئیمشەو کۆتایی هەفتەیە و بیر لەوە مەکەرەوە بەیانی بچی بۆ کەنیسە , ژووری نوستنەکەی من لە کەنیسە و مزگەوت پیرۆزترە .

- نا وانییە .

- وایە .... وەرە با ئیمشە و پێکەوە نەك ڕکاتێ !! چەند ڕکات نوێژی سروشت لە میحرابی پێخەفەکەمدا بۆ خوا بکەین ؟ ڕۆحی خۆمان ئارام وڕەزامەندی خواش بە جێ بهێنین ؟ داوای لێبوردن لە خوا و لە ڕۆحت بکە , لەو تاوانانەی بەرامبەر بە ڕۆح و ویستی خوا کردووتە . ماوەیەکی زۆرە ڕۆحت چەوساندۆتەوە . برسیت کردووە ئا نەك لە کەنیسە لە ژووری نوستنەکەمدا داوای لێبووردن لە خوا و لە ڕۆح و لە خۆت بکە !

- چۆن و کەی ؟

- کەی ؟ هەر ئیمشەو چۆن ؟ لەناو ژووری نووستنەکەمدا .

بێدەنگ بوو ..... بۆ ماوەیەك وڕاما.

- لە دووی چیدا وێڵی ؟ لەوە دەترسی پەلت بگرم بۆ بیابانیکی ووشك و بێ ئاوت بەرم ... نامن بۆ ئەو بە هەشتەی تۆ نایزانیت . پەلت دەگرم .

زاتی خۆاردنەوەی شەرابەکەی نەبوو ....

- ئەگەر زاتی بۆن و خواردنەوەی شەرابت نییە , ڕێگەم بدە با لە نێو دەمتدا ئەم دوو پەرداخە شەرابە بخۆمەوە .....

بە دوودڵیەوە چەند قومێکی لە شەرابەکە دا و لێوەکانی والآکرد و ماچ و شەراب و زمان مژینم تێکەڵاوکرد .... دوای تەواو بوونی هەردوو پەرداخە شەرابەکە , لە نێو دەمیدا , بە دڵۆپە شەرابە جیماوەکانی سەر زمانی کەمێك مەست بوو . دووپەرداخی تری بانگکرد و ئەمجارەیان ئەو دەمی منی کرد بە پەرداخ وزمانمی کردە مەزەی مژین . چاوە شینەکانی وەك دوو ئەستێرەی جێماوی کاروانی ڕستە ئەستێرەکانی ژێر پەڵە هەورێکی سپی کزی دەنواند. لە باوەشمدا خۆی خپکرد و دەستێکی خستە نێو تووکەکانی

سەر سنگم بە ئارەقی بن باخەڵ و تەڕایی سەرسنگم پەنجەکانی تەڕ کردو پڕ بە دڵی بۆنی کردن و دەمی خستە لا ملم و دوای ڕیزە ماچێکی سێکسی ووتی :

- ئیشمە و دەمەویت بچین بۆئەو بە هەشتەی ڕۆحمان گەرەکێتی .. ئا ئەو بەهەشتەی تا ئێستا نەمبینیەوە ,

پەرداخ و پاشماوەی بۆنی ووردە ماچەکانمان لەسەر مێزەکە جێهێشت , گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.خۆشمان نەمانزانی چۆن و کێ ڕووتیکردینەوە . پاڵی خستم , قەدەرێکی کەم لەسەر ڕانەکانم بە بێ دەنگی دانیشت ...لە ماسوولکەی باڵەکانم , توکەکانی سەرسنگم , لە قژە ئاڵۆسکاوە ڕەشەکەی سەرمی دەڕوانی و دەستی بە لاقە تووکاویەکانمی ژێر سمتی خۆیدا دەهانی , بە ئەسپایی دەستێکیم گرت و ماچمکرد . دەمزانی لەگەڵ ڕۆحیدا لە گفتوگۆیەکی گلەییدایە , بۆچی تەمەنێکی زۆری ژیانی بێ باوەشی پیاو تۆڕداوە .... بێدەنگ بووم تا وەلامی دوا گلەیی ڕۆحی دایەوە . سەری کردە سەر سنگم , بەئەسپایی ولەژێر پەردەیەکی شەرماوییەوە سنگمی بە ووردە ماچ چنی و لەیەك ئالاین . دەمویست حەزەکانی من سەرچۆپی تەکانەکان بگرێت . نەیهیشت .. زانیم حەزەکانی هێندە کپکراوە دەیەوێت هەر ئیمشەو هێندەی ژمارەی توکە

سپییەکانی سەری  سەرچوپی تەکان بگرێت   .. تا ڕووناکی ڕۆژی نوێ سنگی ئاسمانی تەنك ڕووناك نەکردەوە . لەشی ڕووتمان لەیەك جیا نەبوونەوە . بە پشتا پاڵ کەوتبوو و هەناسەی ئارامی دەروونی دەدا . هەستام و پەردەی پەنجەرەکەم  کەمێك فراوانکرد تا تیشکە ڕووناکە تەنکەکەی ڕۆژی نوێ لەشی ڕووتی مکیاج بکات وجوانی لەش و بوونی خۆی وەکی خۆی و سروشت لە ئاوێنەکەی بەرامبەرماندا ببینێ . چوومە تەنیشتیەوە لە پشتەوە گۆپکەی سمتەکانیم خستە بەر موسولانی پڕ هالاوی گەرمم .  باوەشم گرت و دەستێکم خستە ژێر ملیەوە و پەنجەکانی دەستەکەی تریشم کردە ئالایەك و  ووردە  ووردە بە گۆپکەکانی مەمکی و نەرمۆڵەی دەوری ناوکیدا  دەخشاند وختوکەی توکەکانی بەر مووسەلانیم دەدا و هەر دووکمان چاوما بڕیبووە  ئاوێنەی دۆلابی ژووری نوستنەکە و لەو دیمەنە ڕووتەمان دەڕوانی کە جەستەمان لە گلێنەی ئاوینەکەدا نەخشاندبووی . دەمم لە پەناگوێیدا بوو پێم ووت:

- چەند جوانە دیمەنی ئەم ژوورە بە لەشی ڕووت و تووکە ئالۆسکاوە قەترانیەکانی بەر موسەلانی  تۆوە ... چەند ڕووناکە ڕوونی چاوی ئاوێنەکان بە وێنەی گۆپکەی

سمت و مەمکی تۆوە ... چەند بۆن خۆشە ئەم ژوورە
بە بۆنی بن باخەڵ و قژی تۆوە ؟ تۆ نازانی چیت ؟ تۆ
ئەو بوونەیت . بوون جوان دەکەیت ... تۆ ئەو بۆنەی .
گەرووی سروشت بۆن خۆش دەکەیت . هەناسەی
دارستان , باخچە . گوڵی ماڵ و باڵکۆنەکەم عەتراوی ,
عەتری سروشت دەکەیت .

( تلی بە لەشیدا و ڕوویتێکردم نەك بۆنی سەرسنگم بەڵکو
سەرتاپای لەشمی هەڵمژی , دوای وورده گازێکی لێوەکانم ,
توووند بە خۆیەوە نووساندم و ) .

ووتی:

- لە ژووری نوستنەکەتدا تێگەیشتم بە هەشت چیە ؟؟

شەوی 2003/06/23

# کۆتایی سەفەرێکی ڕۆمانسی

**پێپێشکەش بەوانەی لە سیاسەت بێزارن**

که تۆم ناسی , خەونەکانم ئۆقرەیان نەما , ووردە
ووردە گلێنەکانم
پەڕوباڵی حەزیان لێ ڕووا . بێ ویستی من , بە بێ
سرتە ... بە
دەوری باڵاتا کەوتنە فڕە , پەیتا پەیتا بروسکەی
حەزەکانیان
دەکرد بە مەلۆ و منیش بە باڵای جوانترین نۆڤڵی
ئەم تەمەنەمدا
بڕی .

خەوم بینی , خەوێکی گەلێك ڕۆمانسی و ڕووت و ناسك . کە زانیم ناوت (Angale ) ( پەری ) یە لە بەرچاوی ڕۆحما دووباڵی سپیت لێ پەیدا بوو . باڵات لە باڵات باڵاتر بوو ,مەمکەکانت ڕسکان دووگمەکانی کراسەکەت بەرگەیان نەگرت و دووانیان پسان , یاخەت ئاوەڵا بوو . درزی نێوان مەمکەکانت

خرپنتر بوون و تەمێکی تەنکی سپی بێگەردی شەهوەتاوی لێهەڵدەسا . پڕ بە سیەکانم هەڵممژین , تۆ دەزانی ؟! من دەزانم , هەموو ئەلکحولی و شاعیر ودڵدارەکانی ئەم دونیایە باش دەزانن , مرۆڤ تەنیا بە شلەمۆی شەراب و ویسکی و ڤۆدگا مەست دەبێ . کەچی لە وساتەوەی هاڵاوی مەمکەکانت تەزوویەکی شێتکەرانەیان بە ڕۆحم گەیاند . من بە تەمی نێوان مەمکەکانت مەست دەبم . ئا لەوساتەوەی تۆی پەری هەڵفڕیت و بە دەوری باڵاما خولایتەوە و دوای قەدەرێك لەبەردەمما نیشتیتەوە , تەنیا وشەیەکت نە ووت , هەر ئەوەندە ئەستێرەی چاوەکانت تروکاند و تیشکێکی سەیر هەموو نیازی دڵی تۆی پێووتم . من چاوەڕێی بزواندنی لێوەکانت بووم . تاقە ووشەیەکم پێ بڵێت . نەتدرکاند و لێوەکانت لەیەك نەترازان . زانیم عەیاریت و بە جوانی خۆت ئاشنایت , لێوەکانت بێ بزواندن و پێکەوە جوانن . من پێموابوو لقی پەنجەکانی دەستت تەنیا بۆ پێویستیەکانی لەشت ڕوواون ؟ کەچی بۆ نۆتەی مۆسیقای ختوکەی ڕۆحی منیش بەکاریان دەهێنی ؟ لقی پەنجەکانت خستە بێخی قژە ڕەشەکەمەوە و زانیم پەنچەکانت دەتوانن قسەبکەن , قسەی ختووکە و نۆتەی بزواندنی گۆپکەی ڕۆحی عەشق لێبدەن . نازانم ؟ یان من مەست بووم ؟ یان تۆ شەرمت نەکرد ؟ لە بەرچاوی ئەو

حەشاماتەدا باوەشت پێداکردم , ماچت نەکردم بۆنت کردم ,
بۆچی ؟ پێموابوو زۆر دەمێکە شەیدا وچاوەڕێی بۆنی سنگی
پیاوێکی ڕۆژهەڵاتیت ؟!! دوای پڕبوونی سییەکانت بە بۆنی
سنگم , باڵەکانت کەوتنە فڕە , من نەمدەزانی عەشقی تۆ هێندە
بە هێزە دەتوانی لەشی 77 کیلۆی من هەڵبگرێ و بەرەو بە
هەشتی ڕۆحێکم بەرێ . کە زۆر دەمێکە خەوی پێوە دەبینم .
ئای کە خۆش بوو هەردووکمان بەسەر شاری عاشقان ( مۆسکۆ )
دا فڕین , لە تاو کزەبای تەزیووی ئاسمان لە باوەشی تۆدا سەرم
لە نێوان شلکەی نەرمۆڵەکانی سنگتدا خپکردبوو , پەیتاپەیتا
قوومم لە تەمە سپیە شەهوەتاویەکانی نێو درزی مەمکەکانت
دەدا و لە بۆنی بن باخەڵ و قژە درێژەکەی تۆ و هەناسەی شاری
مۆسکۆدا مەست بووبووم . تۆش بە لقی پەنجەکانت تووند منت
نوساندبوو بە گڕی لەشتەوە , مەستیەکەم باڵا بوو . سەرم بە
دەوری لەشما ولەشم بە دەوری سەرما و هەموو جەستەم بە
دەوری جوانیتا دەخولایەوە . تا ئەو ساتەی دڵت ویستی , منت
فڕاند , وەك هەوێنی هەوری عەشقێکی تر , بە سەر زەوی
هەستما باریت , لە ناکاوێکی پڕ تەزودا منت بردە ژوورێکی
سەرتاپا پاك و چۆڵ و بێ سرپەوە . تەنیا هەناسەی خوای *بۆ
ژیان تیابوو , پاڵت خستم , لەسەرەتادا پەیوەندیمان تەنیا نیگای

چاو و ختوکەی سەری پەنجە و مژینی گۆپکە و بۆنی هەناسە بوو. دوای ڕووتبوونەوە و تەکان , باوەش جەڕاندن . کۆتایی سویی ڕۆح و ئارام بوونەوەی جەستەمان . هەر ئەو شەوە بەڵێنتدا , بەڵێنمدا , بەڵێنماندا نەخشەی کۆشکێك بکێشین .
چەند شەو تا بەرە بەیان . چەند ڕۆژ تا تاریکایی, دیدەی ڕۆژی داهانی, پاچی حەزمان لە خاکی دڵمان دەدا . تا بناغەی ئەم کۆشکە عەشقاوییەمان هێندە قوڵ بێ . باڵاترین تەلاری عەشقی ئەم دنیایەی لە سەر بنیات بنرێ . هیچ بوومەلەرزەیەکی سروشتی و تەنانەت بۆمبی ئەتۆمی ڕوسیش نەی لەرزێنێ ! .....
ئا پرسیارمکرد .

- نازدارەکەم بۆ ئەوەندە پاچی قوڵی تەکان لە ڕۆحم دەدەی ؟

ووتت :

- ئەی قارەمانی خەوە ڕۆمانسییەکانم . زۆر دەمێکە چاوەڕێی شەیدایەکەم , ڕۆحێکم . باوەشی دورگەی توکن و زبری پیاوێکم , ڕێگەم بدا لە گۆڕەپانی ڕۆحیدا کۆشکێك بونیاد بنێم و بیکەم بە هێلانەی چرکەکانی داهاتووی تەمەنم ؟!! کەتۆم ناسی و ڕۆمانسێتی ڕۆحتم

نۆشی, بۆنی هەناسەتم مـژی . زانـیم پاڵـەوانی
خـــەوە ئەفســـوناویەکانمی , بۆیـــە پاچـــی
تەکانـەکانی ڕۆحـم هێنـدە قوڵـە تـا بناغـەی
کۆشـکی ئـەو عەشـقەی گەرەکمـە هێنـدە پتـەو
بێـت بوومەلـەرزە و بـۆمبی ئۆتـۆمی و کزەبـای
تورە بوون نەی ڕمێنێ .

پاش تەمەنێکی ڕەنگاڵەیی کەم . چاوەکانی تەمەنمان پڕبوون لـە ئاو.چ ئاوێك ؟ هەمووی حەز بـوو , لـە ماوەیـەکی گـەلێك کورتـدا کۆشکەکەمان ڕما .

لە بەڵێنەکەتدا ڕاستگۆ نەبوویت .

دژی بومەلەرزە و بۆمبی ئەتۆمی نەبوویت .

چیمان بونیاد نا بە کزە بایەکی تووڕەوە ڕما .

کە ڕاچڵەکیم سەرتاپای جەستەم ئارەق بـوو . تـۆی ( پـەری ) نـە باڵـەکانت نـە تـەمی درزی مەمکـەکانت !! نـە نـەرمی ونیـانی ختوکەی پەنجەکانت مابوون !! تەنیا لـە نـاو پێخـەفێکی سـەرتاپا شیندا بە ڕووتی بەجێت هێشتم و کۆتاییەکی وشکت بـە سـەفەرە ڕۆمانسێکە هانی .

 هەناسەی خوا / هەوا

# نهێنییەکانی سەری زمانی
# من و گوێی مەمکەکانی تۆ

وەك مايكل ئەنجلۆ بۆ موزەخانەی ئەرمیتاژ ⭑ پەیکەرێکی گۆشتنی داتاشیبێ و پێشکەشی بە هونەری جوانی و شۆخی ئافرەت کردبێ . ئاوا خوا پەیکەری بالآی بەرزی خرپن وچەپکێ قژی خەنەیی ودووچاوی گەشی پڕ نیانی , چووتێ مەمکی گۆپکە خڕی هەڵتۆقیوی , بەخشی بوو بە لەشی ئەنجێلا , وەك نمونەی هونەری و توانای خۆی , پێشکەشی پێشانگای سروشتی کرد بوو.

میوانداری لە هەر موزەخانەیەك بکردایە , بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ حەز و هەستی لەبەر ئەو پەیکەرانەدا ڕایدەگرت. کە وێنەی ئەندامەکانی لەشی ئەنجێلای تێدا دەبینران . ئەمە نهێنییەك بوو تەنیا گلێنەی چاوە قاوەییە لاوازەکانی ژێر چاوێلکە پزیشکێکەی ئەو لە دیدەیدا حەشاریاندابوو . لەو ساتەوەی گلێنەکانی وێنەی لەشی ئەنجیلایان بەڕووتی بینی بوو . وێنەکانی جەستەی ئەویان بە کاڵی لە سەر بیناییەکانی کۆپیکردبوو . بۆیە لەبینینی هەموو بینینێکدا . وێنەی ئەوی بە کاڵی دەبینی . تەمەنێکی سەوزی لە تەك ئەو پەیکەرە گۆشتینەدا گوزەرپێکردبوو , بۆیە بە ویستی نەبوو, نەیدەزانی و کەی و چەند لە تەمەنی دەوێ , تا کۆپی حەزەکانی لە ئەرشیفی

ڕۆحیدا کاڵبکاتەوە . ( ئەو پێی وابوو تەوژمی ڕووباری ژیان وایە. مستە دڵی مرۆ , زۆرجار بە قەڵبەزەی حەز و گرفت و ناسۆریدا دەبات ) . لە هەموو نهێنییەکان دەگەیشت, وەلی لەوە نەدەگەیشت بۆچی هەندێ لە ناسکە پەیکەرەکان ... تیژ و زبر و لاپەڕەکانی ڕۆحی مرۆڤ دەڕوشێنن؟! ئەو هەموو لایلایە ماچانەی پێش نووستنیان , ئەو هەموو خرپە خرپنە ناسکانەی تەکانی نەرمی سێکسی لەشی دووڕەنگی تەمەنیان . ئەو هەموو نامە و ئیمایل و مۆسیقا و تەلەفوون و قاقا وبزە و مژینە ناسکانەی گۆپکە ناسکەکانی مەمك و سەری پەنجەکانی دەست و قاچ و زمانەتووتەی نێوان دوولێوی تووکنی گومەزی بەرمووسەلآنی ... چۆن وا بە ئاسانی... کاڵ بوونەوە . لە کاتێکدا , شەوی چەند جار لە سەرپێخەفەکەی دەبووە پەشمەکی لەشێکی پڕ ووزەی سێکس .

ئەنجێلا کردبووی بە خوویەکی ناسك و نەخشەیەکی ژیرانە , کە دەچووە ناو جێگەی نووستنەکەیانەوە , مەمکەوانە و دەرپێ کورتەکەی دادەکەن , تەنیا ئەو ژێرکراسە مۆرە ئاوریشمە شل وملەی لەبەر دەکرد کە ئەو حەزی بەداکەندنی دەکرد . چیرۆکی ئەم ژێرکراسە مۆرەی لێ ببوە چیرۆکێکی کورتەبنەی ناسکی

سێکسی و یەکەم ڕکاتی نۆێژی سروشتی نێو کەنیسەی ژووری نووستنەکەیان .
شەوێك لە شەوانی مێژووی ڕووتیان .... ئەنجێلا بە ڕووتی لە ناو پێخەفەکەیدا چاوەڕێی هالاوی گەرمی لەشی گەنمڕەنگی توکاوی ئەوی دەکرد . تەزووی گڕی گۆپکەکانی مەمکی ئۆقرەی لێبڕی بوو . دەیزانی گۆپکەکانی چاوەڕیی مژین وهەلاوی گەرمی دەمی ئەو دەکەن . بۆ ئەوەی تا ئەو دێت کەمێك ژیریان بکاتەوە . سەری پەنجەکانی تەڕکرد و کەمێك گۆپکەکانی پێلووسکردن وختووکەیدان . بۆ ساتێکی کەم ژیربوونەوە , نێو درزی بەرمووسەلانی گەرمداهات ونێوانیان لینج بوون . زمانە تووتەی نێو درزە ناسکەکەی بەرمووسەلانی لە گەرماندا سوور هەلگەڕا و ئۆقرەی سێکسی نەما... ئەنجیلا تەنیا شۆخ نەبوو , عەیاریش بوو , ویستی بوو , هەمیشە حەزی لەشە تووکاوییەکەی ئەو بۆ شۆخێکەی ئەم هەنگاو بنێ و زەلیل ببێ وبچەمێتەوە , زۆر حەزی بە هاربوونی ڕۆحی ئەو دەکرد . چونکە تا ئەو هارتربوایە باوەشەکانی توند و ماچی لێوە قاوەییە گەرمەکانی کلپەی سێکسی پتر لێهەلدەسا . تەکانەکانی قولتر لێدەدا . ڕۆحی ئەنجێلای دەفڕاندە نێوان بۆشاییە بێ گرفتەکانی سروشت . تا دوا تەکانی دەبووە پەرییەکی شەیدای باوەشی, تەمەنێکی ناسکی

سێکساوی لە تەکدا گوزەر پێکردبوو , کە ئەنجێلا دەچووە بەر ئاوێنەکە هەستی بە گەشی چاو و ناسکی پێست و ووزەی زەردەخەنەی جەستە و رۆحی دەکرد , بەژمارەی ژەمە سێکسەکانیدا بۆی ئاشکرابووبوو . تا ژمارەی ژەمەکانی فرەتربوونایە , ئەوەندەش جوانتر و شۆختر و لاولاوتر دەبوو , بۆیە هەمیشە لە تەك خۆیدا دەیووت ( پیاوێکی شازە .. ئەوەی لە تەك ئەم پارچە پشکۆ گەنمڕەنگە توکاویەدا بژی و سێکس بکات قەد پیر نابێ .)

ئەو شەوە چەند لە ژوانی تەکانەکانی دواکەوت , ئەوەندە کلّپەی گڕی لەشی ئەنجێلا بە کلّپەدارتر دەبوو . ناچار پێخەفەکەی بەجێهێشت و لە بەر ئاوێنەی دۆلابی ژووری نووستنەکەدا , ژێرکراسەکەی کەمێك ڕێکخست و چمکەکانی خزانە سەر گۆپکە خرپنەکانی سمتی , ژێرکراسەکەی هێندە درێژ بوو کە تووکەکانی بەر مووسەلانی و گۆپکەکانی سمتی . چاوشارکێی حەزی لە پەنادا بکەن . ئەنجێلا چوو بۆ ژووری نووسینی هاوڕێکەی , ئەو لە گەرمەی نووسیندا بوو, ئاگای لە ترپەی هاتنەکەی نەبوو . لەبەردەرگا ژوورەکەدا وەك پەیکەرێکی ژێرکراس لەبەر , شانی بە قەراغی دەرگاکەدا دا , لاسکێکی ژێرکراسەکەی ترازانە سەر نەرمایی قۆڵە ڕووتە خرپنەکەی ,

درزی نێوان نەرمی قۆڵی و لاخرپنی مەمکی دەرخست , ڕەتووشێکی دیمەن سێکسیانەی بە شان ونەرمۆڵەی سەرسنگی دا . ئەو بۆئەوەی تاقە تنۆکێکی بارانی ووشەکانی ڕۆحی لێبزر نەبێ. .سەری بەسەر لاپەڕەکەی بەردەمیدا شۆڕکردبووە لە ناو نوسینەکانیدا خولیدەخوارد , بەخێرایی دەینووسی, پەنجەکانی فریای کۆکردنەوەی تکەی ووشەکان نەدەکەوتن . هێندە تێکەڵاو دەینووسین , تەنیا خۆی دەیتوانی بیخوێنێتەوە . لە نووسیندا ئەمە پیشەی بوو , تا دەگەیشتە کۆتایی و دواجار بە هاوڕێتی کۆمپیوتەرەکەی و قاپی شەرابی سوور .بە شێوەی ملوانکەیەکی ڕەنگاڵەی ووشەکانی لە ڕستەدا دەیهۆنیەوە , تا ئەنجیلا نەچووە تەنیشتیەوە . بەئاگا نەهات . پەنجەکانی خستە نێوقژە درێژە ئاڵوسکاوە ڕەشەکەیەوە . کەمێك قژەکانی لابرد وبە ناسکە لێوەکانی گەنەمووەکانی پشتیملی داهانی و لاملی ماچکرد, سەری نووساند بە شلکەی ورگیەوە . پەنجەکانی لە نووسین کەوتن . پێنوسەکەی دانا , ئاوڕی لە ئەنجیلا دایەوە لە باوەشی گرت و کەوتنە لستنەوەی یەکتری . دوای ڕستە ماچێکی زەنگیانەی وورد . ئەنجیلا بە ئەسپایی دەمی لە تەك ووردە ماچدا. نزیك گوێی خستەوە و پییێووت :

- ( مۆییه میچته )  خەونەکەم ئێمشەو  گۆپکەکانی مەمکم و زمانە تووتەی ناو مووسەڵانم وا خەریکن دەسووتین .... گوێت لە زرووقە و هاواریان نیە ؟  تۆ نووسەرێکی لە یەکەم ڕستەی تەکانەکانی شەوی یەکەممانەوە, سەرتاپا نووسینەکانت باسی نهێنیەکانی جەستە و ڕۆحی من دەکەن , هێندە بە ووردی چرکە و ساتە سرتەیەکانی منت خوێندۆتەوە , تۆ لە من زیاتر شارەزای ڕەگە ووردیلە شەهوەتاویەکانی جەستەی منی , کەچی , ئیمشەو لە ژوانی تەکانەکانی جەستەمان و ڕکاتی نوێژی سروشتی شەوەکەمان دواکەوتی ؟؟ لە ژوورێکی تەنیا . بە ڕووتی پاڵکەوتووم و چاوەڕێی شنەبای دەروون و تەوقەی حەزتم .... بۆ نایەیت ؟ ئیمشەو نووسینەکانت  زیاتر لە من خۆشتردەوێ ...؟؟؟
- شیرینەکەم ئەنجێلا ,,,, لە هەر کوێ بم لەتەك تۆدا دەژیم , قەدەرێکی زۆرە , سەری زمانم کەوتۆتە ڕاز و نهێنی هەڵڕشتن و باس باسی تۆیە ...
- ڕازی کێ ؟ و نهێنی چی ...؟  دەکرێ لە پشت هەوری حەزەکانی منەوە ... ڕستە ئەستێرەیەکی حەزت لە گەردنی ئافرەتێکی لەمن شۆختر ئاڵاندبێ ؟! ..ئاخر ئێوەی نووسەران

هێنده له فەنتازیادا دەژین ... مەلی ڕۆحتان زۆر سەرسەرین و زوو زوو هێلانەی حەز و ڕۆحی ناسکی ئافرەتان دەگۆڕن .... له بیرت نەچێ , دەمزانی ئێوه چۆنن . بۆیه یەکەمجار مانگێکی ڕەبەق پاڕایتەوه  به هەزارەها جارکڕنووشی ماچت بۆ دەستم برد . هەزارەها نا به ملوێنەها جار گڕی قوربان و کوڕوزانەوەی ڕۆحت به قوربانی ڕۆحم کرد! .... تا بەزەییم پێتدابێتەوه و فیزەی تەنیا ماچێکی لێوەکانمت بدەمێ . چاك دەزانی به ئاسانی ڕێگەم نەدا , هەنگی حەزت هەنگوینی لەشم بلێسێتەوه ... هیوادارم له بۆنی بنباخەڵ و لینجی بەر مووسەڵان و هەناسەی سییه پڕ له بۆنەکانی تۆ و کاروانی تەکانەکانی دوورگەی لەشی پڕ حەزم , تێر نەبووبێتی. ئەزانی چی ؟لەو ساتەوەی زانیم تۆ نووسەری , خورپەی جیابوونەوه و سوتاندنی لاپەڕەی ڕۆمانی شەوه سێکسیەکان , له هەموو چرکەیەکی دووریت , دڵم ڕادەچڵەکێنێ ... ئیمشەو بۆ وا له ڕکاتی نۆیژه سێکسیەکانمان دوا کەوتوی .؟؟؟

وەك گەرەکی بێ ووشه نهێنییەکانی سەری زمانی نەفڕن له جیاتی ئەوەی وەڵامی بداتەوه , توونده بەخۆیەوەی نوساند . چاوه قاوەییەکانی نووقاندو ...تیر بۆنی لەشی مژی و بۆئەوەی

ووشه نهێنییەکانی سەری زمانی تێر بکات , لەسەر ژێرکراسە مۆرە شلوملەکەیەوە گۆپکەکانی بۆ مژی .

- بۆ بێدەنگی ...؟ چی دەنووسی؟ گەرەکت نییە بۆم بخوێنیتەوە ؟؟

- ئەنجێلا تۆ ئەو شۆخەی , لە ساتەوەختی بینینی شۆخیتەوە .کلیلی دەرگای حەزەکانی بەهشتت پێداوم . چۆن پەشیمانم لە ناسینت , کەی تێر لە بۆنی سەرتاپای جەستەت دەخۆم . تۆ نازانی ؟ بوویت بە سەرچاوەی وزەی هەموو تواناکانم . دڵنیابە مەلی ڕۆح و ووزەی حەز و ویستەکانم لە هێلانەی نەرم ونیانی سەرتاپای جەستەی تۆدا , بە تەمەنم تەرە ناکەم .... مەگەر ڕۆژی بێت,, تۆ تەرەی بکەیت ؟؟.. یەکەم جارە سەری زمانم نهێنیم لا دەدرکێنێ وا ئێستا نهێنییەکانی دوێنی شەوی نێوان خۆی و گۆپکەکانی تۆم بۆ دەگێڕێتەوە , کە بینیت منیش ووردە ووردە دەمنووسینەوە , وەلێ نازانم تۆ هیچت لە گۆپکەکانی مەمکت بیستووە پرسیوە ؟!

- هیچ , لەو ساتەوەی , لە ژوانە سیکسیەکانی ئیمشەو دوا کەوتووی ,, گۆپکەی مەمکەکانم و دۆزی ڕۆحی بەرمووسەڵانم , گرێکی وای تێدایە هەر دەبێ تەنیا, دەستی تۆ, لێوەکانی تۆ , تەکانە هێمنەیەکانی لەشە تووکاویەکانی تۆ, ئارامیان بکەنەوە

.... من ئیدی له زمانی گۆپكەكانم ناگەم ! لەو ساتەوەی له تەك سەری زمانی تۆدا گرۆگاڵ دەكەن زمانی ڕوسییان له بیرچۆتەوە ,,بە زمانی كوردی دەكرۆزێنەوە .
ئەنجێلا ئەمەی ووت و بە ئەسپایی دەستی خستە ژێر شلكەی مەمكێكی خۆیەوە , لە سنگی ژێركراسە مۆرەكەیەوە دەریهانی و بە ویستی خۆی وەك گڕی حەزی گۆپكەكانی دابمركێنێتەوە , خستیە دەمیەوە , گڕی گۆپكەی مەممكی ئەو و سەری زمانی ئەم , هەردووكیانی بۆ ژووری نووستنەكەیان له باوەشگرت . وەك پەیكەرێكی گۆشتنی ژێركراس لەبەر , لەبەردیدەی ئەودا وەك پارچەیەك پەشمەك كە هەمووئەندامەكانی جەستەی بۆنی سێكس و شەهوەتیانی لێدەهات, له سەر پێخەفەكەیان ڕاكشان .
ئەو زۆر شارەزای نهێنییەكانی جەستەی ئەنجێلا بوو . پێش ئەوەی بۆنی دەمی هەڵمژی , لێو و گۆپكەی مەمكەكانی بمژی ... زانی گڕی بەرمووسەڵانی له كڵپەدایە و ئارامی جەستە و ڕۆحی له گرێژنە بردووە و. بە ئەسپایی , یەكێ لە لاقە خرپنەكانی بەرزكردەوە , باوەشی ماچێكی گەرمی له پاژنەیەكی خرپنی ئاڵاند , پەنجەكانی پیێ یەكە یەكە بە ماچ داپۆشی وبۆ تاوێ پەنجە گەورەی پێی مژی , زمانی بە ڕێچكەی ووردە ماچەكاندا بەسەر پووز وشلكەی نێوان ڕانەكانی و تا قووڵایی بەر

مووسەلأنی لینجی , خزاند , دەمی نا بە زمانە تووتەی نێو مووسەلأنی و گڕی کلێپەکانی قوتدا . وا یەکتریان دەگوشی , بوون بە یەك جەستەی دوو ڕەنگ , ڕەنگیکی کاڵی لەشێکی گۆشتنی پەمەیی و ڕەنگێکی گەنمڕەنگی تووکاوی ماسوولکەدار . تەکانەکانی ئەو چەند هێمنانە بوونایە , جێگەی نینۆکە درێژە سوورکراوەکانی ئەنجێلا لە پێستی پشتی ئەودا قوڵتر دەبوون .دوای تێربوونی لە تەکان . هەموو جەستەی ئەنجێلا تێکەلأوی هەناسەکانی بوو و تەواوبوو...لە جووڵەکەوت . بوو بە پارچەیەك پەشمەکی گۆشتنی سەر پێخەفەکە , تلێکی بە لەشیدا و سەری لە سەر سنگە توکاویەکەی دانا , وەك بە دوای زەنگیانە ووردیلەییەکانی پرسیارەکانیدا بگەڕێ , بە نینۆکە دریژە سوورکراوەکانی بازی بە مووەکانی سەر سنگی دەکرد .

ووتی :

- دەزانی لە تاو گڕی بەر مووسەلأن و گۆپکەکانی مەمکم , پرسیارەکانم لە یاد چوونەوە ؟ سەری زمانت چ نهێنیەکی گۆپکەکانی منیان لای تۆ درکاندووە ؟ خۆ ناکرێ باسی تام و تەڕی هەناسەمیان کردبێ ؟؟؟

- ئەمە چیرۆکێکی درێژە .... لە دوێنیوە خەریکی نوسینەوەیم . با بگەمە کۆتایی . پێش بڵاوکردنەوەی بۆت دەخوێنمەوە .
- حەزدەکەم هەر ئیمشەو بۆم بگێڕیتەوە .
- زووە , هیشتا گشت نهێنییەکانی بۆ نەدرکاندووم ,
- تکایە ... چەندی لێدەزانی پێم بڵێ , ئەگینا ئیمشەو ئۆقرەی خەوەکانم دەزڕێ .

( کەمێك بێدەنگ بوو)

ئەو دەیوویست دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە و پوختەکردنی , بۆی بگێڕێتەوە , ئەنجیلاش ئۆقرەی بۆ نهێنییەکانی نەمابوو , بۆیە بیری لە ڕێگەی دبلۆماسیەتی سێکس کردەوە ,

( ئا چۆن بە هێمنانە ڕامیکردم , بە هێمنانە تەکاندەدا , بە هێمنانە دەنووسێ , دەبێ بە هێمنانەش نهێنییەکانی لێدەربهێنم ) لە جیاتی ووشەی ( تکا) لێوەکانی کرد بە ووشەی (تکا) و تاوێك گۆپکە توکاویەکانی بۆ مژی , بەسەر پێستی سنگ و سکیدا , زمان و لێوی ناسکی بە ووردە ماچ خشاند , تا گەیشتە کوێستانی توکە قەترانیە ئاڵۆزکاوییەکانی بەر مووسەڵانی. بە ڕیز پەنجەخرپنەکانی ڕێواسە پاککراوە قەت قەویەکەی ناو

باوەشی تووکە قەترانیەکانی بەرمووسەڵانی لە ئامێزگرت و بە لەپی دەستی ختووکەیدا . کەمێك ووزەی پێبەخشی ,خستیە نێوان لێوە ناسکەکانیەوە , بە ئەسپایی بە سەری زمانی ختوکەی سەری ڕێواسەکەی دەدا. ئەنجێلا زۆر عەیار و شارەزای هونەری سێکس وخاڵە پڕ تەزووەکانی لەشی پیاو بوو . دەیزانی ئەو حەزی بە بازیی ڕێواس مژینە , ڕیواسەکەی لە دەمی دەرهانی و زەردەخەنەیەکی ناسکی پیشکەشکرد و ووتی :

- ئیمشەو ڕێواسی حەزت لە تینوێتیدا دەخنکێنم , ئەگەر نهێنییەکانی سەری زمانتم بۆ نەگێڕیتەوە .

ئەمەی ووتوو تا قەبارەی دەمی بواری بوو . ڕێواسەکەی خستە دەمییەوە , بە ساتێکی کەم ڕۆحی بە مژین هارکرد . وەك ئەشکەنجەی بدا , کەدەیزانی پلەی گەرمای ڕۆحی بەرز دەبێتەوە ڕێواسەکەی لەدەم دەردەهانی و بەدەم زەردەخەنەوە گەمەی پێدەکرد..

- کەی ئەو نهێنییانە دەدرکێنی ؟
- دوای تەواوبوونی ژەمی دووهەم ,,, تکایە بەردەوام بە و کلێپەی ڕۆحم ڕامەچڵەکێنە . با تووشی نەخۆشی دڵ نەبم ...
- نا ... دەزانم بەم بازییە دڵت ماندوو نابێ , بە پێچەوانەوە , پڕ حەز دەبێت , ئەی خۆت چەند جار پێت

نەوتووم , (سێکس مەساجی دڵ و جەستە وئارمکەرەوەی ڕۆحە ؟), ڕەگی شێتی ئافرەت و پیاو ئارامدەکاتەوە ؟ تا تووشی نەخۆشی دڵ نابی , تا ژمارەی ژەمی سێکسەکانت فرە بێ , ماسوولکەکانی دڵت بەهێزتر دەبن , خۆتۆ مامۆستای ئەم نهێنییانەی ...؟ تا نهێنییەکانم بۆ نەدریکێنی لەم ئەشکەنجەیە بەردەوام دەبم ... سوێندم بۆ بخۆ .

⋆ ئاخر کچی خوا ,,, کەی ئێستە کاتی دادگایکردن و سوێندخواردنە ..؟

- با ئیستە... کاتێتی ,,,, سوێندم بە خۆشەویستی .. کوردستان بۆ بخۆ,,, چونکە تۆ هەمیشە سوێندی پیرۆزی پێدەخۆیت ... دڵنیام ... دوای ئەو سوێندە درۆم لەتەکدا ناکەیت .

- باشە ,,,, بەلاّم تۆ پەرستگای حەزی هەردووکمان دەم لە زمانی رۆحم بەرمەدە , تا شیلەی ڕۆحم فیچقەدەکاتە ناو دەمت ... خۆتۆ تینووی مژینی ئەو شیلەیەی ؟؟؟.

بێدەنگ بوون.... تەنیا سرتەی هەناسە و مڵچەی مژین و خشەی نەرمی پیخەفەکە و ئۆڤ گڕی دەروون نەبێ, هیچی تر لەو ژوورەدا نەدەبیسترا ! ئەنجێلا دەیزانی چۆن بە مژین ئەو دەگەیەنێتە بەهەشتی ڕۆح . هەرکاتێك دەنگی گڕی ئەو

بالآبوایە دەمی ئەنجێلا لە مژین خاودەبووەوە , بۆ ئەوەی زووتەواو نەبێ , سووربێ لە درکاندنی نهێنییەکانی, زۆر نیانانە ئەشکەنجەی ڕۆحی دەدا , دەیزانی ئەو شەیدای ناو دەمی گەرمێتی ,,, بۆیە تاوێك بە گەرمی بۆی دەمژی تاوێك بە ناسکی بە سەری زمانی بازی پێدەکرد . لەتاو مژینە هونەریەکەی پێڵووی چاوە قاوەییەکانی لەیەك نابوو , لە ژێر پەردەی ڕەشی پێڵووەکانیەوە سەرتاپای لەشی ئەنجێلای بە بە ڕووتی دەبینی, تا مژینەکانی قوڵتر بکردایە جوومگەی ئیسقانەکانی لەشی لە گرێژنە دەچوون ..,,, سەرتاپای لەشی ئارەقێکی تەنکی دەرداو , ئاوی ڕۆحی فیچقەیکرد و ئەنجێلاش دوا تنۆکی قووتدا جەستەیان لە جووڵە کەوت . کە هاتەوە سەر خۆی . باوەشێکی نیانی پێداکرد و توند بەخۆیەوەی نوساند . ئەنجێلاش دەمی خستە لا ملیەوە پێووت :

- دەی ئێستا پێم بڵێ با بزانم سەری زمانی تۆ و گۆپکەی مەمکەکانی من چ نهێنییەکیان هەیە ؟
- دڵەکەم دۆینێ شەو کە لەشمان بوون بە دووڕەنگی تێکەڵاو و ڕژانە سەر پێخەفی ژووری نووستنەکەمان , دوای ئەوەی وزەی خانەکانی لەشمان گەیشتنە دوا هێزی بوونمان , من شێت و شەیدای تەکانە ئاگراوییەکانی تۆ بووم . گۆپکەکانی مەمکتم

دەمژی سەری زمانی من وگۆپکەکانی تۆ ... بیٚ ئاگایی من وتۆ ...
ڕیٚکەوتبوون لەسەر ئەوەی :
( بیٚدەنگ بوو , ئەنجیٚلا گویٚبیستی بیستنی چیرۆکە نهیٚنییەکان
بوو ),

- ئیٚ ... دەبیگیٚڕەوە .. چی ڕوویدا .
- باشتر وایە زمانی من و گۆپکەکانی تۆ خۆیان بیٚنە زمان
.
- چەند جارم پیٚووتی گۆپکەکانم زمانی ڕوسییان لە بیرچۆتەوە , ئیٚستا لە کوردی زیاتر هیچ زمانیکی تر نازانن . دەبیٚ هەر تۆ بۆم بگیٚڕیتەوە .

( وەك ڕەزامەندی گۆپکەکانی مەمکی بۆ گیٚڕانەوەی نهیٚنییەکانی وەرگریٚت , مستیکرد بە شلکەی مەمکەکانیدا و گۆپکەکانی هەلٚتۆقین بەناسکی مژینی ....
ووتی :

- کە گۆپکەکانت لە نیٚو دەمما بوون , گۆپکەکانت ووتیان :
- ئەی سەری زمانی دەروون گەرمی مرۆیەکی

هیٚژا .. لەو ساتەوەی بووم بە کوژەکەی پەمەیی چاوەزاری سنگی ئەنجیٚلا . زۆر دەمی سارد منی گۆپکەی مژیوە , زۆر سەری زمانی زبر وبیٚ تام ,ختوکەی منیان داوە , زۆر دەمی

بۆگنەوای , لە بۆنی جگەرەدا خنکاندوومیان , وەلێ کەسیان وەکی تۆ .. ڕۆح , جەستە , چرکە , ووزە , خانەی بوونی منیان بە بەهەشتی ڕاستەقینەی ناو دەم . مژین , ختووکە ئاشنانەکردووە پێمنالێیت ئەم هونەری مژینە چۆن و لە کەیەکەوە فێربووی ؟ دەترسم تەمەنی ئەم مژین و ختوکە ووزە بەخشانە کەم بێت ,,, بۆیە بەساقەتبم تا لەناو دەمتام ,, با ببم بە بەشێك لە تۆ,,دە ئازا و بە ئەمەك بە بۆ خۆت و ڕۆح و من ,,,, بمتووێنەرەوە ناخت ,, من دڵنیام دوای دابڕان لە تۆ , دەمێکی تر , زمانێکی تر , ئەم حەز و چێژ و ختوکە ناسکانەم پێناچێژن , بێ زمان ودەمی تۆ بە زیندووی دەمرم , بە ژیانەوە ئیفلیج دەبم , من گەرەکمە تا دوا چرکەی ژیانم لە دەمی شەیدایەکدا ببم و بمژرێم ,,, بژیم ....کە شەیدا و هونەرمەندی مژین بێ , تۆ شەیدای ڕاستەقینەی من و هونەرمەندی گۆپکە مژینی .

سەری زمانی منیش وەڵامی دایەوە و ووتی :

⋆ئەمە تەنیا گرفتی تۆ نییە , منیش داماوم ,, زۆر دەمێکە گۆپکە و زمانە تووتەی بەر مووسەڵانی خانمانی خرپن دەمژم . زۆر زۆر دەمێکە ووردیلەکانی جەستەی ئافرەت دەلێسمەوە . هیچ وردیلەیەك هێندەی ووردیلەکانی تۆ شەیدای نەکردووم ,

ئا منیش گەرەکمە تووخوا ,,, ببم بە خانەیەك لە خانەکانی تۆ , با هەتا ووزەم تێدایە , لەتەك خانەی گۆپکەی ئەنجێلادا هاوڕێ و هاوژین وهاوچرکەو ها,,,, ه ,,,,, هاو هەمووشتەجوانەکانی بم.

دوای ئەوەی گوپکەکانی تۆ و سەری زمانی من تێر بەسەر یەکتریدا گریان , نەیانتوانی لە ناو یەکتریدا بتاوێنەوە .

زمانی من ووتی :

- ئەی گۆپکەکان کاتێك ئێوە جوانن ,, خۆشن ,, سەرچاوەی ووزە و کانیاوی حەزی ژیانن, کە بە سنگی ئەنجێلاوە وەك کوژەکەی پەمەیی چاوەزار , بۆ شۆخییەکەی ئەو چاوەزار بن ,

گۆپکەکانی تۆش ووتیان :

- ئەی سەری زمانی ڕاستگۆترین شەیدا , ڕاستدەکەیت , تۆش بۆیە ئەوەندە گەرم و چالاك و پڕ ووزە و هونەرمەندی ختووکە بەخش و مژینی , چونکە سەری زمانی مرۆیەکی عاشق بە مرۆ و پاکیت , کەناڵی ووشەی نوسەریکی شەیدای ....... وەرە باپێکەوە ووزە بەخشی چرکە ناسکەکانی ژیان بین .... چونکە ئێمە بەو جیاوازیانەوە ژیان جوان دەکەین.

- ئاڕمیتاژ : گەورەترین و بەناوبانگترین , مووزەخانەی ڕوسیا و شاری سانپیتربۆرگە .

- لە نێوان ئاسمانی فرانکفۆرت وسانپیتربۆرگ

2003/10/16

# ساته برغوويیەكان

زۆر دەمێك بوو ,  جەستەی گلەیی لە ڕۆحی و قەدەرێکی زۆر بوو ڕۆحی گلەیی لە جەستەی  دەکرد . ئەم دوو بوونەی هەمیشە لە گۆڕەپانی کاتەکانیدا لە جەنگێکی نەبڕاوەدا بوون . هەردووکیان بەڕوویا دەیانزریکاند .ئەویش بەرامبەریان ئیفلیج بووبوو.

لە ناو ژوورەکەیدا خولی دەخوارد و لەبەرخۆیەوە وڕێنەی دەکرد . سەرەداوی پرسیارەکانی وا لێئالۆسکاوبوو نەیدەزانی چۆن لێان ڕزگار بێت .ئەمە پیشەی گشت شەوانی کۆتایی هەفتەکانی بوو . لە تاو دەنگی ڕۆح و جەستەی , گوێکانی خۆی دەگرت و گرمۆڵەی ئازارەکانی ڕۆح و جەستەی بووبوو. .

پێم ناڵێی تاکەی لە دووتوێی پێخەفێکی پڕ بۆنی
خۆتدا , خۆت گڕمۆڵە دەکەیت ؟؟ جەستەی
پێووت .
کوا ئەو بۆنەی کە خانەکانی جەستەت وەك خونچە
دەگەشێنێتەوە ؟؟ لە جەنگەڵی جەنگ و
بیرکردنەوە ماندویتیت دەحەوێنێتەوە ؟؟
ڕۆحی پێووت .

چ پیاویکی بێ غیرەتی .... بێ بەرهەمی , بێ ئەمەکی بۆ ڕۆح و جەستە و چرکەکانی ژیانت . ئیتر چۆن دەتوانی ئەمەکت بۆ کەسێکی تر هەبێ ؟ تۆ کابرایەکی بێ کەڵك و وشەرمنی , تۆ نەخۆشی , ئەزانی بۆ ؟ چونکە شەرمت کردۆتە مۆتەکە و داوتە بە کۆڵی حەزەکانتا , شەرم لە چی ؟ لەوەی حەزی لێدەکەیت ؟ لەوەی دڵ و جەستە و هەناسە و ڕۆح و بوونی تۆ گەرەکێتی ؟؟. تۆ نازانی دەستپێکردنی گشت خەمەکان لە تەنیاییەوە سەرچاوەی گرتووە ؟

جەستەی پێووت .

وەك لە تەك دیوارەکاندا بدوێ هەرساتەی ڕووی دەکردە دیوارێکی ژوورەکەی و بەدەنگی بەرزەوە بە بۆشایی ژوورەکەدا دەیقیژان .

ئاخر خۆ تەنیا من , تەنیا نیم ؟ ملوێنەها مرۆڤ لەم دونیایەدا تەنیا دەژین ,؟

بە ڕۆح و جەستەی ووت .

تۆ ناتوانی غەمی گشت تەنیاکانی ئەم دونیایە لە کۆڵ بنێیت !! بیر لە خۆت بکەرەوە. گەوج ....

ڕۆحی پێووت .

ئەمە جەنگی ساردی نێوان ئەو و ڕۆح و جەستەی ئەو بوو .

( هەیە بە تەنیایی و بێ ئافرەتی جەستە وبیری گەشە دەکات , من تەنیایی وبێ ئافرەتی گێژم دەدا , کاممان نەخۆشین ؟ منی شەیدای ئافرەت و پەیوەندی , یان ئەوەی بێز لە پەیوەندی ولە ئافرەت و بۆنی بنباخەڵ وهەناسەیان دەکاتەوە ؟ تەنیایی بۆمن دۆزەخە , چرکەی چڵکنە , هەناسەی بۆگەنە , خواردنی بێ تامە , خواردنەوەی سوێر وتاڵە, نووستنی پێخەڤ زبرە , , ژیان بێ پەیڤین و باوەش وهەڵمژینی هەناسە ... گۆڕینەوەی نیگای تاریکی ژێر لێفە ... ووردە فسکەی ناوجێگە ....... لاپەڕەی تاریکی شەوەزەنگن نەکەڵکی بۆ نووسەرەکەی هەیە نە بۆ خوێنەر . نە کەس دەتوانێ تەنیا ووشەیەکی لێبخوێنێتەوە . نە ووشەیەکی تری تێدا بنووسێتەوە .)

- ( بێ ئەوەی بەخۆم بزانم پێم ووتن , وەرن ژیانم دابەشبکەن ,,, نامەمم نووسی , ئیمزام بۆکردن , دابەشیانکرد . دابەشکردنێکی زۆر نا مرۆڤانە . ئەمە تەنیا یاسایەك نەبوو بۆ من , هاورێکانیشم وەك من وان. تۆماس , هیلمۆت , گۆنتەر ومنی کورد , یەك سوپا مرۆڤ .... ڕۆژی هەشت کاتژمێر دەبم بە برغووی لەشی ئامێری ئەو کارگەیەی کاری تێدا دەکەم , نان خواردنم ڕۆنە و لە لەشی منی برغوو دەدرێ , تا نە سوێم و بەرگەی ئامێرەکان بگرم . لە ماڵیشەوە بە زیندانی . هاوکارەکانم وەکی من تەنیا نین . کە دەگەڕێنەوە باوەشێکی پڕ مەمك و هەناسە و شەهوەت , باوەشیان بۆ دەکاتەوە . باوەش و ناوپێخەفێك جەستەی ماندویان لە برغووە دەکاتەوە بە مرۆڤ , کەس لە تەنیایی تەنیاکان . تێناگات من و مرۆڤە مروییەکان نەبێ ,.)

ڕۆژێك غیرەتی دایە بەرخۆی و بڕیاریدا کۆتایی ئەم هەفتەیە , کۆتایی بە تەمەنی تەنیاییەکەی بهێنی . بەهیوای لەشێکی خرپن وباخەڵێکی نەرم وشلی مەمکاوی , بەرموسەڵانێکی خرپنی تووکاوی , چەپکێ قژی بۆناوی , ئافرەتێکی دەروون شەهوەتاوی . ڕیشی پاك تاشی . قژە ڕەشە درێژەکەی بە شامپۆ شت و

خاویکردەوە . بۆنێکی زۆری لە خۆیدا و کراسێکی ڕەشی لە بەر کرد . چەند دووگمەیەکی کراسەکەی کردەوە تا تووکە ڕەشەکانی سەرسنگی بکات بە تاوی تەڵەیەك و سوێسکەی مەمکی خانمێکی پێ ڕاوبکات .هێندە دەستی بە خۆیدا هانی . لە ئاوێنەکەدا حەزی لە خۆیدەکرد . لەتەك خۆیداکەوتە وورتە وورت .

( خۆ ئەوەندە قەڵب نیم تا ئافرەت سڵاو لە حەز ونیگام نەدات؟!)

بارێکی ڕۆمانسی پڕ لە هەناسەی ئافرەت و پیاوانی تەنیا و جووتی تەنیای دۆزیەوە . ڕووناکی کزی بارەکە چرپەکانی چرپە تر و نیگاکانی تاریکتر و هەناسەکانی ئاستەم تردەکرد. مۆسیقاکەی,ئاوازی ڕازاندنەوەی چرپەکانی نێوان لێو و چاوەکانی سەرمێزەکان بوو . چەتری شەوێکی پڕ نهێنی بە سەر دانیشتوانی بارەکەدا هەڵکرابوو , بۆنی دووکوڵەپەنگ خواردووەکەی ناو بارەکە بۆنی چەندان چیرۆکی تەنیایی دانیشتوانی بارەکەی لێدەهات .بەنیازی ڕاوی نەرمە لەشێ , هەڵمژینی بۆنی هەناسەو باوەشێ , خۆی خزانە ژێر چەتری شەوە پڕ نهێنییکەی بارەکە . بە تەنیایی و بێدەنگی لە سەر کورسیەکی قەراغ بارەکە دانیشت و داوای ویسکی و کۆلای کرد , بۆ ئەوەی زوو ئازا بێت بە چەند

مژێکی خێرای پەرداخی یەکەمی فتکرد , کەمێك مەست بوو و لاپەڕەیەکی ترس لە مێشکیدا کاڵبۆوە . لە ناوەڕاستی پەرداخی دووهەمدا , شەرمی گەڕەکی کانیسکان وباجی بەهییەی دراوسێیانی توڕدا . پێڵوی چاوەکانی قورس و ترپەیان ئارام بوون. لە یەکەم قوومی پەرداخی سێهەمدا کەوتە چاوبڕکێ و ڕاوکردنی لەشێکی نەرمی ناو بارەکە . بە چواردەوری خۆیدا وەك ڕادار ملیی بادەدا ... چاوەکانی بە دیمەنی مێزێکدا چزا . دوو ئافرەتی خەپانی لە سەر بوون . بەدەم قسەکردنەوە سەیری ئەم لاولای خۆیانیان دەکرد, مەزەنەی وابوو ئەوانیش بە دوای نێچیرێکی لەش زبر و توکندا دەگەڕێن . قوومێکی قووڵی لە پێکی سێهەم داو و تەواو ئازا بوو, بڕیاریدا بچێتە سەر مێزی دوو ئافرەتەکە و سکاڵای دڵی تەنیایی خۆی بۆیان هەڵبڕێژێ . داوای قاشێك لە ژیانیان لێبکات وقاشێك لە ژیانی خۆی پێشکەش بە یەکێکیان بکات , گرفتی بۆ دروست بوو.

( ئەوان دووان و من یەك ... لەگەڵ کوامیان بدوێم . سکاڵای دڵی خۆم بۆ کامیان هەڵبڕێژم ؟؟ )

پێکی سێهەمیشی فتکرد وبەتەواوی بوو بەپاڵەوان , هەرچی ترس و شەرمی گەڕەکی کانیسکان بوو لە ڕۆحی داماڵدرا .

پێش ئەوەی بچێتە سەر مێزەکەیان لە گوڵفرۆشێکی هندی ناو بارەکە , لە جیاتی تاقە گوڵێك , چەپکێ گوڵی سووری قەترانی بە 50 ئۆرۆ کڕیی .تا نێچیرەکەی بە قەبارەی چەپکە گوڵەکەی لە قەبارەی چەپکی حەزی ڕۆحی بگات ودەرگای ڕەحمەتی ڕۆحی بۆ بکاتەوە . لێتێبگات چەند بۆ ئافرەت سووتاوە .

(جوانترین دیاری و ووشە و ڕستە بۆ ئافرەت گوڵە .)

( ئێ وایە سروشت بێ سەوزایی و گوڵ کاولییە , ئافرەتیش بۆ ژیانی پیاو سەوزایی و چەپکە گوڵە ... بۆیە ئافرەت گوڵی خۆشدەوی چونکە خۆیان لە گوڵن .)

دوا تەڕایی لێوی پێکی سێهەمی مژی , چەپکە گوڵەکەی خستە تەنیشتیەوە و وەك خۆی ئامادەی بەرەنگاربوونەوەیەکی دژوار بکات . تەواوی توانای بیرکردنەوە و هەستی کردە ملی چەند ڕستەیەك و چەند جارێ لە بەر خۆیەوە ڕستەکانی بە ئەڵمانییەکی دروست لە بەر خۆیەوە دووباردەکردەوە ,,, لە نێوان ڕستەکانی سەر زاری بەدوای یەکەم ڕستەی قسەکانیدا دەگەڕا ....

( کامیان هەڵبژێرم و چەپکە گوڵەکە بدەم بە کامیان ؟)

حەزی ڕۆژهەڵاتی خرپنە لەش هەوریە مەمك پڕەکەیانی هەڵبژارد  چووە سەر مێزەکەیان و چەپکە گوڵەکەی بۆ ئافرەتە خرپنەکە ڕاگرت .

دەتوانم کەمێك لاتان دانیشم ؟

ئافرەتەکان سەیری یەکتریان کرد و بە ساردیەوە فەرموویان لێکرد و پێیان ووت  . وەلێ بەداخەوە کاتمان بۆت کەمە .

دەمەوێت خۆمتان پێ بناسێنم .

ڕویکردە بلوز زەردە خرپنە مەمك پڕەکە و پیێ ووت

تۆ زۆر جێی سەرنجی منی .

ئەویش زەردەخەنەیەکی ساردی بەڕوویدا پژان و سوپاسێکی ئاسایی لێکرد و لە تەك هاوڕێکەیدا لە گفتوگۆکەیان بەردەوام بوون , ئافرەتەکان بەبیانووی قسەکردنەوە بەئەسپای خستیانە کەناری خۆیانەوە ..... جار جارە ئاوڕێکی بەئاستەمیان لێدەدایەوە  ئاوڕەکان زیاتر بەزەییانە بوو نەك حەز و پەسەندکردن وەك گەرەکیان بێت پێی بلێن کاتمان کەمە بۆت ,, پەیتا پەیتا سەیری کاتژمێرەکەیان دەکرد و دوای کەمێك , بە لێبوردنەوە لەسەر مێزەکە بە تەنیا جێیان هێشت و چەپکە گوڵەکەشیان لەگەڵ خۆیانا برد . کارەساتێکی دڵپروان بوو. وەك ئەکتەرێکی

سەرنەکەوتووی شانۆیەکی پڕ لە خەڵك , شەرم دایگرت . دانیشتوانی بارەکە لێیاندەڕوانی . ئەویش بۆ ڕزگار بوونی لەو بارە ڕۆحیە داتەپیوەی خۆیکرد بە سەرخۆش و لۆژلۆژ بارەکەی بەجێهیشت , بە نیازی هەڵمژینی هەوای پاك وئارامکردنەوەی دەروونە داتەپیوەکەی , بە شەقامەکەدا خلبۆوە , کەمێك لە دووری بارەکەوە لە تاریکایی شەوەکدا و لە پشتەوە دووئافرەتەکەی بینی . لەگەڵ گوڵ فرۆشە هندێکەدا قسەیاندەکرد .هەڵوێستەیەکی کرد و مەراقی چاودێری کردنیانی پێسپارد , هەنگاوەکانی خاو وکورت و ئەسپایی کردەوە , لە تەك ڕۆحی خۆیدا کەوتنە چرپە .

( تۆ بڵێی گوڵ بۆمن بکرن و بگەڕینەوە بۆ لام ؟ )

خۆی خزاندە پشت تاریکاییەکەوە , بینی ئافرەتەکان چەپکە گوڵەکەی ئەویان بە گوڵفرۆشەکە دایەوە ... بەدەم قاقایەکی بەرزەوە قۆڵیان بە قۆڵی یەکاکردو. بە قوونە پەڕینەوە بۆ ئەو بەری شەقامەکە . خۆی گەیاندە گوولفرۆشەکە و لیێ پرسی :

بێ زەحمەت ئەو دوو ئافرەتە ئەو چەپکە گوڵەیان بە دیاری دا بە تۆ ؟؟

نەخێر لێم کڕینەوە

بە چەند ؟؟

بە پێنج ئۆرۆ ....

ئێ بۆچی پێیان فرۆشتی  و هیچیان نەوت ؟

با...ووتیان پارەکەی بە پاکەتی جگەرە دەدەین , چی لە گوڵ بکەین ؟!

تاسا , بەنیازی بۆنی دەمی ئافرەتێك و چەپکێ ڕستەی خۆشەویستی .. چەند ژەم مژینی  گۆپکە و چۆپی کاروانی تەکانی ڕووتی شەهوەتاوی , خەوێکی ئارامی کۆتایی هەفتەیەکی ماندوویی . نرخی چەند کاتژیری کاری دابە چەپکێ گوڵ .. هەناسەیەکی بەزەییانەی هەڵکێشا و دەستێکی بە ناوچەوان وقژە درێژە ڕەشەکەیدا هانی .

ووتی :

( من دەزانم لەم کۆمەڵگایەدا پەپوولەیەك نییە , مژێك لە پەڕەی ڕۆحی من بدات  .)

گەڕایەوە ماڵەوە و هەر بە بەرگەکانیەوە خۆی بەسەر جێگەی نووستەکەیدا داو. ئەوشەوە هێندە ڕۆحی بریندااربووبوو ,,, نەیتوانی وەکی شەوانی کۆتایی هەفتەکانی

تری ... لەپی دەستی ڕاستی بکات بە هاوڕێی حەزەکانی و بە تەنیا خەوی لێکەوت .

2003/09/04

# خەوێکی ڕووت و قووت

لەو ساتەوەی وێنەکەت گەیشتە لام , گلێنەکانم یەکە یەکە سنگ ومەمك و دەم ولێو و لووت وچەناگە وگەردنت دەمژن . هەناسەم بۆنی قژی درێژت هەڵدەمژێ . ڕەنگی مووەکانی سەرت کاڵە وەك ڕەنگی لقی ئەو درەختانەی , لە زستانی سەختی ئۆکرایندا , لە ساڵێکدا چەند مانگ لە سەرمایا هەڵدەلەرزن و بەدرێژایی ئەو ماوەیە چاوەڕێی تیشکی خۆرن , تا کەمێك لە قەدوباڵایان بداو چەند گەڵایەك دەربکەن وبۆ ماوەیەك ڕەنگی کاڵیان سەوز هەڵگەڕێ . لێوەکانت وەك دوو باڵی پەپوولەیەکی باڵ پەمەیی سەر گوڵێك کە دوای مژینی هەڵاڵەکەی و لە ساتەوەختی فڕیندا بێت و باڵەکانی لەیەك نابێ . ئاوا لێوەکانت لە یەك ناون . هێندە بەعەزرەتەوە سەیریانمکرد لە بەرچاوی حەزی , مندا لێوەکانت وورده وورده بزوان و باڵیان لێ پەیدابوون و بوون بە پەپوولەیەکی باڵ پەمەیی و هەڵفڕین لە وێنەکە هاتنەدەرێ و بەدەورما خولانەوە . پێش ئەوەی ماچم بکەن ختوکەی لاملمیاندا . زۆر بەئەسپایی باڵە پەمەییەکانی لێوت لەسەرلێوە قاوەییەکانی من نیشتنەوە . وورده وورده لێوەکانم ڕەنگی لێوەکانی تۆیان گرت . تەزوویەك ڕایچڵەکاندم . چاوەکانت هەریەکەیان مستێ ڕەنگی سەوزی کاڵی تێڕژاوە , دەبێ ڕەنگی سەوزی کاڵی ڕەگی ڕێواسی ژێر بەفرەتەمەن درێژەکەی ئۆکراین

بێ و سروشت لەبەر خاتری شۆخێتییەکەت بەشی چاوەکانی تۆی لێدزیبێت . لەو دەمەیدا چاوەڕوانی چرکاندنی پتی کامیرەی فۆتۆگرافەکە بوویت . چەپکە پرسیارەکانی چاوت بە تیشکی فلاشەکە قەتیس بوون . وائێستا پرسیارەکانی چاوت دەتۆێنەوە و هاتنە زمان , زمانێکی شاعیرانە تەنیا دڵدارەکان نەبێ کەس لەو زمانە ڕۆحیە ناگات . چەند تکەیەك تکانە سەر نیگای حەزەکانمەوە . ئای کە جوانە دڵۆپ ... دڵۆپ پرسیاری سەوزی چاوەکانت لە تەك ڕۆحما عەشق دەکەن .

دڵۆپە پرسیاری یەکەم : لەم ژیانە گرژەدا دەگەمە کوێ ؟

دڵۆپە پرسیاری دووەم : تاکەی ئەم سینە پڕ حەزەی من هەوای ژوورێکی تەنیا هەڵمژێ ؟

دڵۆپە پرسیارەکانی سێهەم : ئایا لە پرسیاری چاوەکانم دەگەیت ؟ هەناسەی شەوەکانت بێ هەناسەی ناسکی ئافرەت بۆگەن نییە ؟ ئایا پێخەفەکەت بێت باوەشی نەرمی ئافرەت زبر نیە ؟ ئەی خەوەکانت ئاڵۆزکاون یان وەکی تاڵەکانی سەری من بەستەی جوانیان گرتوە ؟ بۆچی مرۆڤ برسی بێت ؟ بۆچی لەش و ڕۆحی من و ملوێنەها ناسکە ئافرەت لە مانگە شەوەی بەهارا . لە شەوی کرێوەی زستانا تەنیا بێت ؟ ئای کە ناخۆشە کاتێك گڤە گڤی با و کرێوە پڕوشەی بەفر بەڕووی پەنجەرەی ژوورە تەنیایەکەما دەدا

. ئەو ساتانە منی دڵ و دەروون تەزیوی زستانی تەنیایی , وای چەند حەزم لە باوەشێکی ڕۆمانسی گەرم و گوڕە , لە هەناسەی دەنگێکی گڕە . پرسیارەکانم هێندە زۆرن خۆشم  ژمارەیان نازانم . وەلێ زۆرن ... زۆر ... زۆرن بەرهەمی ئەو تەمەنە زۆرە تەنیاییە کە تیایدا جەڕاوم .

ڕاستە دەڵێن نووسەران لە زمانی چاو و نیگای ئافرەتان دەگەن ؟ کەواتە دەبێ بزانی بۆ وا نیگام لە چاوی ئەو کامێرەیە بڕیوە ؟ ئا وەك پۆستبەرێ چەند نامە ونیگام بۆ بەرێ . بۆ کێ ؟ بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت بمبینێ . ئەی نووسەرە تەنیاکە , دەئازابە و ئازاری ئەو چیرۆکە گڕمۆڵە بووانەی ناخم بخوێنەوە تا دەگەمە لات و لەگەڵ ڕۆحم سەردەخەمە سەرسنگە توکاویەکەت . ئەوانەی بۆت نەخوێندراونەتەوە بۆت دەگێرمەوە .چ ڕێکەوتێکی سەیرە , دووتەنیا , دووشەیدای باوەش وجێگە و هەناسە و ئۆقی ڕۆحی گەرم , نێوانیان هەزارەها میل وپردێکی باریکی نامە و وێنەیەکە.

من لە وڵاتێکی سارد وسڕی باڵا تەزیوو , تۆ لە وڵاتێکی گەرم و گوڕ , بەیەك دەگەین ؟ کەی ؟ نازانین .

لە تەك ئەم پرسیارە ناسکانەدا  وەنەوزم دەدا تا خەوم لێکەوت . وێنەکەت بە بێدەنگی لە نێوان پەنجەکانم دا ترازانە سەر

سەرسینەکە وهاتیتە خەوم , خەوێکی گەرم و گوڕ ونەرم ونیان و ڕووت , لە خەوەکەمدا زۆر شەرمن بوویت , من لە سەر تەختی نوستنەکەم وەك ئەو ڕۆژەی لە خانووە قورینە کورتەبنەکەی مەڵکەندی و لە لە شی دایە خونچە هاتمە دەرێ ئاوا ڕووت بووم . تۆ لە بەردەرگای ژووری نوستنەکەمدا وەستابوویت و زۆر شەرمنانە چاوەسەوزەکانت داخستبوو . جار جارەش بە حەز و شەرمەوە لە لەشی ڕووتی منت دەڕوانی . تاسەر ناوکت ڕووت بوو ملوانکە دەنگ ووردەکەی ملت هەر لە ملدا بوو.خاچە هەڵواسراوەکە کەوتبووە نێوان هەر دوو مەمکۆڵەکانتەوە و لەتەك هەناسەتا لە نیوانیاندا تلی دەدا. تۆ شەرمت دەکرد ومن حەزم دەکرد . یانی حەزم حەزیدەکرد ببێ بەو خاچە وکەمێك نێوان مەمکەکانت بلێسێتەوە . چاوەکانم زۆر عاشقن .کچێ گلاراوی حەزیان تیایە ئۆقرەیان نەگرت لەشەرمی تۆ شەرمیان نەکرد, بە سەر سنگ ومەمکتا شۆڕبوونەوە , ئا, گۆپکە پەمەییەکانی مەمکت تینوویان بوو . تینووی تەڕایی دەمی منیان بوو . تێر گۆپکەکانتم بۆ مژیت و لە ناو دەمما وەکی خونچە گەشانەوە وشیرینییەکی سەیریان دامێ . نەك گۆپکەکان تا قولایی ناوکت ماچمکردی تۆ هەر شەرمت دەکرد شەرمێکی حەزاوی بۆیە لەژێر لێوی ماچەکاندا بزەت نەکرد . لەئامێزی

تۆپەڵە هەڵاوێکی گەرم وچەپکە ئۆفێکدا توایتەوە . بەشەرمەوە لەسەر تەختی نوستنەکەم ولە تەنیشتمەوە پاڵکەوتی . قژە درێژەکەت بەسەر سەرینەکەوشان ومل وسنگت دا پەرش بووبۆوە . لەیەکئالاین , دەمت هانی وچاوت نوقان, هەناسەیەك بەسبوو بوورایتەوە , هالاوێکی گەرم سەرتاپای لەشی هەردووکمانی تەنی . هێندە تلت بەدەورما دا ماچتکردم وسەرت بادا قژەدرێژەکەت لەگەردنم ئالا , سەرکەوتیتە سەرسنگم و بەنیازی مژینی گۆی مەمك وبۆنی تووکەکانی سەرسنگم , تەکانێکت بەسەرتدا , قژەئالاوزکاوەکەت گەرووی گرتم . بێخی سەری تۆشی ڕاچڵەکان . وشەیەك لەو مستە وشە ئەڵمانیانەی فێری بوو بوویت ( ئێنتشولدیگوون ) ت پێووتم , ماچێکی لێبووردنت کرد و سەرت خستە سەر سنگم . وەك بۆنی سەرسنگی نێرینەیەکی ڕۆژهەلاتی تاقیبکەیتەوە , ئاگام لێبوو هەردووسییەکانت لە بۆنی سەرسنگم پڕکرد . چاوەکانت هەر نوقابوون و زۆر بەحەزەوە لە یەك ئالابووین . ڕۆحی هەردووکمان ئارامی و ڕەحەتی دەویست حەزی تۆ وەك گەزۆی سەرگەلا بەسەر لەشی مندا باریبوو . حەزی منیش وەك لقی ڕێواسێکی قەدقەوی بالابەرزی ژێر تاشەبەفرێ , چۆن گەرەکی بێت توانای خۆی نیشانی خۆربدا ئاوا خۆی نیشانی لەشی گەزۆیی تۆ دەدا . ئۆقرەم نەما دەستم بەسەر سنگ

ومەمکتا کێشا و بەدوای جوانیەکانی خوار ناوکتا گەڕام . ڕان , پووز , بەرمووسەڵانێکی ناسك , تۆپەڵە موویەکی ئاڵوسکاوی بۆن خۆش . خۆم خزانە پشتەوە و بە وردەماچ هەموو پشت و لاملتم کێڵا لەجێی هەر وردە ماچێ خونچەیەکی چاو سەوزی خنجیلانە شکۆفەیکرد .ناوشان وبڕبڕەی پشت و تا گوومەزەکانی سمتت پارچەیەك گوڵ بوون , هەروەك خووی هەمیشەیم لە پشتەوە لە باوەشم گرتی , دەمم نابە لاملتەوە , کڕکڕاگەی گوێتم مژی . هەر بەهەناسەی گەرمی دەروونی من لە سەرتەختی نووستنەکە توایتەوە و boوویت بە پارچەیەك گەزۆی سێکس . ئۆف لەو ئۆفانەی دەروون کە هەردووکمانی شێتکرد. دەمویست گۆپکەی سمتەکانت بخەمە چاڵی بەرمووسەڵانم . لەپێشیشەوە پەنجەکانم لە تۆپەڵە تووکە ئاڵۆزکاوەکەت بئاڵێنم و بێخی تاڵ بەتاڵیان ختوکە بدەم تا گەرمی لەشت فێی سێکسیت پێدەگرێت . ئەوشەوە تابەیانی لەگەڵ گلاراوی حەزماندا تلماندا . تۆ هێشتا لە ئۆفدا بوویت من جەرگم سووتا , ئۆقرەم نەما لە خوار ناوکتەوە هیچم نەدی ئەزانی بۆ ؟ چونکە ئەو وێنەیەی بۆت ناردبووم تا سەر ناوکتی تێدایە , بۆیە دەغیلتم تا دەگەیتە ئێرە وێنەیەکی ترم بۆ بنێرە تا قولەپێتی تێدا بیت. با ئیتر شەوانە لە تەك نیوەی لە شی ڕووتدا نەنووم .

# کڵۆ بەفرەکانی گەلەری خوا

وەك لە گەلەرییکەی خوادا تەنیا ڕەنگی سپی تێدا مابووبێت . ئەوشەوە خوا بە ڕەنگی سپی بەفر , ڕووی شاری سانپیترزبۆرگی سپی ڕەنگ کردبوو . چەند کاتژمێرێك لە تەمەنی ساڵ مابوو . دانیشتوانی شار هێشتا لە کەژاوەی ڕۆژانی پشووی سەری ساڵی نوێدا باوێشکی حەوانەوەی ڕۆژانی کاریان دەدا. لە تاو سەرما خۆیان بە بەرگە ئەستور و توکنەکان پێچابۆوە . تاك تاك و جووت جووت ڕژابوونە سەر سنگی شەقام و گۆڕەپانە پڕ لیتە بەفراویەکان . پرچی ڕووناکی کاڵی گڵۆپە ڕەنگیەکانی دەوری لقە

ڕووتەکانی درەختی شەقامەکان , تروکەی چاویان بە کڵۆ بەفرە بارییوەکان دەتروکان . مرۆڤە جووت و تاکەکان دەستە بە دەستە ئەم بەر و ئەوبەری شەقامەکانیان دەبڕی . شەقاوی ڕێچکەکانیان لە ناو لیتەی بەفردا وون دەبوون . بەرەو ڕۆخی ڕووباری نیڤا ڕێچکەیان بەستبوو, تا لە نمایشی ئاگربازی شەوی سەری ساڵی نوێدا بینەر بن . هەندێکیان ملی ڕووتی شووشە شەمپانیەکانیان بە دەستە دەستکێشاویەکانیانەوە گرتبوو , بۆئەوەی لە دوا چرکەی کۆتایی ساڵی کۆن و چرکەی سەرەتای ساڵی نوێدا بە پەرداخی ماچەکان بینۆشن و هاتنی ساڵی نوێ لەیەکتری پیرۆزبکەن .

ڕەستۆڕان و قاوەخانەکان لە تاو سەرماتەزێنەرەکە جمەی لە ترسنۆکەکانی سەرما دەهات . ئەویش یەکێك بوو لە ترسنۆکەکانی سەرما و بۆ بەسەربردنی شەوەکەی لەسەر مێزیکی قاوەخانەیەکی ئاپورە , بەتەنیا دانیشتبوو . چاوەکانی دوو چاوی زرنگی بە ئاگاو چاودێر بوون . ڕووی مرۆکانی سنووری خۆی دەبینی و وەك لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك دەخوێندنەوە, بە ویستی خۆی نەبوو, کاتە تەنیاییەکانی هێندە فرە بوون بەشی خۆیندنەوە و نووسین , نووستن , هەموو پێداویستیەکانی ژیانی دەکرد .. بەشی بەتاڵی خۆشەویستی

دابەشکردبوو بۆ بیرکردنەوە و جەنجاڵکردنی کاتەکانی . تەمەنێکی فرە تەنیا بوو . ئەو, ئەوشارەی هەڵبژاردبوو تا کۆتاییساڵێکی تەمەنی بە تەنیا بە ڕێنەکات و دەروازەیەك بخاتە قەڵا تەنیاییەکەیەوە , هاوهەناسەیەك بکات بە جووت . لە تەك ڕۆحی خۆیدا لە وشە ڕیزکردنی چیرۆکێکدا بوو. کە گەڕایەوە ژوورە تەنیاییەکەی بیکات بە ڕۆحی چیرۆکێکی تری . تەنیای ناو چیرۆکە تەنیاکانی ژیانی ڕابودووی . ئەو هۆی تەنیاییەکەی دەزانی و نەیدەتوانی سنوورەکەی بپسێنێ . چەند ئافرەتی خۆشدەویست هێندە ڕێزی لێدەگرتن . ڕێزەکەی لە دەروونیدا بە ڕێژەیەك قەبە بوو بوو بە پەڵەیەکی شەرم ودابڕانی لە ڕۆح و جەستەی ئافرەت . کە بەڕۆحەوە سەرنجی لە جووتەکان دەدا , هەستی دەکرد هەندێکیان پێکەوە بوونەکەیان تەنیا لەشە و ڕۆحەکانیان ترازاون و لە سوچێکی تری دنیایەکی تردا بەتەنیا وێڵن . ئەم لەم جۆرە جووتانە فەلسەفەی نەبوو . دەیویست لەشە جووتەکان لە قۆزاخەی ڕۆحەکانەوە ئاڵابێت .

لەناو کۆمەڵە مرۆیەکی پەنگ خواردەوەبووی نزیك ترافیکلایتەکەی بەر پەنجەرەی کافیەکەوە , لە پشتەوە ئافرەتێکی قەد مامناوەندی سەرنجی ڕاکێشا . پاڵتۆیەکی تووکنی گران بەهای لەبەردابوو, پێچەوانەی کەسانی تری ئەو شارە نە

ملپێچی لە ملدابوو نە کڵاوی لەسەرنابوو . کە کلۆبەفرکان بە سەر شان و مل و سەری ڕێبوارەکاندا دەباری . لە سەرماتەزیوەکەی هەناسەی شاردا ماوەیەکی دەویست تا بتاوێتەوە . وەلێ کە دەبارینە سەر سەروقژی ئافرەتەکە . تەمەنیان هێندە دریژ بوون تادەنیشتنەوە . هەر وەك لە سەر پشکۆیەکی تازە کوژاوە دابکەن . بەخێرایی دەبوون بە نمە ودەرژانە بێخی قژەکەیەوە ... ڕەنگی زەردی شەوقدارتر دەکرد.ئەم دیمەنەی لێبوو بە گرفتێکی گەورە . بەوەستانەکەیدا دیاربوو .کە ئافرەتەکە پەلەی سەوزبوونی گڵۆپی ترافیکلایتەکەی نەبوو . بە هیچ لایەکی خۆیدا ئاوڕی نەدەدایەوە . لەناو ئاپوری خەڵکەکەدا خۆی بە تەنیا دەبیینی . بێئارەزووییەك بە باڵایدا بڕابوو . تەنیا لە پشتەوە دەیبنی و نەیدەزانی چ ڕوویەك ئەم چەپکە قژە زەردەی کردووە بە دیکۆری خۆی . بەدریژای ماوەی سووری گڵۆپی ترافیکلایتەکە چاوی لێنەدەتروکاند .. هێندە سەرنجەکانی قوڵ بوون .. بێئەوەی بەخۆی بزانێ سەرنجەکانی بوون بە پرسیار .

( بۆ وا ئەو کلۆبەفرانە بەوخێراییە لە سەر سەر و قژی ئەو خانمە دەتوێنەوە , بۆ تەنیا ئەو ئافرەتە سەری ڕووتە و کڵاوی لەسەر نییە و وەکی خەڵکانی تر خۆی نەپێچاوەتەوە ؟؟ )

گڵۆپی ترافیکلایتەکە سەوز بوو , ئاپورە خەڵکەکە بە خێرایی پەڕینەوە بۆ ئەوبەری شەقاکەمە. تەنیا خانمە قژ زەردەکە نەبێ زۆر بە هێمنی و هەنگاوی کورت شەقامەکەی بڕی . هێشتا نەگەیشتبووە کۆتایی شەقامەکە. گلۆپەکە سور هەڵگەڕا . کەچی ئەو هەر بە هێمنی هەنگاوی دەنا . کە گەیشتە ئەو بەر ئاوڕێکی بە لای چەپ و ڕاستیدا دایەوە و وەك نەزانێ ڕێچکەی هەنگاوەکانی بەرەو کوێ بەرێ . هەڵوێستەیەکی کرد. لە هەڵبژاردنی چەپ و ڕاستدا مۆلەق مابوو . ئەنجام لای ڕاستی گرت و بە ناوەڕاستی پێڕەوی قەراغ شەقامەکەدا ڕۆیشت . لە بەرچاوی ئەم وسنووری پەنجەرەی کەفێکە وونبوو . لە تەك وونبوونی ئەو . ئاگایی ئەمیش گەڕایەوە بۆ ناو ئاپۆری خەڵکەکەی کەفێکە . وەك هاوڕێیەکی ساتەکانی لێ وون بوبێ ئاوا هەستە تەنیاییەکەی لە ڕۆحیدا قەبە بوو . چاویلکەکەی چاوی داگرت و کەمێك واقبوونی چاوەکانی وڵی , دەستێکی بە ڕوویدا هانی . قومی دوای لە کەپوچینە ساردەکەی بەردەمی دا . ڕۆح وجەستەی کەوتنە زۆران.

( هەڵسە , ئەو ئافرەتە تەنیایە و ڕۆمانێکی پڕ کارەساتی لە ژێر پاڵتو فرووەکەیدا حەشارداوە ). ڕۆحی پێیووت

( دەرەوە ساردە ...کونجی ئەم قاوەخانە گەرمە لە جەستەت دوور مەخەرەوە ) لەشی پێیووت

لە نێوان ئەم دوو هێزەدا چەمابوو , لەشی بەگوێی ڕۆحی نەکردو خۆی مەلاسی کورسێکەی کرد . ئۆقرەی ڕۆحی باڵیگرت . بوو بە چەند پەپوولەیەکی حەز و عەشق و لەجەستەی جیابوونەوە . لە قاوەخانە گەرمەکەدا بەبێ ڕۆح و بەتەنیا بەجێما . پەپوولەکانی ڕۆحی ئەودالی شەقامی ( نفیسکی پریسپیك ) بوون ٭. بەپرتاو خۆیان دەکرد بەناو مرۆڤە ڕژاوەکانی سەر شەقامەکەدا . هەنگاو بە هەنگاو دوای خانمە قژ زەردەکە کەوتن . خانمەکە کۆتایی شەقامەکەی بڕی و بە تەنیشت موزەخانەی ئارمیتاژدا لایدا و چووە قەراغ ڕووبارە بەستووەکەی نیڤا . لە دووری ڕووناکی گلۆپەکانی شەقامەکە و سنوری بینینی خەڵکەکەوە دوورکەوتەوە . کەمێك وەستا, وەك گەرەکی بێ لە تەك خوادا بپەیڤێ و گلەیی ڕۆحی گڕگرتووی بە خوا بگەیەنێ. سەرێکی بۆ قوڵایی تاریکایی ئاسمان بەرزکردەوە . ئاوڕی بە لای چەپ و ڕاستی خۆیدا دایەوە . کەزانی هەر خۆیەتی , دووگمەکانی پاڵتۆکەی بە ئارامی یەکەیەکە ترازان . دەرگای سنگی پاڵتۆکەی بەرەو ڕووی ئاسمان و ڕووبارەکە والاکرد . لەشێکی سەرتاپا ڕووتی بێ دەرپێێ و مەمکەوانە وکراس و

چاکەت و ملوانکە و گوارە وهیچ جۆرە بەرگێك . خۆی پیشانی خوا و چاوی پڕ عەشقی ڕووبارە بەستووەکە دا . هەوای سارد و تەزیووی گوێی ڕووبارەکە لە جەستەی ڕووتی ئاڵا. چەشنی کەسێك لەبیابانێکی گەرم وقرچە , لەشی ڕووتی بداتە بەر شەپۆلی شەماڵێکی فێنك . بۆ ماوەیەك سەرتاپای جەستەی ڕووتی دایە بەر دەمی تیژی سەرمای شەوەکە. لە تاو ئارامکردنەوەی بارە دەروونییکەی چاوەکانی لێکنا . کە لەشی ڕووتی بەر بینایی بەستووی ڕووبارەکە و چاوی ووردە ماچە هەڵوەریوەکانی عاشقەکانی شار کەوت , ڕووبارەکە و ماسییە تەنیاکان بۆ ماچی گۆپکەی مەمەکەکانی بوون بە هێز و شەختەی ڕووبارەکە شەقی برد . پەپوولە ڕۆحییەکان , بەبێ سرپە خۆیان خزاندە ژێر پاڵتۆ فەرووەکەیەوە و لە دەوری لەشی ڕووتی ئاڵان گەرمایی و بۆنی بنباخەڵ ودرزی گوومەزە خرپنە تاشراوەکەیان مژی . هەموو جەستەی پەمەیی پارچەیەك لە پشکۆ بوو . لەو شەوە تەزیوەدا حەزی سێکس وخۆشەویستی بۆ جووتبوونی نێرینەیەك قوڵپی بە خۆینی دەدا. دوای ئەوەی پلەی گەرمای جەستە و ڕۆحی بە هەوای تەزیووی شەوەکە ئارام بوونەوە . یەخەی پاڵتۆکەی لێکنایەوە وبە هەمان ڕێچکەدا گەڕایەوە . پەپوولەکانی ڕۆح کە ئەم دیمەنەیان بینی, بۆ ئەوەی

ئەم هەواڵە نهێنییە بە جەستە ترسنۆکەکە بگەیەنین , بە پەلە گەڕانەوە ناو جەستەی قاوە خانەکە و بەسەرهاتی ئافرەتەکەیان بۆ گێڕایەوە . جەستەی ترسنۆکیش گوێی لە ڕۆحی دەگرت و ئاهی پەشیمانی دەڕشت, چاوەکانیشی بڕیبووە سوور بوون و سەوز بوونی گلۆپی ترافیکلایتەکە . چاوی بەڕوو و باڵا و دەستە تێکەڵاوەکان . زەدەخەنەی ڕووەکان و پێکەوە بوونە جووتەکانی دەگێڕا و .وەك پزیشکێکی دەروونی مەزەنەی دەکردن . گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی تەنیاکان لە جووتەکانی زیاترن , هەندێ لە جووتەکانیشی بە تەنیا دادەنا لەبەر دیدەی ڕۆحی ئەمدا .. ڕۆحیان بە فرسەق لەیەکەوە دووربوون .

( تەنیا من لەم دونیایەدا تەنیا نیم .... ئەو ئافرەتەش یەکێك بوو لە سوپا تەنیاکانی ئەم دونیایە , دەبێ چی بێ تەنیاکانی ئەم دوونیایە یەکتری ناکەن بە جووت ؟ بۆ یەکتری نادۆزنەوە ؟ شۆڕشێك بەرپاناکەن ؟ ڕەگی تەنیایی لە کۆمەڵگادا لە بنەوە هەڵناکێشن ؟) .

هیوای بە شەوێکی جووت نەما. داوای کەپۆچینۆیەکی تری کرد و بەنیازی نووسینی بابەتێ تیانووسە بچکۆلەکەی بەرباخەڵی دەرهانی .. وەك خویەك لە نێوان نووسینەکیدا .جارجارە سەری هەڵدەبری و دەیڕوانیە خەڵکەکانی ئەمبەر ئەوبەری شەقام و

بەر ترافیكلایتەكە . لە سەیركردنێكا لەو بەری شەقامەكەوە چاوی بە خانمەكە كەوتەوە وەستابوو بۆ پەڕینەوەی بۆ ئەم بەری قاوەخانەكە , ئەمجارەیان بە بینی , لەش و ڕۆحی بوون بە پارچەیك حەز وكەوتنە لەرزە و چاوەڕوانی ژوانێكی كتوپڕ پێش ئەوەی گلۆپەكە سەوز ببێ نیوەی كەپۆچینەكەی بە جێهیشت و 300 ڕۆبلی لە سەر مێزەكە دانا , پالتۆ ڕەشە ئەستورەكەی لەبەركرد , ملپێچەكەی بەخێرایی و بە شلی لەمل ئالاند , چووە بەر ترافیكلایتەكە , چاوەڕێی سەوزبوون و پەڕینەوەی خانمەكەی دەكرد.

كە ترافیكلایتەكە سەوز بوو خانمە قژ زەردەكە بەهێمنی پەڕیەوە و بە بەردەم ئەمی وەستاودا گووزەریكرد .چاوی بە ڕوویدا خشاند .ڕوویەكی خرپنی سور هەلگەڕاو , جووتێ چاوی شینی سنووررەشكراو دوولێوی قەویی بێسوراوی تەڕ, دیمەنی خانمێكی قەیرەی سێكس سووتاوی دەنواند , بە لای ڕاستی شەقامەكەدا ڕۆیشت . ئەویش بەپێی خێرایی هەنگاوەكانی خانمە قژزەردەكە هەنگاوی دەنا , هەندێ جار بۆ ئەوەی نهێنی تواندنەوەی كلۆ بەفرەكانی سەری بزانێ لیێ نزیك دەكەوتەوە .... ماوەیەكی زۆر لە دوایەوە بوو تا شەقامەكە بەرەو چۆلی ڕۆیشت .. ئافرەتەكە هەستی بەوە كرد كەسێك بە خێرایی

هەنگاوەکانی ئەو هەنگاو دەنێ و دوای کەووتوە . لە ژێر ڕووناکی چەپکە گڵۆپێکی دیکۆری شەقامەکەدا ئافرەتەکە هەڵوێستەیەکی کرد و ئاوڕێکی خێرای لێدایەوە . هێندە هەنگاوەکانیان لە یەك نزیك بوو لە ئاوڕی ئافرەتەکدا ڕووبەڕووی یەك بوونەوە . نێوان هەناسەکانیان بە هاڵاوی دەمیاندا دەپێورا . ئافرەتێکی قژ زەرد و چاو شین و ڕووسوور هەڵگەڕاو. ڕوویەکی گەنمرەنگ و دووچاوی قاوەیی ژێر چاویلکەیەکی پزیشکی و قژێکی درێژی ڕەشی بەستراو و باڵایەکی کەڵەگەت . بێ ئەوەی پێبزانن , ڕۆحە تینوەکانی جەستەیان تامی یەکتریانیان مژی . ئافرەتەکە بە سەرنجی لە دیکۆری پیاوەکە گەیشت .

( ئەم پیاوە , پیاوێکی بڤە و خەڵکی ئەم شار و وولاتە نییە .)

تکایە ئارام بە . من پیاو خراپ و بڤە نیم . گەرەکمە بتناسم و کەمێك لە تەکدا بدوێم .....

کەوتنە دوواند .

– زور دەمێکە دەزانم دوام کەوتووی .؟

ئەو پرسیاری دەکرد و ئەم زمانی لە نێو دەمیدا گرێی لێدرابوو , ڕۆحی لە مژینی دەم و لێو لووت و چاو ڕوومەتیدا بوو .. ئافرەتەکە کەزانی میوانی شارەکەیانە و تەنیایە , زیاتر باوەشی بۆ ناسینی کردەوە ... چاویان

بڕیبووه چاوی یەکتری , پردی چاویان بەڕەنگی تاڵی حەزی قاوەیی وشین هەڵبەست .... هێشتا لێویان تامی یەکتریان نەمژی بوو , بۆ نزیك بوونەوەی جەستەیان بەدەم ڕۆیشتنەوە پەنجە کاڵپێستەکانی تێکەڵاوی پەنجە تووکاویە گەرمەکانی کرد , بە پلەی گەرمای ناو لەپی دەستی تووکنی پیاوەکەدا , هەستی بە گەرمی ناو گەڵ و سنگی زبر و پێستیکی گەنمرەنگی پڕ شیرئاو ( شەهوەت ) کرد , بە ووردە قسەوە ڕۆیشتن و لە کۆڵانێکی تاریکی بە گڵۆپی کز ڕووناك کراودا , لە بەر دەرگایەکدا وەستان . پیاوەکە چاوەڕێی میوانداری خانمەکەی دەکرد و خانمەکەش چاوەڕێی مژینی لێوە قاوەییەکانی پیاوەکە بوو. بە پلیکانەیەکی تاریکی داتەپیوی ساختومانێکی ماندودا سەرکەوتن , لە قاتی سێهەمدا , ئافرەتەکە دەرگایەکی کردەوە وفەرمووی بۆ ژوورەوە لێکرد . تاقە ژورێکی زۆر پاك و ڕێکخراو .

(چایەك بخۆینەوە یان پێکچۆڵکەیەك فۆدگا . با کەمیك دەروونما گەرم رابێ ,,)

بەرامبەر یەك دانیشتن دوو پیكچۆلكەی فودگایان نۆشی ودووانەكە بوون  بە چوار بوون بە شەش , ئافرەتەكە هەر بە پاڵتۆ ئەستورە تووكنەكەیەوە دانیشتبوو .

- تۆ خەڵكی ئەم شار و وولاتە نیت ... بەم زستان وسەرما و سۆڵە چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە ,؟  بە ڕەنگی پێست و گەرمی پەنجەكانی دەستادیارە تۆ كوڕی  جوگرافیایەكی تری . هاتنت بۆ ئەم شارە  ئارەزووە یان پێویستی و كارە ؟  و بەتایبەتی لە كوتایی ساڵیشدا ؟؟؟

- هاتنم كار نییە .. ئارەزووە ,,,؟

- ئارەزوو!!؟ چ ئارەزوویەكی شێتت هەیە ,  بۆ وولاتیك كە سەرما مرۆڤەكانی بۆ چەند مانگێ ساڵانە لە ماڵەوە زیندانی دەكات .؟ وولات و شارێكی ترت نەدۆزیەوە لێرە گەرمتر بێت ,؟

- نەخێر هیچ ولاتێك هێندەی ولاتەكەی تۆ ڕۆحی مرۆكانی گەرم نییە ... من ڕێبوارێكی سەر هەلگرتووی ئارەزووەكانمم . گەرمی دەروونی سروشت ناپێوم ..پاكی و گەرمی دەروونی مرۆكان بۆمن  گرنگە . بڕوام بە ڕێكەوت . شتە نوێكان زۆرە . لە دەلاقەی نووسینەكانی پۆشكین و تۆلستۆ و گورگی و گۆگۆڵەوە .. دەروونی گەرمی عەشقی ئەم

وولأته ساردەم  پێواوه .. هاتووم هەناسه بدەم , هاتووم بۆ سەردەمێك به جووت بژیم , شوێنی من شوێنی کەپیتاڵ ومەتریاڵه  و مرۆڤەکانی ڕۆبۆتەن , شیرینەکان تاڵن . هاتووم له دەستپێکردنی ساڵی نوێمدا دیاریەك پیشکەش به ڕۆحی تەنیا و کاتم بکەم .

- ئەی بۆچی من ؟؟ چۆن له ناو شۆخەکانی ئەم شارەدا ڕۆحت یەخەی ڕۆحی منی گرت ..
- قەدەرێکه تۆ دەناسم . زۆر تر لەوەی که تۆ دەیزانی ئەوساتەی لەبەر ترافیکلایتەکەی قاوەخانەکەدا له پشتەوه به تەنیا بینمیت „ ڕۆحم به دواتدا وێڵی شەقامەکه بوو ... هەموو نهێنییەکانی ژێر پاڵتۆکه و هاڵاوی گەرمی  لەشی ڕووتی تۆ و حەزی ماسییه تەنیاکانی ڕووباری نیڤایان بۆ گێڕامەوه . من ئەودالْی ئەونهێنییەم که بزانم بەم هەموو جوانیەوه بۆ له شار و وڵات و مرۆڤەکانی خۆتدا تەنیایی ؟. بۆ تۆ تەنیا کەسێك بێ کلۆبەفرەکانی دەروونی تەزیوی ئەم شاره .. له سەر قژی تۆدا ئۆقره ناگرن ؟ زوو زوو دەبن به ئاو „„ کەس نازانێ ئەو هەموو قەتره ئاوه بەفرانه دەرژێنه کوێ و چ نهێنییەك له لەشی تۆدا هەڵیان دەمژێ ...خۆ

ناکرێ بڵێیت لەم شارە تەزیوە سپیەدا لەشم تینوێتی بە بەفراودەشکێ .

- ئەمە نهینی دوا کەتنەکەت بوو .. ؟
- کەواتە تۆ وێڵی چەند پرسیارێکی ... دوای دووپێکی تر و وەڵامی پرسیارەکانت , ئەم ماڵە بە جێدێڵی .
- نیازت نییە شەوەکەمان بە پرسیار بخنکێنی ؟ بۆچی هاتووی وێڵی چیت , چیت لە لای من و ئەم شار و وڵاتە دەروون وجەستە تەزیوە . ئەم ژوورە پر تەنیاییەی من بنیات ناوە ؟.
- دوای وەڵامی پرسیارەکانم . دەبم بە بەشێك نا , نا بە دەقێکی ڕۆمانسی نمایشی شەوێکی پڕ ماچ و تەکان . پاڵەوانی شەوێکی مێژوویيت .
- ناوت چی یە .؟
- درەنگ پرسیارت کرد .
- بۆ زانینی شتە نوێکان قەت درنگ نییە .
- ناوم .... ماشا یە .
- ئەی تۆ ... ناوت چی یە ؟
- چیرۆکی شەوەکەمان ناوم لێدەنێ ؟

لەتەك ئەم دەمە تەڤێیەدا . پەیتا پەیتا پێکە ڤۆدگا کورتە بنەکانیان دەنۆشی , کڵپەی دووجەستەی تەنیا وتینووی ناو ژوورێکی پڕهەناسەی مێژوویەکی تەنیا , ڕۆحی ڕۆمانسێتی گەرمی فۆدگاکە , تیشکە باریکەکانی چاوە شینەکانی ماشا و قاوەییەکانی ئەو . بوون بە پردی گەیشتنی هەردوو جەستەکە . وەك چۆك بۆ پەیکەری ڕووتی مریەم بدا , چووە بەردەم پێخەفەکە و لەبەردەم ئەژنۆ ڕووتەکانی ماشاداچۆکی دادا, لەپی دەستە تووکاویەکانی خستە ژێر چمکی پاڵتۆکەیەوە بە نیانی پەنجەکانی بە ئەژنۆ و شلکەی ڕانەکانیدا خشاند . دڵی پەنجەکانی بە گوومەزە خرپنە تاشراوەکەیدا گێڕا و پەنجەیەکی ترازاندە درزە لینجەکەیەوە و زمانە تووتەی بەر مووسەڵانی ختوکەدا . بە گەرمی لینجاوەکەیدا تێگەیشت پلەی گەرمای سێکسی لە قوڵپەدایە . پەنچەکانی لەبازی خست و هەستایە سەر پێکانی و بەرامبەری وەستا . وەك گەرەکی بێت زیاتر فێی بە سێکسی ماشا بدا ..بە هێمنی بەرگەکانی داکەن . جەستەیەکی ماسولکەدار و سنگێکی تووکن و باڵایەکی بەرزی گەنمڕەنگی ڕووت ..دەیزانی ئافرەت بە قژی

درێژی پیاوان زیرەی ڕۆح دەکەن . قژە بەستراوەکەی ترازان وبە چەند جار ملبادان خاویکردنەوە .لە بەر دیدەیدا وەستا.ماشا بەم دیمەنی خۆڕووتکردنەوەی فێلێهات لە سەر پێخەفەکە ڕاپەری و چنگی کرد بە کۆمەڵە تووکە ئاڵۆسکاوەکەی بەر مووسەڵانیدا . ویستی سوێراوی ڕێواسەکەی بمژێ. وەك ڕێژیسۆر و خاوەن بەرنامەیەکی سێکسی دووری خستەوە ...

بە پشتا ماشای لەسەر پێخەفەکە پاڵخست . دووگمە لە دوای دووگمەی پاڵتۆکەی ترازان . لەشێکی خرپنی باڵا کورت , بە جووتێ مەمکی قنج , بەر مووسەڵانێکی تاشراوی خرپن , دوو چاوی شینی پڕ شیرئاو ( شەهوەت ) وسێکسی , دەم و لێوویکی تەڕاوی ...چاڵناوکێکی نەرمینەی ڕازاو , بوو بوون بە پێکهێنەری جەستەی ڕووت . زۆر دەمێك بوو ماشا بێ سێکس بوو , چاوەڕوانی هێرشێکی دڕندە ئاسا , سێکسی پیاوی دەکرد ..ماشا چەند پەلەی تەکان و ماچی بوو ئەو ئەوەندە ئارام بوو .

– ئەی فریشتەی سەری ساڵی نوێم زۆر دەمێکە سوێراوی ڕۆحی پیاوم نەمژیووە . سوێند بەو ڕێکەوتەی من وتۆ

وکاتەکانمانی پێکەوە گرێدا , بە جوانیەکەت , بەئازایەتی و ئارامی ڕۆمانسییەکەت , ڕێگەم بدە بائیمشەو تا دوا تنۆکی تۆوی ڕۆحت بمژم . بڕوات بەوە هەیە لەم ژیانەی من وتۆدا تێیدا ڕووتین . تەکان دەدەین , ماچ دەکەین , باوەشی حەز بەیەکدا دەکەین . ژیانێکی تر دوور لەم ژیانەی ئێستامان هەیە . ئەگەر ئا ڕێگەم بدە با چەند قوم لە شیرئاوی ڕۆحت بدەم . دڵنیابە خوا زۆر میهرەبانە وپاداشتت ئەو بەهەشتەیە کە پەرتووکە پیرۆزە خەیاڵیەکان باسی دەکەن ؟ سەیری شۆخی و ناو گەڵی لینجاوی و خرپن و چاوی شین و گەردن و گۆپکە هەڵتۆقیوەکانی سەرسنگم مەکە . زۆر دەمێکە بێکەسم . قاشێکی لەش زبر نەبووە جەستە و ڕۆحی تینووم تێر ئاوی شیرئاوی بکات . ئیستا تۆ هەیت و میوانی ژوری نوستنە پڕ تەنیاکەمی ڕێگەم بدە . با ئیمشەو بیمژم و من بەختیار و تۆ بەهەشت . ئەمە یەکەم جار نییە بەرم پاك دەتاشم و گومەزی بەر موسەڵانم بۆندار دەکەم . زۆر دەمێکە چاوەڕێی ڕێکەوت دەکەم . سکاڵای ئەم ڕۆحە تەنیایەم بەرەو ڕووی دادگای (بێدادی ) خوا دەکەم . تەمەنێکی تەمەنم بەبێ بۆنی نێرینە بەڕێدەکەم . ئێمشەو دوا شەوی ساڵێکی تەمەنمە , تەمەنمانە . تەمەنی هەموو بوونەکان ساڵێك دەترازێت ؟ نازانم ڕۆحم بوو

یان فریشتەکانی خوا لە سەرەتای ئیمڕۆدا بە گوێمیان, چرپان ئیمشەو خوا گویێ لە نزا ئاگراوییەکانی دەروونت گرتووە . فریشتەیەك بە ڕێوەیە . فریشتەیەك لە جوگرافیای ڕۆحێکی نامۆ  پەروەردە بووە دێت و چاوەڕێی بکە . بۆیە . لە سەرەتای ڕۆژی ئیمڕۆمەوە خەریکی ڕازاندنەوەی جەستەمم بۆ فریشتەی چاوەڕوان . درەنگ هاتی بۆیە ناچار بوم بەم شەوە تەزیوە بە ڕووتی بچمە سەر دۆخی ڕووبارەکەو لەشی ڕووتم نیشانی خوا بدەم . ئەوپرسیارەم لێکرد .. کوا فریشتەکەت . خوا زۆر ئارامە . زۆر بە توانایە . من چاوەڕێی ڕێکەوتم . تووکەکانی بەر و بن باخەڵم پاك تاشی , گەندەمووەکانی دەووری  برۆم هەڵگرت .چەرچەڤ پێخەفەکم گۆڕی ماڵم لە بۆنی بارفۆمی سێکسی هەڵکیشا . بە دیار ماڵە تەنیاکەم و چاوەڕوانی هاتنی فریشتەکەم . ڤاپێ ڤۆدگام نۆشی . کەسێك لەدەرگای ماڵی چۆڵی نەدام . لە بێ هیواییدا دەستم لە باڵای شاری تەزیوو کرد . سەرتاپای جەستەم لە گشت بەرگێك بڕی . تەنیا پاڵتۆکەم لەبەرکرد . چوومە سەر ڕووباری نیڤا تا سکاڵای دڵم . نا ڕۆحم و نا سەرتاپای جەستەم بەخوا نیشان بدەم , پێیبڵێم , ئەم هەموو جوانیەت پێبەخشیوم . وەلی لە گەرمی ڕۆحی نێرینە بێبەشت کردووم

. پەپوولەکانی ڕۆحی تۆ تەنیا باسی گەرمی شیرئاو وبۆنی پارفۆمی بنباخەڵی منیان بۆ گێڕایتەوە . وەلێ لە چرپەکانی نێوان من و خوا تێنەگەیشتن کە چۆن گلەییەکم لاکرد .

( ئەی نمونەی دەستکردە جوانەکانم , ئیمشەو فریشتەیەکی گەنمڕەنگی سێکس گرِی . باڵایەکی بەرز و قژێکی درێژ و ڕۆحێکی ڕۆمانسی دەبێتە هاو هەناسەی تەکانەکانت . ئاخر ئەو شێوە نێرینانە ویستی چەند ساڵەی تۆی پێست کاڵ و چاوشین , قژ زەردە , ئەو نێرینەیە ئەو وێنەیە کە زۆر دەمێکە لە مۆزەخانەی حەزتدا حەشارتداوە ) خوا وتی:. خوا دڵخۆشی دامەوە ووتی .

تۆ تەنیا تەنیایەك نیت , سوپایەك تەنیا هەن و بەدوای جووتێ تەکان و تەوقەی ماچ و باوەشی حەزدا وێڵن . ئەو فریشتەیەی ئیمشەو دەبێتە میوانی پێخەڤ نووستنەکەت , تەمەنێکە تەمەن بە تەنیا بەڕێدەکات . زۆر دەمێکە حەزەکانی بۆ باوەشی نیانی ئافرەت مەلۆدەکات . غەمت نەبێ ئەو گەنمڕەنگە دەروون پڕ حەزە ئیمشەو بەختیارت دەکات . تینۆێتیت دەشکێنێ . ئارامبگرە و ژیان بە کێشەکانەوە جوانە . ئەمە خەوی

دوێنی شەوی من و گفتوگۆی من و خوا بوو . بە پیرۆزی خودا سوێندت دەدەم با جارێك سوێری ڕۆحت بمژم , بەڵێن بێت دەبم بەو ئافرەتەی تۆ لە حەزتدا , لەویستدا , لە هیواتدا , لە بوونتدا , ئاخ لە هەموو ویستەکانتا نەخشاندووتە .

( من دەزانم تەنیاکانی ئەم دونیایە گشتیان تینوون ومنیش تینووم فەرموو ئەمە جەستەی گەنمڕەنگ لە تەك جەستەی پەمەییتدا . قاوەیی چاوەکانم لەتەك ڕەنگی شینی چاوی خۆتدا تیشکی پەلکەزێڕینەی سێکسی پێدروست بکە . من ئێستا کۆمەڵێ ڕەنگ و بۆن و حەز و هەستم .ئیمشەو خۆم بە دیاری سەری ساڵی نوێ بە پیرۆزی و ڕێزی مرۆڤ پێشکەش دەکەم . ئەوەندەی دەتوانی تەڕایی لەشم بە نەرمۆڵەی بەرموسەڵان ولێوەکانی دەمت بمژە . ئەوەندی ڕۆحی برسیت گەرەکێتی بۆنی لەشم و بنباخەڵ وبەر مووسەڵان و سنگی تووکنیم هەڵمژە . منیش تەمەنێك تەنیام و ئافرەتە مەتریالیستییەکانم تڕۆکردوە . وەرە با پێکەوە یەکتری جوان بکەین . یەکتری بەختیار , ئاسودە , ئازاد , بۆن خۆش , تەمەن درێژ , چرکەکانمان

تەندروستیدار , هەمووبوونە جوانەکانی سروشت جوانتر بکەین . من بەبێ تۆ تاکم . تۆ بەبێ من تاکی . تۆ بەبێ من بێ تامی . بێ کەڵکی بێ بەرهەمی بێ تەکانی , بێ ماچی خۆتی , تۆ بێ هەموو پێداویستییە سروشتییە خواییەکانی . منیش وەك تۆ . کەواتە وەرە ئەی فریشتە ڕووتە قژ زەردە ناوگەڵ گڕگرتووی شارە سپییە تەزیوەکەی سانپیتربۆرگ , چەند ڕکات نوێژی سروشت بۆ ڕۆحیانەتی پۆشکین بکەین . ئەزانی بۆ ؟ چونکە هەر ئەو لە ژیان و خۆشەویستی و ڕێزی مرۆڤ گەیشتبوو . من لەپێش تۆوە . سوێراوی درزە لینجاوێکەی تۆ دەمژم تۆش ئەوەندەی گەرەکتە , نائەوەندەی تینوێتی ڕۆحت دەشکێ سوێراوی ڕێواسەکەی بەرمووسەڵانم بمژە . ئاخر وایە , خوا کارەکانی جوانە تۆی مێ و منی نێری بۆ یەك هاتوینەتە بوون .

لاقێکی ماشای بەرزکردەوە وپەنجەکانی پێی یەکەیەکە بۆ مژی . چەپکە برووسکەیەکی ماشا قەبارەی ژوورەکەی پڕکرد . ماچەکانی ووردە ووردکردنەوە. وەك لەسەرجەستەی ماشا بارفۆمی(عەتری)بەهەشتی

پەرشبووبێت, گەرەکی بێت بە سەری زمان کۆیانبکاتەوە . دەنك دەنك ئارەقە شیرئاوەکانی جەستەی ماشای قوتدەدا .تا زمانی گەیاندە سەر گوومەزە تاشراوە خرپنەکەی . بە دووپەنجە درزەکەی والآکرد , بە نیانی زمانە تووتەی نێو لینجاوەکەی مژی . ماشا لە تاو گەرمای قوڵپەی حەزەکانی جەستەی لە بزواند کەوتبوو . تەنیا هاوارە ڕوحیەکانی بوونی دەسەلماند . دوو جەستەی تینوو . بوون بە تابلۆیەکی چەند ڕەنگ تێکەڵاوی سەرپێخەفەکە .

ماشا خۆی ترازانە سەرەوە . بە مژینی وورده ئارەق و بۆنی سنگی نێرنەی ئۆقرەی سێکسی نەشکا . بە وورده ماچ بە سنگی توکنیدا خلبۆوە . تا گەیشتە کۆێستانی تووکە ڕەشە ئاڵوسکاوەکانی بەر مووسەڵانی . زۆر تینوو بوو. دەمی لە ڕێواسە سوێرەکەی ڕۆحی بەرنەدا تا فچقەی پێکرد و دوا تنۆکی قووتدا .

بۆیەکەمجار لە تەمەنی 31 ساڵیدا لە تاقە شەوێکدا سێ جار پەپوولەکانی ڕەحەتبوونی بە بەهەشتی ڕۆح شادبوون . سەری لەسەر سنگە توکاوییەکەی دانابوو , بەدڵی پەنجە و نینۆکە درێژە سوورکراوەکانی بازی بە

تووکەکانی جەستەی دەکرد  چاوەشینەکانیشی بڕیبووە کلۆ بەفرەکانی دەرەوە . بیری لە داهاتووی ئەم دووجەستە تینووە دەکردەوە . بەدەم بیرکردنەوەوە خەویان لێکەوت .

ماشا کە بەیانی لە ئامێزی خەوە ڕەنگاڵەیەکانی بەئاگا هاتەوە .، بە هەموو بوونی بە دوای بوونی ئەودا دەگەڕا . هەر تەنیا خۆی لە ژوورە تەنیاکەیدا  بەڕووتی مابوو.

نامەیەکی لەسەر پێخەفەکە بێ ژمارەی تەلەفون و ناونیشان وئیمایل بۆ بەجێهێشتبوو .

بۆی نووسی بوو .

– ماشای نازدار :  دوو سەری ساڵی تەمەنم بە تەنیا بەڕێکرد . ئیمساڵ تۆ منت جووتکرد . سەری ساڵەکەمت بۆن خۆش و نازدارکرد . نە تۆ , نە ماچەکانت . نە گەرمی تەکان  و گڕی حەزەکانت , لە میژوومدا کاڵ نابنەوە .  تا ڕێکەوت و ژوانێکی ڕۆمانسی تر یادتت بەخێر ..

ماشا قەدەرێکی زۆر لە سەر پێخەفەکەی بەڕووتی باوەشی بە خویدا کرد و بیری لە بینین و پەیداکردنی ئەو فریشتە فڕیوەی

**باوەشی دەکردەوە .... چەند جارێ نامە بچکۆلەکەی خوێندەوە...**

**لە ژێر ڕستەی**

**( تا ڕێکەوت و ژوانێکی تر )**

**نووسی**

**منیش چاوەڕوانتم .**

2004/01/01 **سانپیتڕبۆڕگ**

## DIE GEHEIMNISSE MEINER *ZUNGENSPITZE* UND DEINEN *BRUSTWARZEN*

Vorwort

Wie ist das Leben schön? Was ist das Leben? Eine sehr schöne, tief greifende und wichtige Frage. Ich wünschte, alle Menschen dieser Erde hätten die Wahrheit des Lebens begriffen….
Das Leben ist eine Gabe Gottes (Wenn es ihn gäbe) oder ein Geschenk der Natur an die Menschen. Sicherlich wissen wir, dass auch

der Mensch ein Geschöpf ist, jedoch schönste, intelligenteste und gefährlichste aller Geschöpfe. Wir alle sind die Folge einer natürlichen Fruchtbarkeit. Lasst uns vom Leben der Menschen reden:

Der Sterbliche wird nach seinem letzten Atemzug (seinem Tod) der Wärme, der Freude und der Schönheit des Lebens nicht mehr begegnen. Es stellt sich die Frage, ob der Mensch nach seinem Tod im Jenseits wieder leben kann? Soll es das Ewige geben? Bis heute gibt es nichts, was helfen kann diese Fragen zu beantworten.

Wir Menschen sollten glücklich leben, solange wir dieses Glück auf menschliche Art erlangen können; nicht jedoch auf Kosten anderer, indem wir deren Dasein, Freiheit und Freude gefährden. Denn genau an diesem Punkt beginnen blutige Konflikte zwischen den Menschen.

Sigmund Freud (geb. 1856 in Moravia) zählt im Bereich der Psychologie zu den bekanntesten Wissenschaftlern seiner Zeit. Als talentierter Psychoanalytiker zeigte er durch seine Studien und Untersuchungen den

Menschen ein neues Bild des Lebens und von ihnen selbst. Er deckte das wahre Gesicht (bedeckte Gesicht) der menschlichen Psyche auf, welches durch Tabuisierung seitens der Kirche und der Tradition verheimlicht worden war.
In seinen drei Artikeln aus dem Jahre 1905 schreibt er über die Sexualität und entdeckt viele Geheimnisse, die zuvor verborgen waren.
Freud behauptet, dass die sexuelle Lust beim Kind schon früh geweckt wird, während es gestillt wird. Der Säugling befriedigt seine sexuelle Erregung durch die Mutterbrust. Dies nennt Freud „Oralphase“. In diesen drei Artikeln werden ausführlich die Phasen, die Fähigkeit und die Erregung der menschlichen Sexualität dargestellt.
Schon zu seiner Zeit rief es keine Hindernisse oder Schwierigkeiten in Europa hervor und wurde von der Gesellschaft akzeptiert. Freuds Leben waren dadurch nicht bedroht.

Trotz der Zeit der Entwicklung von Technologie und Globalisierung wird heute in

der islamischen Gesellschaft starrsinnig und primitiv das Thema Sexualität tabuisiert. Dazu zählen auch die seelischen Bedürfnisse der Menschen, die natürliche Schönheit der Frauen, sowie ihre Bedeutung und Werte in der Gesellschaft.
Wenn ein Schriftsteller in dieser Gesellschaft über die Sexualität schreibt und sich für Frauen und ihre Rechte einsetzt, muss er damit rechnet, hart bestraft zu werden: Darauf folgt in der islamischen Gesellschaft die Todesstrafe.
Sex ist nicht alles im Leben, aber er ist ein natürlicher Prozess, der das Leben schöner und angenehmer gestaltet. Sex beruhigt die Menschen von seelischer und körperlicher Unausgeglichenheit und Anspannung und gibt dem Leben Dauerhaftigkeit.

Die schönste Schöpfung Gottes sind zwei verschiedene Geschlechter (weiblich und männlich), nicht nur bei Menschen, sondern bei allen Lebewesen wie Tiere und Pflanzen. Beide Geschlechter brauchen einander und

sind füreinander geschaffen. In ihnen liegt alle Fruchtbarkeit der Natur.

Wenn wir die Natur als einen Garten betrachten, dann ist die schönste Blume in diesem Garten die Frau. Diese Blume wird, bildlich gesprochen, noch schöner, duftender, fruchtbringender, achtungsgebietender, wenn sich ihre Schönheit, der Duft ihres Körpers, ihre Gefühle und die Lust ihrer Seele der Natur des Mannes hingeben und die beiden miteinander verschmelzen. Auch wenn durch diese Verschmelzung kein Kind gezeugt wird, wird ihr gemeinsames Leben einfach schöner und bunter.

Der kurdische Schriftsteller Scherzad Hassan dagegen beschreibt, wie die Schlafzimmer seiner Heimat oft jede Lust und Freude ersticken. Hassan ist nicht nur Schriftsteller, er ist auch Sozialwissenschaftler und Psychologe.

Er kennt die seelischen Verstrickungen der Menschen seiner Heimat sehr gut. Die Sexualität der Menschen ist oft sehr freudlos, die Seele der Partner und der Respekt vor der Persönlichkeit des anderen spielen keine große

Rolle. Ihre Körper und ihr Geist bleibt einsam, sie bleiben sich fremd, weil sie sich nicht durch freien Willen aneinander gebunden haben, sondern durch den Zwang von Autoritäten, von Traditionen und gesellschaftlichen Vorschriften. Die Schlafzimmer duften nicht von der Begegnung der Seelen, sondern riechen nach seelenlosen Körpern. Der einzige Grund für diesen Missstand ist die islamische Gesellschaft oder besser: die primitive, starrsinnige, fundamentalistische Form davon.

Wenn im „heiligen Nest" des Menschen, also in seiner Familie und in seinem Zuhause, falsche Samen eingepflanzt werden, indem der Sex seelenlos bleibt und die Eltern sich nicht lieben – wie wollen sie es schaffen, ein Kind durch Liebe zu erziehen? Die Liebe ist unentbehrlich für den Körper und das Leben. Wie könnte das Leben in einer Gesellschaft weiter gehen, in der die Liebe tabu ist? Welche Bedeutung hätte es dann noch? Es stimmt, dass noch im Jahr 2004 in der muslimischen Gesellschaft tagtäglich Frauen

durch Zwang verheiratet werden. Frauen und ihre Liebe werden Opfer ihrer Väter, Brüder, Onkel, eben einfach Opfer männlicher Personen.

Worüber ich berichte, ist nicht neu. Die Rede von Sexualität, ihre Analyse, Untersuchungen zum Thema hat mit der Bildung und mit der Zivilisation einer Gesellschaft zu tun. Für mich ist es nicht leicht, darüber zu schreiben, insbesondere nicht für die Gesellschaft islamischer Kurden, die immer noch am Aberglauben, der Religion und all den Dingen, die damit verbunden sind, festhält. Aber ich gebe mir Selbst alle Freiheit beim Schreiben. Denn es ist meine tiefste Überzeugung, dass der Mensch frei ist,– deshalb will ich auch in meiner Arbeit frei sein. Die männliche Autorität in der Gesellschaft, die Frauen wie Tiere behandelt, erwächst aus einer primitiven Kultur, die wiederum von der islamischen Religion beeinflusst wird. Denn der Koran und seine Suren beruhen auf der Unterdrückung und dem Tod des Menschen. In einer Sure (Anfal) im Koran wird diese schöne Blume,

von der ich berichtet habe, mit einem Tier gleichgestellt, deshalb werden Frauen wie Kamele verkauft oder zum Kriegsgewinn zugezählt. Wie der Koran auf der Unterdrückung der Menschen beruht, zeigt sich am Leben des islamischen Propheten. Im Mohammeds Haus lebten nicht nur seine neun Frauen, sondern auch zwei Dienerinnen. Nicht nur mit seinen Frauen, sondern auch mit den Dienerinnen trieb Mohammed seine sexuellen Gelüste. Nur der Gott und diese Dienerinnen wissen wie oft der Prophet deren Hände, Füße und Körper mit großem Interesse berührt und geküsst haben. Dennoch ist das Thema Sexualität in der islamischen Religion verboten, obwohl wir wissen, dass Sex ein natürlicher Prozess ist und darüber zu reden für Menschen notwendig ist. Über Sexualität zu sprechen heißt, in die schönen Bilder und wunderbare Träume des Lebens der Frauen und Männer hineinzusehen.

Wenn ein Mann vom Sex spricht, wäre es wahrhaft poetisch, wenn er sagen würde, dass der schönste sexuelle Atemduft aus dem

Inneren der Frau heraus fließe. Umgekehrt wäre es wunderbar, wenn die Frau die Rolle des Mannes bei der sexuellen Ekstase würdigen würde. Ich bin mir sicher, in dieser männerdominierten Gesellschaft, insbesondere in der primitiven kurdischen Gesellschaft, werden die Männer sich nicht trauen, über Sex zu sprechen. Ebenso wenig werden sie den Wert und die Schönheit der Frau anerkennen und ihren Frauen und Töchtern erlauben, unverschleiert zu gehen. Sie werden, wenn sie diese Kurzgeschichten von mir lesen, bestimmt erregt und begeistert sein. Aber niemals werden sie die Lektüre ihren Frauen und Töchtern erlauben.

Das ist die Krankheit der islamischen Gesellschaft, dass sie nur den Männern erlaubt, alles zu genießen. Meine Absicht, die Absicht meiner Kurzgeschichten ist es, dieser Einstellung der islamischen Männer eine Ohrfeige zu verpassen. Wenn man Geschichten schreibt, geht es nicht nur darum, Vergangenes in ästhetischer Form zu erzählen, sondern es geht darum, dass sich etwas verändert. Negatives soll sich zum Positiven

hin verändern. Das Schreiben ist ein Kampf um Frieden und für eine menschliche und ruhige Welt.

Jaza Chingiani

Übersetzt von
Esra u. Sherko Chingiani

سوپاس بۆ ئەم بەڕێزانەی کۆمەکیان پێکردووم :

هاوڕێی نووسەرم کاك ئەنوەر محەمەد
برای بەڕێزم شاعیر ئەکرەم خامۆش
هونەرمەند شێرکۆ چنگیانی و هاوسەرەکەی ئیسرا خانم
برای بەڕێز

Hans- Reinhard Tews

**ئەرکی کاری کۆمپیۆتەری هەڵگرت**

**سوپاس بۆ ئەوەی ڕەخنە دەگرێت**